دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکرات و فیدراڵدا

# کوردستان

ژمارە: ٥٦٩
www. kurdistanukurd.com
شەممە ٣٠ی ڕەزبەری ١٣٩٠ - ٢٢ی ئۆکتوبر ٢٠١١ ● ١٥٠ تمەن ● ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

سیاسی

وڵامێک بۆ ڕێکخراوی یەکیەتیی فیدائیانی گەلی ئێران
٣

سیاسی

هانا بردن بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی مافی ڕەوای زۆر لێکراوانە
٤

کۆمەڵایەتی

سزای ئێعدام و بەرهەمهێنانەوەی توندوتیژی
٦

ژنان

ئاشتیخوازیی ژنان، لاپەڕەیەکی زێڕینی مێژووی مرۆڤایەتی
٨

### لە ١٥ ساڵەی تەحویلدرانەوەی پۆلێک تێکۆشەری دیموکرات دا:

# حیزبی دێموکرات تاوانی هاوبەشی «بزووتنەوەی ئیسلامی» و ڕێژیمی ئێران لە دژی ڕۆڵەکانی، لەبیر ناباتەوە




١٥ ساڵ دوای کردەوەی تیرۆریستیی و شەرماوەیی «بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستانی عێراق» کە بریتی بوو لە تەحویلدرانەوەی ٦ کادر و پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات بە کۆماری ئیسلامی، دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، نامەیەکی سەرئاوەڵای لەو پێوەندییەدا بڵاو کردەوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان، ڕووی بانگەوازەکەی کردۆتە زۆر لایەنی کورد، عێراقی و جیهانی و دەیەوێ، گوشار بخەنە سەر ڕێکخراوی ناوبراو بۆ ئەوەی بەرپوەبەرانی ئەو ئینسانفرۆشتنە، ئاشکرا بکەن و بیان سپێرنە دەستی عەداڵەت.

شایانی وەبیرهێنانەوەیە کە ٦ کەس لەو پۆلە تێکۆشەری دیموکرات، دوای ئەوەی لە لایەن «بزووتنەوەی ئیسلامی» لە هەڵەبجە گیران و تەحویلی ڕێژیمی ئێران درانەوە، بێ سەر و شوێن کران. ٧ ساڵ دوای ئەو ڕووداوە، دەرکەوت کە کۆماری ئیسلامی هەر ٦ کەسەکەی شەهید کردوون. لە نامە سەرئاوەڵاکەی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا هاتوە کە ئەم حیزبە، هەتا بەرپوەبەرانی ئەو تاوانە ریسوا نەکرێن و نەدرێنە دەستی عەداڵەت، کۆڵ نادا.

نامەی سەرئاوەڵا

## بەبۆنەی ١٥ ساڵەی تاوانی هاوبەشی بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان و کۆماری ئیسلامی لە دژی حیزبی دێموکرات

بۆ بەڕێزان:

- هەر سێ سەرۆکایەتیی بەڕێزی هەرێمی کوردستان، پارلمانی کوردستان و حکوومەتی هەرێم!
- بەڕێوەبەرایەتیی دەزگا حکوومی و قانوونییە پێوەندیدارەکان لە هەرێمی کوردستان!
- نوێنەرایەتیی سیاسیی وڵاتانی جۆراوجۆری جیهان لە عێراق و هەرێمی کوردستان!
- سەرجەم حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتییە نیشتمانپەروەرەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق!
- شووڕای مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ، ڕاپۆرتێری تایبەتی بۆ لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران هێژا ئەحمەد شەهید!
- ڕێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤ!
- ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێخۆشبوون!
- کۆمەڵە و ناوەند و دامەزراوەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە کوردستان!
- میدیای ئازاد و دامەزراوە مەدەنییەکان!
- تێکڕای ئۆگران و خوازیارانی دادپەروەری لە کوردستان، ناوچە و سەراسەری جیهان!

لەگەڵ ڕێز و سڵاوی تایبەت دا،

وەبیرتان دێنینەوە کە ١٥ ساڵ لەمەوبەر، شەوی ١٩ لەسەر ٢٠ی ئۆکتۆبری ١٩٩٦ (٢٨لە سەر٢٩ی ڕەزبەری ١٣٧٥ی هەتاوی)، حەوت تێکۆشەری حیزبی دیموکڕات بە ناوەکانی ١- ئەرشەد ڕەزایی ٢- محەممەد عەزیز قادری ٣- داریووش ئیسلامدووست ٤- یوونس محەممەد پوور ٥- عەدنان ئیسماعیلی ٦- موزەففەر کازمی ٧- مەعرووف سۆهرابی، لە نزیک شاری هەڵەبجەی باشووری کوردستان ، لە لایەن چەکدارەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستانی عێراقەوە بەدیل گیران و تەحویلی کۆماری ئیسلامیی ئێران درانەوە.

بۆ ماوەی چەند ساڵ، حیزبی دێموکرات و بنەماڵەکانی ئەو تێکۆشەرانە، سەرەڕای هەموو هەوڵێکیان، نەیانتوانی هیچ زانیارییەک لەبارەی چارەنووسی ئەو پۆلە تێکۆشەرە دوای تەحویل درانەوەیان بە ڕێژیمی ئێران، بە دەست بێنن. تەنیا یەکێک لە تەحویلدراوەکان بەناوی داریووش ئیسلامدووست، لە کاتێکدا دەزگای تیرۆر و جاسووسیی کۆماری ئیسلامی دەیەویست بۆ بەڕێوەبردنی پیلانێک لە دژی حیزبی دێموکرات لە خاکی کوردستانی عێراق دا بەکاری بێنێ، لە دەرفەت کەڵکی وەرگرت و گەڕایەوە نێو هاوسەنگەرانی. ناوبراو لە چەند وتووێژی ڕۆژنامەنووسی و رادیۆیی دا، پەردەی لەسەر پیلانی شەرماویی هاوبەشی بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستانی عێراق و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەدژی خۆیان لادا و چۆنیەتیی بەدیلگیران و تەحویلدرانەوە بە دەزگای ئیتلاعاتی ئەو ڕێژیمەی لەقاو دا.

بەدوای هەوڵێکی بەرینی حیزبی دیموکرات لە ڕادەی نێونەتەوەیی دا و پاش گوشاری ڕێکخراو و کەسایەتییە سیاسییەکان و ناوەندە مرۆڤدۆستەکان بۆ سەر ڕێژیمی ئێران بە مەبەستی ئاشکرا کردنی چارەنووسی ٦ پێشمەرگەی سەر بەو حیزبە، سەرئەنجام مورتەزا سەرمەدی باڵوێزی ئەوکاتی کۆماری ئیسلامی لە بریتانیا، ڕۆژی ٢٩ی مارسی ٢٠٠٤، لە وڵامی نامەی بەڕێز جێرمی کۆربین، جێگری سەرۆکی گرووپی مافی مرۆڤ لە پارڵمانی بریتانیا، دانی بە کوژرانی ئەو ٦ کەسەدا نا.

ل ٣

## ناردنی پەروەندی ئێران بۆ شورای ئەمنییەت



بان کی مۆن، سکرتێری گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی دووشەممە٢٦ ڕەزبەر ڕایگەیاند کە پەروەندی کۆماری ئیسلامی ئێران سەبارەت بە گەڵاڵەی تیرۆری باڵوێزی عەرەبستان لە ئامریکای بۆ شورای ئەمنییەتی نەتەوە یەکگرتووەکان ناردوە.

شەممە٢٣ی ڕەزبەر، هەواڵدەریی ڕەسمی عەرەبستان، ئێسپا، ڕایگەیاند کە عەبدوڵڵا ئەلموعەلیمی، نوێنەری عەرەبستان لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە دەست تێداهەبوونی لە تیرۆری باڵوێزەکەی شکایەتی لە ئێران کردوە.

نوێنەری عەرەبستان لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند کە هەموو ئەم کەسانە دەبێ لێیان بپرسرێتەوە کە دەستیان لە پیلانی تیرۆری باڵوێزی عەرەبستاندا بووە.

هاوکات لەگەڵ شکایەتی عەرەبستان، سۆزان ڕایس، نوێنەری ئامریکا لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەگەڵ نوێنەران ١٥ وڵاتی ئەندامی شووڕای ئەمنیەت کۆبوونەتەوەو لە سەر جۆری وڵامدانەوە بەو هەوڵانەی ئێران وتووێژیان کردوە.

شایانی باسە کە ئامریکا ئێران بە گەورەترین پشتیوانی تیرۆریزم لە جیهان ناو دەبا و هەر ئێستا چەند فایلی جۆراوجۆر دژی کاربەدەستانی ئێرانی لە بەردەست دایە کە ڕۆڵی کۆماری ئیسلامی لە تەقینەوەکەی ناوەندی جوولەکەکانی ئارژانتین - ئامیا و ڕووداوە تێرۆریستییەکانی دیکەدا دەسەلمێنن.

هەروەها هێندێک سەرچاوە باس لەوە دەکەن کە ئێران ویستوویەتی، ئەحمەد قەتان، باڵیۆزی عەرەبستان لە قاهیرەش تیرۆر بکا.

## پاش ٤٢ ساڵ حوکمرانی سەرئەنجام موعەمەر قەزافی دیکتاتۆری لیبی لە لایەن خەڵکی وڵاتەکەیەوە کوژرا



هەواڵدەرییەکانی جیهان پاشنیوەڕۆی پێنجشەمە هەواڵی گیران و کوژرانی مردنی « موعەمەر قەزافی» دیکتاتۆری پێشووی لیبی یان بڵاو کردەوە. بە گوێرەی هەواڵی ئاژانسی فرانس پرێس موعەمەر قەزافی و چەند کەس لە پارێزەرانی شەخسی ئەو، لە کاتێکدا کە بە نیاز بوون لە شاری سێرت، کە دوایین پێگەی قەزافی و لایانگرانی بوو هەڵێن و خۆ لە چنگ خەڵک ڕزگار بکەن، لە لایەن خەڵک و چەکدارانی شۆڕای کاتی لیبیەوە بە برینداری دەستگیر کراو و پاشان بە هۆی قورسی برینەکەیەوە گیانی لە دەست داوە. فرانس پرێس چەندین وێنەی قەزافی کە جێگەی فیشەک بە سەریەوەیە بڵاو کردەوە. هاوکات هێزەکانی شۆڕای کاتی لیبی ئاشکرایان کرد کە هەر ئەو ڕۆژە پاش هێرشیکی بەربڵاو توانیویانە بە تەواوی شاری سێرت لە قەزافی و لایانگرانی پاک بکەنەوە و « کوڕی پێنجەمی قەزافی بە ناوی موعتەسەم و عەبدوڵا سنوسی سەرۆکی پێشووی دەزگای ئیستخباراتی لیبی بە زیندوویی دەستگیر کراون.

بەم شێوەیە کۆتایی بە ٤٢ ساڵ دەسەڵاتی ڕەش و دیکتاتۆریانەی قەزافی و دارودەستەکەی هات. چاوەدێرانی سیاسی لەو بڕوایە دان کە داهاتوویەکی سەخت چاوەڕێی خەڵکی لیبی و دەسەڵاتی داهاتووی ئەو وڵاتە دەکات و تەنانەت هێندێک پێیان وایە کە ئەگەری سەرهەڵدانی شەڕێکی ناوخۆیی و دابەش بوونی ئەو وڵاتە بە چەند ناوچەیەکی جیاواز لە ئارادایە.

## هێنانە بەرباسی پرسی سەربەخۆیی کوردستان لە لایەن جێگری سەرۆکی پارلمانی روسییەوە




پارتی لیبرال دیموکراتی روسییە دەڵێ کە پرسی سەربەخۆیی کوردەکان یەکێک لە گرینگترین کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە.

بە بۆچوونی ڤلادیمیر ژرینوڤسکی، سەرۆکی پارتی لیبراڵی دیموکرات و جێگری سەرۆکی پارلمانی ئەو وڵاتە پێویستە ئەمریکا، ناتۆ و یەکیەتیی ئورووپا پشتگیری لە گەلی کورد و پێشگیری لە ڕوودانی شەڕێکی چاوەڕواننەکراو بکەن.

سەرۆکی پارتی لیبراڵی دیموکرات دەڵێ کە وڵاتانی ڕۆژئاوا دانیان بە سەربەخۆیی کوسۆڤۆدا نا و هەرچەندە کە ئەو دانپێدانانە دژ بە بنەماکانی یاسای نێونەتەوەییش بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕۆژئاوا هەست بە کێشەی کورد ناکا و تورکیە بە دەیان ساڵە کورد بە بۆمب و تۆپ دەکوژێ و کەسیش لایەنگری لە نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ناکا.

ناوبراو دەڵێ کە ئێستا ئێران و تورکیە ئامادەیی دولایەنەیان بو لێدانی نەیارانی سیاسیی خۆیان لە هەرێمی کوردستان دەربڕیوە و لە کاتێکی ئاوادا ئەمریکا و ئورووپا دەبێ پشتگیری لە پرسی کورد و پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ بکەن.

## بەردەوامیی هێرشی تورکیە بۆ سەر سنوورەکانی هەرێم



بە دوای چالاکی گەریلاکانی پ. ک. ک لە باکووری کوردستان و کوژران و بریندار بوونی ژمارەیەکی زۆر سەربازی تورک، دەوڵەتی تورکیە هێرشەکانی بۆ سەر پارتی کرێکارانی کوردستان چڕ کردۆتەوەو بە هێزێکی نزیک بە ١٠٠٠٠ کۆماندۆوە هێرشی هێناوە بۆ سەر سنوورەکانی هەرێم کوردستان.

جەبار یاوەر ڕایگەیاند ئێوارەی ڕۆژی ٢٠ی ئۆکتۆبر هێزێکی سوپای تورکیە لە سنووری کانی ماسێ لە شاری ئامێدیە لە نێو چوار بنکە جێگیر بوون کە پێشتریش هیزی تورکیەی لێ بووە. لە لایەکی دیکەشەوە هێزە ئاسمانییەکانی تورکیە بە دەستیان کردۆتەوە لە بۆمبارانی قەندیل و سنوورەکانی هەرێمی کوردستان.

هەروەها دوای هێرشی ئەم دوایانەی گەریلاکانی پ. ک. ک گرووپە ڕەگەزپەرستەکان لە شارەکانی تورکیە پەلاماری سەر بارەگاکانی پارتی ئاشتی و دیموکراتی یان داوە.

# سەردانی هەیئەتێکی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ١٨ ی ڕەزبەری ١٣٩٠ (٢٠١١/١٠/١٠) هەیئەتێکی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بە سەرۆکایەتیی بەرێز بەهمەن حوسێن، جێگری سکرتێری گشتیی ئەو حیزبە و بە هاوڕێیەتی بەڕێزان سەعد خالید، گۆران



جەلال و هیوا سەید سەلیم، ئەندامانی دەفتەری سیاسیی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانیان کرد و لە لایەن هەیئەتێکی رێبەریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی کاک خالیدی عەزیزی، سکرتێری گشتی حیزبی دێمۆکراتەوە پێشوازییان لێ کرا.

لەو دیدارو دانیشتنە دا هەر دوو لایەن کۆمەڵێک باس وبابەتی پێوەندیدار بە رۆژهەڵاتی نێوەراست، کورد بە گشتی وپێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات وحیزبی زەحمەتکێشانیان خستە بەر باس ولێکدانەوە.

لەو دیدارەدا ئالوگۆڕەکانی رۆژهەڵاتی نێوەراست وهەروەها لە نێوچوونی یەک بە دوای یەکی دیکتاتۆرەکان لە بەرژەوەندی نەتەوە بندەستەکانی ناوچەکە و بەتایبەتی نەتەوەی کورد تاوتوێ کران و پێ لە سەر ئەوە داگیرا کە کوردەکان لە هەموو پارچەکانی کوردستان دەبێ تێ بکۆشن لە ڕەوت و گەشەی دێموکراسی و ئالۆگۆرە دێموکراتیکەکان وەدوا نەکەون و بە پرۆژەو و بەرنامەی گونجاو، ببن بە بەشێک لەو ئالۆگۆرانە، بەتایبەت هەردوو لایەن لەسەر ئەو باوەرە بوون کە گەلی کورد لە سورییە دەبێ تێ بکۆشی کە لە ئالوگۆڕەکانی سوریەدا بەشدار بێ و دەوری بەرچاو بگێرێ.

هەیئەتی میوان لە بەشێکی دیکەی دیدارەکەدا خوشحالّیی خۆیان لە باس و دەرئەنجامەکانی پلینۆمی سێهەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەربری، بە تایبەت کە جەختی لەسەر پەرەپێدانی کەش وهەوای گونجاو بۆ لێکنزیک بوونەوەی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کرووە ولەو نێوە دا هەڵوێست ولێکدانەوەی پلینۆمی سێهەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان سەبارەت بە رێگا چارەی کێشەی هەر دووک لایەنی دێموکراتیان بەرز نرخاند.

# پیرۆزبایی دەفتەری سیاسیی حدک بۆ بزووتنەوەی دێموکراتیکی یارسان و ڕێکخراوی یاری کورد بە بۆنەی یەکگرتن و یەکبوونی ئەم دوو ڕێکخراوەیە

بەڕێزان! ئەندامانی ریبەری و تێکۆشەرانی هەر دوو رێکخراوی:

-- بزووتنەوەی دێموکراتیکی یارسان!

-- رێکخراوی یاری کورد!

لەگەڵ رێزو سڵاوی تایبەتیمان،

حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە هەست کردن بە پێویستیی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە یەکیەتی لە قۆناغی ئەستەمی ئێستادا، بە نۆرەی خۆی بۆ یەکریزی وتەبایی لە نێو ماڵی کورد، هەوڵی زۆری داوە، ئەم بایەخدانەی، حیزبی ئێمە بە پێویستیی لێک نزیکبوونەوەی حیزب وریکخراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، هەم لە دانیشتنی لەگەل هێزو لایەنە جۆراوجۆرەکاندا پێی لەسەر داگیراوە و هەم لە راگەیەنەکانمان دا، رەنگیان داوەتەوە. هەر لەبەر رووناکایی ئەم تێگەیشتنەمان بووە کە بە ئەرێنیەوە، روانیومانەتە هەوڵەکانی ئێوە لە بارەی یەکگرتن ویەکبوونتان لەم مانگانەی دوایی دا. ئێستا کە بە خۆشییەوە، هەوڵەکانی ئێوە خەریکە دەگاتە ئاکام و یەکبوونی ئەو دووریکخراوەی لێ دەکەویتەوە، ئێمە پێشوازی وپشتیوانی لەم هەنگاوە گرنگەتان دەکەین.

ویرای پیرۆزبایی لە ئێوە وسەرجەم خوشک وبرایانی یارسانیمان بەم بۆنەیەوە، ئاواتمان ئەوەیە یەکبوونی ئێوە، بە نۆرەی خۆی هاندەری حیزب وریکخراوەکانی دیکە بۆ لێک نزیکبوونەوەو یەکخستنەوەی هێزو تواناکانیان بێ.

بە هیوای سەرکەوتنی رۆژبەرۆژتان

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**١٥ ئۆکتوبری ٢٠١١**

# بەشداریی هەیئەتێکی حدک لە کۆبوونەوەیەکی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد دا

کۆمیتەی سوئێدی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٤ ی رەزبەر کۆبوونەوەیەکی لە



شاری ستۆکهۆڵم، لە ژێر ناوی «دیالۆگ و هاوکاری» بەڕێوە برد و هەیئەتێکی حیزبێ دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی حەسەن حاتەمی، ئەندامی رێبەریی حیزب لەو کۆبوونوەیەدا بەشدار بوو.

لەو کۆبوونەوەیەدا دکتور بەنگین حاجۆ، بەرپرسی کۆمیتەی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد ( ک ن ک) لە سوئێد و جێگری گشتیی «ک ن ک» لەسەر دیالۆگ و هاوکاریی لە نێو حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتییەکانی کوردی هەرچواربەشی کوردستان قسەی کرد و باسی لە هەوڵەکانی «ک ن ک»ی بۆ دانانی پلاتفۆڕمێک بە پشتیوانیی هەموو حیزب و لایەن و کەسایەتییەکانی تێکۆشەری کورد کرد تا سەرەڕای جیاوازیی بیروڕا و بەرنامەکانیان- لە هەربەشەی کوردستان- پێکەوە کار و بەرنامەی هاوبەشیان هەبێ.

لە بەشێکی دیکەی ئەو کۆبوونەوەیەدا کاک حەسەن حاتەمی، لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە لەسەر چەند بابەتێکی پێوەندیدار بەو پرسانە قسەی کرد و سەرنجی بەشدارانی بۆ بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حدک راکێشا کە لە ٥ ی سێپتامبری ٢٠١١ دا، بڵاوبوویەوەو رایگەیاند کە پێویستە هەموو ڕێکخرا و کەسایەتییەکانی کورد لە هەموو بەشەکان و بەتایبەتی لەدەرەوەی وڵات پشتی ئەو بەیاننامەیە بگرن کە دەڵێ، « کورد حەقی خۆیەتی داوای پشتیوانی نێو نەتەویی بکا»

ناوبراو پێشنیاری کرد کە بۆ هەنگاوی بەکردەوەی هاوکاری، پێویستە حیزب و لایەن و کەسایەتییەکان، تەبلیغات دژی یەکتری نەکەن و هەر دەسکەوتێکی کورد لەهەر بەش و شوێنێکی کوردی لێ دەژین، وەدەست بێ، بەسەرکەوتنی هەموو کوردان بزانرێ.

# دەیەمین ساڵەوەگەڕی کۆچی دوایی مامۆستا کەریمی حیسامی لە شاری ستۆکهۆڵم بەڕێوەچوو



بەڕێوەچوونی کۆڕیادێک بە بۆنەی دەیەمین ساڵرۆژی کۆچیدوایی تێکۆشەرو سیاسەتوانی گەورەی کورد مامۆستا کەریم حیسامی لەشاری ستۆکهۆڵم.

دوانیوەڕۆی رۆژی ١٥ی ئۆکتۆبری ٢٠١١ لە سالۆنی›› هوسبی تریف›› لە شاری ستۆکهۆڵم ،ڕیورەسمێکی بەشکۆ لە لایەن بنەماڵەو دۆستانی کاک کەریمی حیسامی‌یەوە بەبۆنەی دەیەمین ساڵرۆژی کۆچی دوایی مامۆستا حیسامی‌یەوەبەڕیوەچوو.

لەو کۆڕیادەدا هەیئەتێکی پلەبەرزی حیزبی بە سەرۆکایەتی هاوڕێی سەعید بیگزادە ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان و هاوڕێیەتی کۆمەڵێک لە هاوڕێیانی حیزبی بەشدار بوون. ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتی سیاسی حیزبی و سەربەخۆ بەشدارییان لەو کۆڕەدا کرد و یادی ئەو گەورە پیاوەی کوردیان بەرز راگرت.

سەرەتا کۆڕیادەکە لە لایەن کاک ناسری سینا، بەڕێوەبەری کۆڕەکە کرایەوەو پاشان وتاری بنەماڵەی کاک کەریم حیسامی لە لایەن کاک ناسری ئیبراهیمی‌یەوەخوێندرایەوە.

پاشان کۆڕەکە بە وتار و پەیامی زیاتر لە ٣٠ حیزب و رێکخراو و کەسایەتیی کوردستانی درێژەی پێدرا .

# کۆچی دوایی پێشمەرگەیەکی دێرینی حدک

**پێشمەرگەیەکی دێرینی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کۆچی دوایی کرد.**

شەوی دووشەمەممە، ١٨ ی ڕەزبەر مام خدر تەمەننایی، ناسراو بە خدر ئەلیاس، خەڵکی گوندی ژاژۆکەی رەبەت لە تەمەنی ٦٠ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

مام خدر کە ماوەی ٣٢ ساڵ بوو پیشمەرگەی حیزبی دێموکرات بوو، برایەکیشی بە ناوی حەسەن ئەلیاس لە ساڵەکانی ٤٦-٤٧ لە خەبات دژی رێژیمی پاشایەتیدا شەهید ببوو.

مام خدر لە ماوەی ٣٢ ساڵ پیشمەرگایەتیی خۆیدا لە ناوچەی رەبەت و لە هێزەکانی زمزیران، گیارەنگ و دوایەش لە ناوەندی ٢ ی کوردستان خزمەتی پێشمەرگایەتی کردوە و لە کاتی بەرگریی چەکداریی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا ٦ جار بریندار بووە.



تەرمی مام خدر ئەلیاس لە نێو کۆڕی هاوسەنگەرانیدا بە خاک سپێردرا و هەر بەو بۆنەیەوە بەیانیی رۆژی سێشەممە، ١٩ ی رەزبەر ریورەسمێکی پرسە و سەرەخۆشی لە سالۆنی بۆنە و ریورەسمەکانی حیزب بەڕێوە چوو.

لەم رێورەسمەدا تێکۆشەری دێرینیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کاک ئەحمەد نستانی لەسەر ژیان و تێکۆشانی مام خدر بۆ بەشداران قسەی کرد.

# راپۆرتی ئەحمەد شەهید سەبارەت بە بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران

ئەحمەد شەهید لە یەکەمین راپۆرتی خۆیدا سەبارەت بە بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران، باسی لە چۆنیەتیی هەڵسوکەوت لە گەڵ چالاکانی کۆمەڵگای مەدەنی، ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان، مافەکانی ژنان، کەمایەتیە نەتەوەیی و ئایینیەکان، سزای لە سێدارەدان و زیندان بە هۆی پێوەندی گرتن بە ناوەندەکانی دەرەوە کردوە.

ئەحمەد شەهید راپۆرتنێری تایبەتی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئێران، لە یەکەمین لێکدانەوەی سەبارەت بە بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران باسی لە هەندێک لە هەڵسوکەوتەکانی کۆماری ئیسلامی لە گەڵ چالاکانی مەدەنی و سیاسی و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤی لە ئێران کردوە.

ئەحمەد شەهید دەڵێ کە بە هۆی کەمبوونی کات، ئەو راپۆرتە لە راپۆرتەکانی دیکە کورتتر دەبێ.

شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان لە مانگی خاکەلێوەی ئەو ساڵدا دەنگی بەڵێی بە دانانی راپۆرتنێرێکی تایبەت بۆ ئێران دا و، لە مانگی جۆزەردانادا، ئەحمەد شەهید وەزیری دەرەوەی



پێشووی مالدیو،وەک راپۆرتنێری تایبەت بۆ ئێران هەڵ بژێردرا.

شایانی باسە کە ئێران بە رەسمی دژایەتیی خۆی لە گەڵ سەفەری ئەحمەد شەهید بۆ ئەو وڵاتە دەربڕیوە.

# وەڵامێک بۆ کومیتەی ناوەندیی ڕێکخراوی یەکیەتیی فیدائیانی گەلی ئێران

لەگەڵ ڕێز و سڵاو و داوای لێبووردن بە بۆنەی وەڵامدانەوەی بەدرەنگەوەی نامەی سەرئاوەڵای ٩/ ٦/ ١٣٩٠ی ئێوە، سەرنجی ئێوە بەڕێزان بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕادەکێشین: وێرای ئاماژە بە بەیاننامەی ١٤ی خەرمانان( ٥ی سێپتامبری ٢٠١١) ی حیزبی ئێمە، نووسیوتانە: «لەم بەیاننامەیەدا داوا لە وڵاتە بەهێزەکانی دەرەوە کراوە بێنە یارمەتیی خەڵکی کورد بۆ ئەوەی کوردەکان لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتە زۆردارەکان ڕزگار بکەن.» (زەقکردنەوەکان لە هەموو شوێنێک هی ئێمەن.)

ئەرێ بەڕاست ئەم ئێدیعایەتان لە کام بەشی بەیاننامەکەی حیزبی ئێمە وەرگرتوە؟ چونکە فاکتێک کە لەم بارەیەوە لە زمانی بەیاننامەی حیزبی ئێمەوە هێناوتانەوە، ئەم دەستەواژەیە کە بە کەمێک تێڕامان و لێوردبوونەوەی، بۆ هەمووان دەردەکەوێ کە نە ڕووی لە «وڵاتە بەهێزەکانی دەرەوە» یە و نە باسێک لە «ڕزگار کردن لە دەسەڵاتی حکوومەتە زۆردارەکان»ی تێدا هاتوە. ئەمەش دەقی دەستەواژەکەیە:

«ئێمە وێڕای خۆشحاڵیی لە سەرکەوتنی خەباتی خەڵکی لیبی و پێشوازی لە بڕیاری١٩٧٣ی ئەنجومەنی ئاسایش لە پێوەندی دەگەڵ ئەو وڵاتەدا، داوا دەکەین ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەر بە پشت بەستن بە ئەسڵی «بەرپرسایەتیی پارێزگاری» مەترسیی گەلەکوژەگیی دەوڵەتەکان و سەرکوتی دەسەڵاتەکان لەسەر نەتەوەی کورد وەلا بەرن.»

هەروەک دەبینن بەردەنگی ئێمە، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وەک مەرجەعێکی خاوەن سەلاحییەتی نێونەتەوەیییە و داوای ئێمەش نەهێشتنی سەرکوت و لەشکرکێشییە. هەر لەجێدا فەلسەفەی پێکهاتنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش ڕاگەیشتن بە داخوازی زۆرلێکراوان و مەینەت چێشتووانە، ئەگینا زۆرداران پێویستییان بە داوای یارمەتی لە دامەزراوە نێونەتەوەییەکان نییە و هەرکات بیانەوێ دەتوانن ماڵ و هێلانەی خەڵکی زۆرلێکراو بەسەر دانیشتووانیان دا بڕوخێنن.

لە جێیەکی دیکەی نامە سەرئاوەڵاکەتان دا، حیزبی دێموکراتی کوردستان بەم هۆیەوە سەرکۆنە کراوە چونکە ئەو ستەمانەی وەبیر هێناونەوە کە لە ڕابردوودا لە نەتەوەی کورد کراون و ئاماژەی بە خەباتی دوور و درێژی ئەم نەتەوەیە لەڕێگای گەیشتن بە مافی دیاریکردنی چارەنووس دا کردوە. سەیر ئەوەیە ئەم کارە لە لایەن ئێوەوە بە جۆرێک ترازان لە پرەنسیپەکانی حیزب و پشتکردن لە ڕێبازی ڕێبەرانی شەهیدی حیزبیش دانراوە. بەڕاستی بۆ ئێمە جێگای داخە کە نزیکترین دۆستانی ئێمە، سەبارەت بە وەبیرهێنانەوەی مەینەتە مێژووییەکانی نەتەوەی کورد، ڕەخنەمان لێ بگرن. بەڵام ئەوە کە ئایا وەرسووڕان لە سیاسەتی حیزبی ئێمەدا ڕووی داوە و بە جۆرێک لە جۆرەکان لە ڕێبازی ڕێبەرانی شەهیدمان دوور کەوتووینەوە، جێگای لێوردبوونەوە و هەڵوێستە لەسەر کردنە. شتێکی زۆر سروشتییە کە هەر حیزبێک بە پێی هەلومەرجی سەردەمی خەباتەکەی، دروشمەکان و ڕێبازی سیاسیی خۆی بگۆڕێ. بەڵام سەیر ئەوەیە کە لەم بارەیەوە هیچ چەشنە گۆڕانێک لە ڕێبازی سیاسیی حیزبی ئێمە دا پێک نەهاتوە و وەک دەڵێن شتەکە هەر ئەوەیە کە پێشتر بووە. لە نزیک بە نیو سەدە لەمەوبەرەوە مافی دیاریکردنی چارەنووس، مادەی یەکەمی بەرنامەی حیزبی ئێمەیە و لە گشت کۆنگرەکانی حیزبیش دا پێی لە سەر داگیراوەتەوە. تەنیا وەک نموونە بەشێک لە مادەی یەکەمی بەرنامەی حیزب، پەسندکراوی کۆنگرەکانی سێیەم و پازدەیەمتان وەبیر دێنینەوە:

«حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پێناوی... و دابینکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دا خەبات دەکا». (بەرنامەی پەسندکراوی کۆنگرەی سێیەم، ڕەزبەری ١٣٥٢)

مادەی یەکەم: ئامانج و پرەنسیپە سەرەکییەکان

١. ئامانجی حیزبی دیموکراتی کوردستان وەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

(بەرنامەی پەسندکراوی کۆنگرەی پازدەیەم، جۆزەردانی ١٣٩٠)

بەم جۆرە دەردەکەوێ کە دروشمەکانی حیزبی ئێمە نەگۆڕاون و ئێمەش لە ڕێبازی ڕێبەرانی شەهیدمان لامان نەداوە. بەڵام ڕێگا بدەن ئێمە وەبیر ئێوەی بێنینەوە کە بەداخەوە هەڵسوکەوتتان بەرامبەر بەم بابەتە لەگەڵ ڕێبازە پێشکەوتنخوازانەکەتان لە پێوەندی لە گەڵ مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان بە هیچ جۆر یەک ناگرێتەوە. ئێوە سەرەڕای ئەوەی کە تەنانەت لەم نامە سەرئاوەڵایەشتاندا لەسەر باوەڕتان بە مافی دیاریکردنی چارەنووس پێ دادەگرنەوە، کەچی لۆمەی ئێمە دەکەن کە خەباتی خەڵکی کوردستان لەپێناوی دەستەبەر کردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسمان وەبیر هێناوەتەوە و ئەم کارەش بە نیشانەی داوای «پێکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆی کوردی، پێکهاتوو لە چوار وڵاتی ئێران ، عێراق، سووریە و تورکیە« دادەنێن کە بە هیچ شێوەیەک وانییە. بەڕاستی تێگەیشتنێکی ئەوتۆ لەگەڵ باوەڕی ئێوە بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد تا ئاستی جیابوونەوە لە ئێران، کە زۆر جار پێتان لەسەر داگرتوە، دێتەوە؟! ڕەنگە وەڵامی ئێوە ئەوە بێ کە هەبوونی مافێک حەتمەن بە مانای کەڵک لێوەرگرتنی نییە. بەڵام بە دڵنیاییەوە باوەڕتان بەوەش هەیە کە ناکرێ هیچ کەسێک بە تاوانی کەڵکوەرگرتن لە مافی خۆی لە سێدارە بدرێ و تەکفیر بکرێ. ئەوەش بە جێی خۆی کە داوایەکی لەم چەشنە بە هیچ جۆرلەو بەیاننامەیە دا نەهاتوە.

پرسیار ئەوەیە کە لە کەیەوە باسکردن لە ڕاستییە مێژووییەکان بووە بە گوناحێکی گەورە؟! ئایا ئێوە حاشا لەو ڕاستییە دەکەن کە سەرزەویی کوردستان لە پاش شەڕی چالدێران لە نێوان دوو ئیمپراتۆریی ئێران و عوسمانی دا دابەش کراوە و پاش شەڕی یەکەمی جیهانییش دووبارە لە نێوان وڵاتانی ئێران، عێراق، تورکیە و سووریە دا دابەش کراوەتەوە؟ وای دادەنێین کە باسی مافی کوردەکان بۆ یەکگرتنەوەی دووبارەی ئەم پارچانەش کرابێ، بۆچی دەبێ پیرۆزبایی یەکگرتنەوەی وڵاتە دابەشکراوەکانی دیکە بکەین، بەڵام باس لە یەکگرتنەوەی دووبارەی وڵاتی کوردان، بکەوێتە بەر لەعنەت؟!

تەنیا وەک باسکردن لە ڕاستییەک لێرەدا لەسەر سیاسەتی هەمیشەیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێ دادەگرینەوە کە نە لایەنگری هێرش نیزامیی هیچ وڵاتێکی دەرەکی بۆ ئێرانین و نە ئەرکی ڕزگاریی ئێران و دابین کردنی مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان بە کەسێکی دیکە جیا لە تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاری لە کوردستان و سەرتاسەری ئێران دەسپێرین.. بەڵام هەر لەو کاتەش دا لەو «خەباتگێڕانە«ش نین کە ئامادەن لە پێناوی بەرگریکردن لە دەسەڵاتی دژەمرۆیانەی کۆماری ئیسلامی دا لە دژی هاونیشتمانە سەربەستیخوازەکانی خۆیان شەڕ بکەن کە بە دڵنیاییەوە ئێوەش لەوان نین.

لە کۆتایی دا ئەم ڕاستییە وەبیر دێنینەوە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان نە لە ترسی هیچ هێز و دەسەڵاتێک، خەبات بۆ دەستەبەرکردنی دیموکراسیی لە ئێران دا کردوە بە درووشمی ستراتیژیکی خۆی، نە بۆ بەدەستهێنانی دڵی هیچ کەسێکیش. ئەم بابەتە بەرهەمی تێفکرین و قووڵبوونەوە لە بارودۆخی زەمانی و مەکانیی خەباتی خەڵکی کوردە و تەنیا لەپێناوی لەبەرچاوبوونی بەرژەوەندییەکانی ئەو خەڵکە دایە. ئێمە بۆیە بەدەست¬هێنانی دێموکڕاسی بۆ ئێرانمان لە ڕیزی پێشەوەی ئامانجە شۆڕشگێڕانەو خەباتگێڕانەکانماندا داناوە چونکە: یەکەم، ئێران وڵاتێکە کە لێی دەژین¬،دووەم، پێمان وایە باوەڕپێکراوترین دەستەبەر بۆ بەهرەمەندبوونی گەلی کوردو گەلانی زۆرلێکراوی دیکەی ئەم وڵاتە لە مافە نەتەوایەتییەکان¬و مافی بەرامبەری هاونیشتمانی¬و سەرەنجام ڕاوەستاوی¬و بەردەوامیی ئەو بەهرەمەندییە جێگیربوونی دێموکڕاسییەکی واقیعی لە ئێراندایە.

ئەگەر جیا لەوە بوایە حیزبی ئێمە بە بێ ئەوەی بترسێ دروشمێکی دیکەی بەرز دەکردەوە. چونکە پێمان وایە کە لە ئەگەری هەڵگرتنی دروشمی سەربەخۆیی کوردستانیشدا، نە دەسەڵاتدارانی ئێران زەبر و زەنگ و سەرکوتیکی لەوە زیاتریان لە کوردستاندا بەڕێوە دەبرد، و نە نەیارانی دابینکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان، بوختان و جنێوێکی دیکەیان بە دەستەوە دەبوو کە پێشکێشی خەباتکارانی کوردی بکەن.

بەو هیوایەی ئەو ڕاستوێژی و ڕوونبێژییەی ئێمە لە قسەکانمان دا ببێتە هۆی لێک تێگەیشتنی زیاتر و قووڵبوونەوە و گەشەی زیاتری پێوەندیی خەباتگێڕانەی حیزبی دیموکرات و تێکۆشەرانی دیکەی ڕێگای ڕزگاریی ئێران.

وێڕای ڕێز و سڵاوی دووبارە،

**دەفتەری سیاسیی**
**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**١٣٩٠/٧/٢٨**
**٢٠١١/١٠/٢٠**

— — — — — — — — — — —

دریژەی:

# نامەی سەرئاوەڵا بەبۆنەی ١٥ ساڵەی تاوانی هاوبەشی بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان و کۆماری ئیسلامی لە دژی حیزبی دێموکڕات

لە نامەی ناوبراودا کوژرانی ئەو ٦ کەسە درابووە پاڵ «بزووتنەوەی ئیسلامی» و هاتبوو کە ئەو ٦ کەسە هەر ئەوکات کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە گەڕاونەوە، لە تێکهەڵچوون لەگەڵ «بزووتنەوەی ئیسلامی» لە خاکی هەرێمی کوردستاندا، کوژراون.

ئاشکرایە ئەوەی ڕووی دا پیلانێکی تیرۆریستی، کڕین و فرۆشتنی ئینسان و تاوانێکی شەرماویی هاوبەشی «بزووتنەوەی ئیسلامی» و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەدژی حیزبی دێموکڕات و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. تاوانی هیچکام لەو دوو لایەنە بچووک نیە. بزووتنەوەی ئیسلامی، کۆمەڵێک مرۆڤی تێکۆشەری ئازادیخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی، بۆ هێندێک دەسکەوتی ناڕەوا و هەرزانبایی، تەحویلی کۆماری ئیسلامی داوەتەوە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییش، پاش ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر و بە دوور لە سەرەتاییترین ڕێوشوێنەکانی گرتن و دادگایی کردن، گیانی لێ ئەستاندوون، بێ ئەوەی تەنانەت شوێنی شاردنەوەی تەرمەکانیشی ئاشکرا کردبێ!

لە ماوەی ١٥ ساڵی ڕابردوو دا، حیزبی ئێمە بە بۆنەی جۆراوجۆرەوە، ڕووی قسەی خۆی کردۆتە لایەنە جۆراوجۆرەکان. یەک لەو لایەنانە، ڕێکخراوی «بزووتنەوەی ئیسلامی» بووە کە حیزبی دێموکرات بە راشکاوی داوای لێ کردوە بەڕێوەبەرانی ئەو تاوانە سامناکە، بەبیروڕای گشتی بناسێنێ و سەرجەم ڕاستییەکانی پێوەندیدار بەو پیلانە، ئاشکرا بکا. بەڵام بە داخەوە، سەرکردایەتیی ئەو ڕێکخراوە خۆی لەم بەرپرسایەتییە دزیوەتەوە و پێی وابووە بەم خۆدزینەوانە و بە تێپەڕبوونی زەمان، حیزبی دیموکراتی کوردستان، بنەماڵەی قوربانییەکان، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە گشتی ویژدانی مرۆڤایەتی، دەستیان لێ هەڵ دەگرێ، یا ئەو تاوانەیان لە بیر دەچێتەوە.

هەر لە پێوەندی لەگەڵ ئەو تاوانەدا، حیزبی دیموکرات، چەندین جار لە نامە و بەیاننامەی ڕەسمی دا، لە لایەنەکانی نێودەسەڵات، حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتییە سیاسییەکان و خەڵکی هەرێمی کوردستان کە ئەم تاوانە لە سەر خاکی ئەوان ڕووی داوە، داوای کردوە کە ڕێکخراوی «بزووتنەوەی ئیسلامی» بخەنە ژێر گوشار بۆ ئەوەی بەڕێوەبەرانی ئەو تاوانە بە دەستی عەداڵەت بسپێرێ. سەرەڕای ئەو داوایە و لەگەڵ ئەوەی ڕێبەران و بڕیاربەدەستانی ئەو کاتی ڕێکخراوی ناوبراو و تەنانەت هێندێک لە بەڕێوەبەرانی ئەو کردەوە تیرۆریستییە ناسراون، بە داخەوە هیچ هەنگاوێک لەم بارەیەوە هەڵ نەگیراوە. نەک هەر ئەوە، بەداخەوە فرۆشیارانی ئەو پۆلە تێکۆشەرە بێ هەست کردن بە شوورەیی و بێ سڵکردنەوە لە ئاکامەکانی تاوانەکەیان، هەروا لە ژێر ناوی دینی ئیسلام و لە چوارچێوەی ڕێکخراوی بزووتنەوەی ئیسلامی یا لە گرووپی دیکە بە ناوی دیکەوە لە گۆڕەپانی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا، دێن و دەچن.

حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پازدەیەمین ساڵی ئەو تاوانە پڕشوورەییەدا، لە کاتێکدا بە ڕێزەوە یادی قوربانییەکان دەکاتەوە، داوا لە هەموو ئێوەی بەڕێز دەکا ئەرکی ئینسانی، نیشتمانی و ئەخلاقیی خۆتان بەرامبەر بەخوێنی بە ناحەقرژاوی قوربانییەکانی ئەو تاوانە، جێبەجێ بکەن. لەم بارەیە داوای ڕوونمان ئەوەیە ڕێبەرانی کۆن و ئێستا، بڕیار بەدەستانی ئەوکاتی بزووتنەوەی ئیسلامی و کەسانی تاوانبارکراو بە بەڕێوەبردنی ئەو تاوانە بخەنە ژێر گوشار بۆ ئەوەی بە پێی بەرپرسایەتیی ئەوکاتی خۆیان و ڕۆڵیان لە ئەنجامدانی ئەو تاوانە و لێنەپرسینەوە لە تاوانباران لە بەرامبەر بیروڕای گشتی دا وەڵامدەر بن.

حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەتا ئەوکاتەی حوکمی عەداڵەت لە بارەی بەڕێوەبەرانی ئەو تاوانە بەڕێوە نەچووە، لەسەر دادخوازی و پێویستیی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لە تاوانی بە دیلگرتن و تەحویلدانەوەی ئەو ٦ تێکۆشەرەی دێموکرات، بەردەوام دەبێ.

ئاواتمان ئەوەیە هەمووی ئێوە کە بەردەنگی ئەم نامە سەرئاوەڵایەن، هەروەها تێکرای ئۆگران و خوازیارانی حەقیقەت و دادپەروەری لە کوردستان، ناوچە و سەراسەری جیهان بە دەم بانگەواز و پەیامی ئێمەوە بێن بۆ ئەوەی ڕاستییەکان ڕوون ببنەوە، تاوانباران لێیان بپێچرێتەوە و ویست و چاوەڕوانیی بە حەقی حیزبی دێموکرات و بنەماڵەی قوربانییەکان لە بارەی بەڕێوەبەرانی ئەم تاوانە بێتە دی.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٢٩ی ڕەزبەر ١٣٩٠**
**٢١ی ئۆکتۆبری ٢٠١١**

# هانا بردن بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی مافی ڕەوای زۆرلێکراوانە

## (بە داکۆکی لە بەیاننامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان)

ئازاد زەنگەنە

و: ڕێبوار مەعرووف زادە

بەیاننامەی دەفتەدری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕێکەوتی ٥ی سپتامبەری ٢٠١١ بەرامبەر لەگەڵ ١٤ی خەرمانانی ١٣٩٠ی هەتاوی، لەگەڵ پێشوازیی گەرمی هاونیشتمانانی کورد لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان ڕووبەڕوو بوو و لایەنگران لە ڕێگەی ئامرازە جۆراوجۆرەکانی پێوەندیگرتن، دڵخۆشی و ڕەزامەندیی خۆیان لە نیوەرۆکی ئەو بەیاننامەیە دەربڕی کە ئەوە خۆی نیشانەیەکی دیکە لە گەشەی سیاسی و هوشیاریی جەماوەری کوردە. دیارە چاوەڕوان نەکراو نەبوو کە لایەنەکان و حیزبەکانی ئۆپۆزێسیۆنی ئیرانی ئەو بەیاننامەیە پشتگوێ بخەن یا دژایەتی خۆیانی لەگەڵ بنوێنن. بە مەبەستی بێ وەلام نەهێشتنی هەر جۆرە خراپ تێگەیشتنێک لە لایەن ڕێکخراو و لایەنەکانی ئێران یا نا ئێرانی بە شێوەی خوارەوە ئاماژە بە چەند خالێک دەکەین:

١_ بە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی دووهەمی جیهانی شکستی یەکجارەکیی بەرەی فاشیستی (ئاڵمان- ئیتالیا- ژاپۆن) کە بووە هۆی تێداچوونی گیانی دەیان میلیۆن مرۆڤی بێ تاوان و وێران بوونی دەیان هەزار شار و شارۆچکە و گوندی هاوپەیمانی دێموکراتی ئەوکات دەسەڵاتدارانی وڵاتانی سەرکەوتوو بۆ ئەوەی بۆ جارێکی دیکە کارەساتێکی لەم چەشنە ڕوو نەدا بە دەرکردنی مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و شووڕای ئەمنییەتیان دامەزراند و بە دوای ئەودا جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ و پەیماننامەی جۆراوجۆری مەدەنی و ئابوورییان داڕشت و پەسەندیان کرد کە لەڕاستیدا وەک یاسای بنەڕەتیی کۆمەڵگەی شارستانیی مرۆڤ دێنە ئەژمار. مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکان و جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ پارێزەری خۆاستەکانی مرۆڤی پێشکەوتوو و ئاکامی خەباتی ١٥٠ ساڵەی شۆڕشگێڕان و دێموکراتەکان و ئازادیخوازانی نەتەوەکان، لە پێناو بنیاتنانی دنیایەکی بەدوور لەشەڕ و خوێنڕشتن و دواکەوتوویی بوون.

مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکان مافی هەموو نەتەوەکان و ئێتنیکەکانی بۆ دەستنیشانکردنی چارەنووسی خۆیان بە فەرمی ناسیوە و لەسەر ئەو بنەمایە وەک مەرجی پێویست و سەرەکیی ئاشتی و ئاسوودەیی و ئازادی جەختی کردۆتەوە. جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤیش، مافی یەکسانی هەموو مرۆڤەکانی بەدەر لە ئێتنیک، ڕەگەز و ئایین بە فەرمی ناسیوە و بە تایبەتی لە ئەسڵی یەکەم دا، لەسەر مافی ڕەوای ڕاپەڕینی نەتەوەکان لە بەرامبەر زۆر و سەرکۆت دا پێی دا گرتوە. ڕاگەیەندراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەمەش قەناعەتی نەکردوە بەڵکوو ڕێگەی پاراستنی ئەو مافەشی کردۆتەوە و شووڕای ئەمنییەتی بە پاراستنی ئەو مافە ئەرکدار کردوە.

٢_ لە پێوەندی لە گەڵ بە کار هێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەو ئێتنیکەکاندا هیچ بڤە و هێڵێکی سوور بوونی نییە. ڕێکەوتننامەی ١٩٧٥ی نێوان یەکیەتیی سوڤییەت و وڵاتانی ئوروپایی و ئەمریکا، لە پێوەندی لەگەڵ بە فەرمی ناسینی سنوورەکانی ئەو وڵاتانە ڕێگر نەبووە لەوەی کە بە دوای شکستی یەکیەتیی سوڤییەت لە شەڕی سارد دا، کۆمارە نارووسەکانی هاوپەیمان لە گەڵ یەکیەتیی سوڤییەت بە سەربەخۆیی یەکجارەکی بگەن و وەک ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان قبوول بکرێن. هەروەها دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی و سنوورەکانی یوگوسلاوی لەڕێگەی سێ پەیمانی نێودەوڵەتییەوە و سەرەڕای خۆڕاگریی قارەمانانەی پارتیزانەکانی یوگوسلاوی بە ڕێبەریی تیتۆ لە بەرامبەر ئالمانی هیتلێری دا، نەیتوانی پێش بە سەربەخۆیی کۆمارەکانی سلۆڤینی، کۆرۆواسی، بۆسنی هرزەگۆیین و مەقدونیە بگرێ. شووڕای ئەمنییەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بە پشت بەستن بە هەمان ئەسڵی «ئەرکی پاراستن» هێرشی نیزامی بە دژی ڕێژیمی ئەوکاتی یوگوسلاویی پەسند کرد و جێبەجێی کرد.

دیارە شووڕای ئەمنییەت هەنگاوی گەورەتریشی هەڵێناوە و چەند ساڵ دواتر سەرەڕای پەیمانێک کە ئەمریکا لەگەڵ سێربستان واژۆی کردبوو، داوای سەربەخۆیی خەڵکی کۆزوڤۆی بە ڕەوا زانی و بە هێزی نیزامی بە سەر سێربستانی دا سەپاند و سەربەخۆیی کۆزوڤۆی بە پەسندی شووڕای ئەمنییەت گەیاند. دیارە هێنانەوەی نموونەی دیکە لە بەکار هێنانی مافی پاراستن دەبێتە هوێ درێژدادڕی، تەنیا ئاماژە بە ڕاگەیاندن و بە فەرمی ناسینی باشووری سوودان و جیابوونەوەی ئەو وڵاتە لە سوودان دەکەم.

٣_ دیاریکردنی دروشمە ئیستراتژیکی و تاکتیکییەکانی هەر حیزبێک لە هەلومەرجی دیاریکراوی مێژوویی دا بە سەرنجدان بە دۆخی واقعی و زەینی و بەراوردی خاڵە لاواز و بەهێزەکان و هاوسەنگیی هێزەکان، لە دەست ڕێبەریی هەر حیزبێک دایە کە بە تێپەڕینی کات و لە بەرچاوگرتنی ئەزموونە پراکتیکییەکان دەکرێ پێدا چوونەوەیان پێدا بکرێ. دیاریکردنی ئەو دروشمانە لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا بە واتای هاتنە خوارەوەی وەحی نییە و هەر بەوجۆرەی ئاماژەی پێ کرا، ڕێبەریی حیزب بە لەبەرچاو گرتنی ئالۆگۆڕی هەلومەرجی بەرهەست و زەینی و هاوسەنگیی هێزەکان و ئەزموونە پراکتیکییەکان دەتوانێ بەو دروشمانە دا بچێتەوە وئەوان لە فورمێکی نوێ دیکەدا ڕابگەیەنێ. دیارە بە گوێرەی سەردەم هاوپەیمان یا هاوپەیمانە ستراتیژیکی و تاکتیکییەکانی خۆشی دیاری دەکا و دەیانناسێنێ. بەم پێیە لە دیاریکردنی ئەو جۆرە بڕیارانەدا جگە لە ڕاستیە بەرهەستەکان و ئەزموونە پراکتیکییەکان هیچ فاکتەرێکی دیکە لەبەرچاو ناگیرێن و بە تایبەتی هەبوونی مەبەستی باش یا بروابوون بە هەر ڕێکخراوێکی سیاسی چیدیکە ناتوانێ وەک فاکتەرێکی کاریگەر لەبەرچاو بگیرێ.

٤_ حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایان نەمر قازی محەممەدەوە دامەزرا و کۆماری کوردستانیش هەر لەلایەن ئەو کەسایەتییە نەمرەوە ڕاگەیەندرا. ڕێبەریی ئێستای ئەو حیزبەش هەر هەمان ناوی بە بێ هیچ پاشگیرێکی قبوول کردوە و بۆ جارێکی دیکە ئەو ناوەی بە فەرمی ناسیوە. لە ڕوانگەی قازی محەممەد، کورد یەک نەتەوەیە و سنووورە داسەپاوەکانی دەوڵەتەکانی حاکم بەسەر ناوچەکە نەیدەتوانی ببێتە هۆی دابەشکردنی کوردستان یا تێکدانی سنووورە مێژوویی _ نەتەوەیی یەکەی. لە کۆماری کوردستان دا هەر تاکێکی کورد لە هەر یەک لە ناوچەکانی کوردستان دەیتوانی ببێتە هاوولاتی کۆمار و لە سەرجەم مافە کۆمەڵایەتی و تاکەکەسییەکان هەر وەک دانیشتووانی مەهاباد بەهرەمەند بێت. بەم پێیە کاتێک بارزانییەکان بە ڕێبەریی ئایینیی شێخ ئەحمەد و بە ڕێبەریی نیزامیی مەلا مستەفا بارزانی هاتنە مەهاباد، لە تەواوی ماف و ئیمتیازەکانی خەڵکی مەهاباد بەهرەمەند بوون و بارزانیی نەمر وەک ژنراڵ بارزانی سەرکردایەتیی سەرجەم هێزە چەکدارەکانی کۆماری کوردستانی وەئەستۆ گرت. پێدەچێ ڕێبەریی ئێستای حیزب ئەو نەریتە مێژوویی یە هەروا بەرز و پیرۆز ڕابگرێ.

٥_ داوای ڕێبەریی ئێستای حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شووڕای ئەمنییەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بە ئەنجام گەیاندنی «ئەرکی پاراستن» لە هەمبەر هەر چوار پارچەی کوردستان، نە لە ڕووی هەست و سۆز، بەڵکوو لە ڕاستییە بەرهەست و تاڵە مێژووییەکان سەرچاوەی گرتوە. لە ساڵی١٩٢٣ی زایینی کە کۆماری تورکیە بە ڕێبەریی مستەفا کەماڵ دامەزرا، سیاسەتی لە نێوبردنی خەڵکی کوردستان لە چوارچێوەی ئەو کۆمارە دا وەک یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی سیاسەتی ئەو وڵاتە ڕاگەیەندرا و بەڕێوە چووە. لە تورکیە نەتەنیا شۆناس و زمانی کوردی بە فەرمی نەناسرا بەڵکو قسەکردن بە زمانی کوردی لە شوێنە گشتییەکان و ئاشکرا کردنی شۆناسی کوردی بە تاوان دەژمێردرا . لە ساڵی ١٩٢٣وە هەتاکوو ئێستا هەر جارەی بە بیانووی ئالۆزی یا ڕاپەرین و ......، کوردستان کەوتۆتە بەر پەلاماری نیزامی و سەدان و هەندێک جار هەزاران کەس لە خەڵکی بێ تاوان و ڕێبەران و ناودارانی کورد کوژراون و چەند میلیۆن کورد بە ناچار وڵاتی خۆیان جێ هێشتوە. لەیلا زانا ژنی ناوداری کورد بە تاوانی ئەوە کە دەیویست لە پارلمانی تورکیە بە کوردی سوێند بخوا بە دوازدە ساڵ زیندانی مەحکووم کرا و لە پارلەمانەوە بۆ بەندیخانە ڕاگوازرا .

هەنووکە چەند کەس لەو پارلەمانتارانەی کە لە هەڵبژاردنی دوایی دا وەک نوێنەری خەڵک هەڵبژێردراون لە بەندیخانەدان و دەنگی زۆرینەی دانیشتوانی شارەکانی جێگەی نیشتەجێ بوونیان، کە ئەو کەسانەیان وەک نوێنەری خۆیان دیاری کردووە لەبەرچاو نەگیراوە.

هەر لەو ڕۆژانەدا دەوڵەتی ئەردۆغان لە پارلمانی تورکیە داوای ڕێگەدان بە هێرشی نیزامییان بۆ کوردستان کردوە. پێویست ناکا لە پێوەندی لەگەڵ وڵاتی عێراق و هێرشی دڕندانەی دەوڵەتەکانی بۆ کوردستان، چ پێش و چ کاتی دەسەڵاتدارەتیی سەددام حوسێن، بە تایبەتی هێرشی ئەنفال زۆر بدوێین چۆنکە هەمووان لە ڕەهەندەکانی ئەو تاوانە ئاگادارن و سەرئەنجام بەشێک لە جوغرافیای کوردنشینی عێراق چووە ژێر هەرێمی پاراستنی نەتەوە یەکگرتووەکان و هێرشی نیزامی ڕاگیرا. کیمیابارانی هەڵەبجە لە یاد نەچۆتەوە. بێ جێ نیە وەبیر بخەینەوە کە دامەزرێنەری هەڵەبجە وەک شار و ئاوەدانییەک، عادێلە خاتوون لە بنەماڵەیەکی کۆنی سنە و دایکی خوسرەوخانی جوانەمەرگی والیی ئەردەلان بوو کە دوای مردنی مێرد و کوڕەکەی لە ویلایەتی شارە زوور مێردی کردەوە. لە پێوەندی لەگەڵ ڕۆژهەلاتی کوردستان لە چوارچێوەی جوغرافیای ئێران و کوشت و بڕی هەزاران کەس لەکاتی دەسەڵاتدارێتیی ناسرەددین شا بە ناوی «فیتنەی شێخ عوبەیدوڵڵا» و دواتر بە بیانووی سمایل ئاغای سمکۆ، پێویست بە شی کردنەوە ناکا و خەڵکی ئێران کەم تا زۆر لێی ئاگادارن.

کاتێک خومەینی لە ٢٨ی گەلاوێژی سالی ١٣٥٨ بە دژی خەڵکی کوردستان فەرمانی جیهادی دەرکرد و هێرشی سەرتاسەری بۆ کوردستان دەستی پێ کرد و لە ڕاستیدا بەو فەرمانە ستاندنی گیانی خەڵکی کوردستان و بە تاڵان بردنی ماڵ و سامانیان بە ڕەوا زانرا، لەوکاتەدا حیزبی توودەی ئێران لە نامەیەکی سەر ئاوەڵا دا هاواری بەرز کردبۆوە کە دەبێ سوپای پاسداران بە چەکی قورس تەیار بکرێ تا چاکتر بتوانن خەڵکی ناڕازی و ڕاپەڕیو قەڵاچۆ بکەن. لەو ڕێکەوتە بە دواوە سیاسەتی سەرەکی و بەرهەستی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کوردستان هەمان فەرمانی جیهاد بووە. هەزاران کوژراو و برینداری خەڵکی کوردستان لە ماوەی دەستەڵاتدارێتیی کۆماری ئیسلامی دا دەرخەری ڕاستیی ئەو وتانەیە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەو کردەوانەش قەناعەتی نەکردوە و بە کەڵک وەرگرتن لە پەلاماری تیرۆریستی چ لە نێوخۆی خاکی ئێران و چ لە عێراق یا لە ولاتانی ئوروپایی دا، سەدان کەس لە چالاکان و ڕێبەرانی سیاسیی کوردستانی کوشتوە. هەنووکە دێهاتەکانی سەر سنووری باشووری کوردستان لە نزیک سنوری ئێران، چەند مانگە کە ئامانجی هێرشی ئاسمانی و ئاگری تۆپخانەکانی سوپای پاسدارانی ئێرانن. لە تەواوی یاسا نێودەوڵەتیەکان دا، هاتوچۆی نێوان سنورەکان ڕێگە پێدراوە و دانیشتووانی ناوچە سنوورییەکان دەتوانن ئازادانە هاتوچۆ بکەن، کۆماری ئیسلامی ئێران ئەو ڕێسا و ڕێوشوێنە نێودەوڵەتییانەی لە ژێرپێ ناوە و بە دانانی تیرئەندازی ئەنگێوە لاوانی چارەڕەشی کۆڵبەری کورد دەکاتە نیشانە و هەر ڕۆژەی چەند کەس لەوان دەکوژێ. ڕژێمی ئیسلامی و دواکەوتووی تورکیە بە پێچەوانەی یاسا نێودەوڵەتییەکان و بە پێشێلکردنی سەروەری دراوسێی خۆی واتە کۆماری عێراق، ناوچە کورد نشینەکانی عێراقی بەردەوام بۆمباران کردوە و بە هەراو هوریا، ئەم «شاکار»ەی خۆی بە چاوی وڵاتانی دراوسێ دا دەداتەوە و لەم بارەیەشەوە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی لەگەڵدایە.

لە سووریەش دۆخی کوردەکانی دانیشتووی ئەو وڵاتە لە دۆخی کوردەکانی تورکیە باشتر نیە. تا دوو مانگ لەوە پێش ٣٠٠ هەزار کوردی ئەو وڵاتە هیچ چەشنە کارتێکی پێناس یا مۆڵەتی دانیشتنیان نەبووە و بەم پێیە لە هەموو مافەکانی دانیشتوانی ئەو وڵاتە بێ بەهرە بوون. ئەوانە گۆشەیەک لە بارودۆخی زاڵ بەسەر دانیشتوانی کوردی هەر چوار وڵاتی ئێران، عێراق، تورکیە، سووریە دا بوو کە بە شێوەیەکی زۆر کورت باسی کرا.

گەلۆ ! ڕێبەریی حیزبێکی سیاسی کورد دەتوانێ هەموو ئەو زوڵم و تاوانانە لەبەر چاو نەگرێ و لە یادیان بکا ؟ بە بڕوای من ئەرکی ڕوونی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە قاودانی ئەو جینایەت و تاوانە دژە مرۆییانەیە و لە هەلومەرجی ئێستا دا تاکە ڕێگەچارە داوا لە شووڕای ئەمنییەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە مەبەستی ئەنجامدانی ئەسڵی «ئەرکی پاراستن» لە هەمبەر کوردستانە. ئەوە دەگەڕێتەوە سەر شووڕای ئەمنییەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە ئەگەری قەبووڵکردنی ئەو داوایەدا، چۆنیەتیی ئەنجامی ئەو مەسەلە شروڤە و دیاری بکات.

٦_ بە سەرنجدان بە شیکردنەوەکانی سەرەوە، بە پێچەوانەی ئەوەی لە پڕووپاگەندەی شوڤێنیستەکان یا هێندێک لایەنی دیکەدا هاتوە، حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هیچ جۆر داوای هێرشی نیزامی بۆ ئێران یا وڵاتێکی دیکەی نەکردوە.



نەتەوەی کورد بەردەوام لە ژێر هێرش و هەڕەشەی داگیرکەران دا

**داوای ڕێبەریی ئێستای حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شووڕای ئەمنییەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بە ئەنجام گەیاندنی «ئەرکی پاراستن» لە هەمبەر هەر چوار پارچەی کوردستان، نە لە ڕووی هەست و سۆز، بەڵکوو لە ڕاستییە بەرهەست و تاڵە مێژووییەکان سەرچاوەی گرتوە**

# لە پەراوێزی سەفەرەکەی خامنەیی بۆ کرماشان

مەسعوود ڕەواندوست

دوای ماوەیەک ئامادەکاری و پروپاگەندە و هەرایەکی زۆر سەرەنجام سەفەری خامنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بۆ ئوستانی کرماشان ڕۆژی چوارشەممە ٢٠ی ڕەزبەر دەستی پێکرد. سەفەرەکەی خامنەیی کە وەک هەموو سەفەرە ڕەسمییەکانی ناوبراو ئامادەکارییەکی بەرینی پروپاگەندەیی و ئەمنییەتیی بۆ کرابوو، بە دەیان میلیارد تمەن سەرمایەی وڵاتی لێ خرج کرا و بە هەزاران پاسدار و بەسیجیی لە زۆر شوێنی ئێرانەوە بۆ جاڕ درابوو، وێڕای ئەوەی کەوتە ژێر کاریگەریی بڵاوبوونەوەی هەواڵی ئاشکرابوونی پیلانی تیرۆریستیی کۆماری ئیسلامی لە ئامریکا و، لە ڕاگەیەنە بیانییەکان‌دا ڕەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی نەبوو، بەڵام ڕاگەیەنەکانی سەر بە ڕێژیم هەوڵیان‌دا وەک هەمیشە سەفەرەکەی خامنەیی بە شێوەیەکی بەربڵاو بەرجەستە بکەنەوە.دیارە مانۆر و قسەکانی ناوبراو لەم سەفەرەدا هەڵگری زۆر ئاماژەی گرنگ بوون لە پێوەندی لەگەڵ ململانێ نێوخۆییەکانی ڕێژیم‌دا کە شیاوی لێ وردبوونەوەن.

سەفەرەکەی خامنەیی و قسە و بۆچوونەکانی لەم سەفەرەدا و لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەم سەفەرە لە چەند بواردا هەڵدەگرێ شی بکرێنەوە و تێڕامانیان بۆ بکرێ. کاتی سەفەرەکەی خامنەیی بۆ ئەم پارێزگا کوردنشینە لە ڕۆژئاوای ئێران، ئەویش بە ماوەیەکی کورت دوای هێرشی هێزەکانی ڕێژیم بۆسەر سنوورەکانی کوردستان بە بیانووی بوونی هێزەکانی پ‌ک‌ک و، لە کاتێکدا کە بارودۆخی نێوخۆیی دەسەڵات و دەرەوەی ڕێژیم لە پێوەندی لەگەڵ جیهاندا لە خراپترین دۆخی خۆیدایە، جێی لێ وردبوونەوەیە.

لەوەش گرنگتر قسەکانی ناوبراوە لە ماوەی ئەم سەفەرەدا. خامنەیی لە قسەکانی لە یەکەم ڕۆژی سەفەرەکەیدا بۆ کرماشان بە چڕوپڕی ئاماژەی بە دەوری خەڵک و بەشدارییان لە هاتنە سەرکار و پاراستن و ڕاگرتنی ڕێژیم‌دا کرد و پێی لەسەر پێویستیی بەشداریی زیاتری خەڵک لە بەڕێوەبردن و ڕاگرتن و پاراستنی نیزام داگرتەوە و بوونی متمانە لە نێوان خەڵک و ڕێژیمی بە سەرمایەیەکی گرنگ زانی و ئەوەی بە نەریتێک ناوبرد کە هەر لە سەرەتاوە خومەینی دایناوە و تا ئەمڕۆش هەروا بووە و دەبێ هەرواش بمێنێتەوە!

ئەم قسانە لە حاڵێکدایە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک ڕێژیمێکی ئیدئۆلۆژیک کە لە ڕەوتی شۆڕشی گەلانی ئێران دژی ڕێژیمی پاشایەتی دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت و بە هێنانەگۆڕی کۆمەڵێک ئیدیعا و دروشم و ئامانجی بریقەدار لە قۆناغی سەرەتایی شۆڕش‌دا توانی خەڵک لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و هەوڵ بدا خۆی وەک نیزامێکی گەلی دەربخا، ئێستا دوای تێپەڕینی زیاتر لە سی ساڵ بەسەر هاتنە سەرکاری‌دا نێوەرۆکەکەی بە تەواوی بۆ خەڵکی ئێران ڕوون بۆتەوە و تیۆری و دروشمەکانی ڕاکێشی و توانای هاندانی خەڵکیان نەماوە و ناتوانن خەڵک بجووڵێنن و لە ڕاستی‌دا خەڵک بە تەواوی لە نیزام دوور کەوتوونەتەوە و بناخە گەندەڵ و لەرزۆکەکانی ڕێژیم زیاتر لە هەر کاتێک بوونەتە جێی نیگەرانیی ڕێبەرانی ڕێژیم و خامنەییش بە دەرک کردن بەم ڕاستییە، لە قسەکانی‌دا لە کرماشان هەوڵی دا ڕێژیمەکەی بە ڕێژیمێکی گەلی پێناسە بکاتەوە کە لە بناخەڕا لەسەر ویست و داوای خەڵک و بە بەشداریی بەرچاوی خەڵک لە هەموو بەرەکاندا هاتۆتە سەرکار و هەتا ئەمڕۆ هاتوە و پێویستە لەمەوبەدواش پارێزەر و ملکەچی بڕیارەکانی بن.

خامنەیی لە بەشێک لە قسەکانی‌دا ڕوو بە خەڵکی کرماشان باسی لە ورەی بەرزی پاڵەوانانە و جوانمێرانەی خەڵکی ئەم شارە کرد و هەر وەک هەموو دەسەڵاتدارانی ڕێژیمە داگیرکەرەکان خەڵکی ئەم ناوچەیەی بە پارێزەرانی بوێر و ئازای سنوورەکان ناوبرد و لە درێژەدا باسی لە سەرچاوەی گەورەی مرۆیی و سروشتیی ئەم ئوستانە کرد. بەڵام خۆی لە ئاست ئەم ڕاستییە گێل کرد کە لە سایەی سیاسەتە چەوت و دوژمنکارانەکانی ڕێژیم و کاربەدەستەکانی ئەم ئوستانەدا ئیعتیاد و گیرۆدەبوون بە ماددە سڕکەرەکان و فەساد گەیشتۆتە ئەوپەڕی خۆی و ڕێژیم بە شێوەیەکی ترسنۆکانە و خائینانە هەوڵی داوە بە بڵاوکردنەوە و پەرەپێدان بە دیاردەی ماڵوێرانکەری ئیعتیاد ئەم ورە بەرز و جوانمێرانەیە لە لاوان و پیاوانی ئەم وڵاتەدا بکوژێ بۆ ئەوەی نەبنە مەترسی بۆ سەر سیاسەتە چەوت و ئاژاوەخوڵقێنەکانیان لە ناوچەکەدا و، دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکەیان نەکەوێتە مەترسییەوە. هەروەها ناوبراو ڕوونی نەکردەوە کە بەو هەمووە هێزە مرۆیی و سەرچاوە سروشتییەوە بۆچی دەبێ ئەم ئوستانە لەباری بێکاری و هەژاری و دواکەوتوویی لە ڕیزی هەرەپێشەوەی پارێزگاکانی ئێران‌دا بێ؟!.

خامنەیی لە بەشێکی دیکەی قسەکانی‌دا و هەر لە درێژەی گرنگی‌دان بە دەوری خەڵک لە حکوومەتدا باسی لە هەڵبژاردنی داهاتووی مەجلیسی ئێران کرد و هەڵبژاردن و بەشداریی بەرینی خەڵکی بە سەرمایەیەکی گەورە و بە نرخ بۆ ڕێژیم و بۆ خەڵک زانی و گوتی لە هەڵبژاردن‌دا دوو مەسەلە دەبێ وەبەرچاوبگیرێ، یەکەم بەشداریی بەرینی خەڵک، دووەم ڕێزلێنان لە قانوون و دەنگی خەڵک. لە پێوەندی لەگەڵ هەڵبژاردنی ٨٨یش‌دا ڕایگەیاند کە تاوانی سەرەکیی ئاژاوەگێڕانی فیتنەی ٨٨ مل ڕانەکێشان بۆ قانوون و دەنگی خەڵک بوو.

ئەم قسانە لە حاڵێکدایە کە تا ئێستاش نە خامنەیی و نە هیچکام لە بەرپرسانی ڕێژیم ڕوونیان نەکردۆتەوە کە بە پێی کام قانوون دەنگەکانی خەڵکیان دزی و کاتێک خەڵک هاتنە سەر شەقام و بە شێوەیەکی شارستانیانە داوای دەنگەکانیان کردەوە بە پێی کام قانوون خەڵکیان دایە بەر باتۆم و گوللەی بەکرێگیراوەکانیان و کارەساتی کەهریزەک و دەیانی خراپتریان خوڵقاند.

ناوبراو لە ماوەی سەفەرەکەی‌دا بۆ کرماشان لە چاوپێکەوتنێک‌دا لەگەڵ مامۆستایان و زانایانی ئایینی شیعە و سوننی پێی لەسەر پێویستیی یەکدەنگی و یەکهەڵوێستیی ئەوان لەبەرامبەر بە وتەی ئەو «تکفیری»یەکان‌دا (کە مەبەستی شوێنکەوتوانی ئایینی یاری واتە ئەهلی هەق بوو) داگرتەوە و بە ئاشکرا هەوڵی نانەوەی ئاژاوە و دووبەرەکی و هاندانی بەشێک لە خەڵکی ئەم پارێزگایەی لە دژی بەشێکی دیکە دا. نانەوەی ئاژاوە و چاندنی تۆوی دووبەرەکی لە نێوان پێکهاتەکانی وڵات و خستنەوەی شەڕ و ڕق و کین لە نێوانیان هەمیشە یەکێک بووە لە سیاسەتە سەرەکییەکانی ڕێژیم بۆ پتەوترکردنی پایەکانی دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکەیان.

شی کردنەوەی هەموو بەشەکانی سەفەر و قسەکانی خامنەیی ئەگەرچی دەرخستنی ڕووی ڕاستەقینەی ناوبراوە کە لە پشت ڕستە ڕستەی قسەکانی‌دا دیار و بەرچاوە، بەڵام لە دەرفەت و مەجالی ئەم وتارەدا ناگونجێ و هەربۆیە تەنیا تیشک دەخەینە سەر گۆشەیەک لە قسە و بۆچوونەکانی ناوبراو.



خاڵێکی زۆر گرنگ کە لە ڕاستی‌دا دەرهاویشتەی کێشەی نێوخۆیی و ململانێکانی نێو دەسەڵاتە، لە قسەکانی خامنەیی لە ڕۆژی پێنجەمی سەفەرەکەی لە نێو خوێندکارانی زانکۆی کرماشان‌دا خۆ دەنوێنێ. خامنەیی لە بەشێک لە قسەکانی‌دا لە زانکۆی کرماشان ئاماژەیەکی کورتی بە ئەگەری گۆڕانی سیستمی سیاسیی ئێران لە «ریاستی»یەوە بۆ «پارلمانی» لە داهاتوودا کرد و گوتی ئەگەر بە پێویست بزانرێ دەکرێ سیستمی سیاسیی ئێران لە «ریاستی»یەوە بۆ «پارلمانی» بگۆڕێ. ئەم ئاماژە کورتە نیشانەی پەشیمانی خامنەیی لە پشتیوانییەکانی لە ئەحمەدی‌نژاد و تووڕەیی ناوبراو لەو سەرۆک کۆمارەیە کە بە تێچوویەکی زۆر و بە کوشتن و گرتن و ئەشکەنجەی سەدان لاوی وڵات هێنایە سەرکار. ئەمڕۆ کە ئەحمەدی‌نژاد بە تایبەت لە دوای دەست پێکردنی دەوری دووەمی سەرۆک کۆمارییەکەیەوە حیسابێکی ئەوتۆ بۆ خامنەیی ناکا و زۆر مل بۆ داوا و بڕیارەکانی ڕاناکێشێ، ناوبراوی هێناوەتە سەر ئەم قەناعەتە کە بۆ لابردنی ئەم کۆسپە لە سەر ڕێگەی دەسەڵاتی ڕەها و بێ ئەملاوئەولای خۆی لە ئێستا و لە داهاتوودا، پێویستە گۆڕان بەسەر قانوونی بنەڕەتیی ئێران‌دا بێنێ و سیستمی سیاسی لە «ریاستی»یەوە بۆ «پارلمانی» بگۆڕێ و شتێکی بە ناوی سەرۆک کۆمار کە دەبێ بە دەنگی ڕاستەوخۆی خەڵک هەڵبژێردرێ نەمێنێ.

لەوانەیە گوێ لەمستیی بێ ئەملاوئەولای مەجلیسی شووڕای ئیسلامی بۆ خامنەیی و، سەرەڕۆییەکانی ئەحمەدی‌نژاد لە بەرامبەری‌دا ناوبراوی هێنابێتە سەر ئەم باوەڕە کە پێویستە لە جیاتی ئەم سەرۆک کۆمارە سەرەڕۆیە، سەرۆک وەزیرانێک هەبێ کە لە دەستی مەجلیسی گوێ لە مستی خۆی‌دا بێ.

دیارە داهاتوو دەری دەخا کە خامنەیی چەندە لە بەڕێوەبردن و بەرکردەوەیی کردنی ئەم بیرۆکەیەدا سەرکەوتوو دەبێ، بەڵام ئەگەر ناوبراو بۆ بەکردەوەیی کردنی ئەم بیرۆکەیە هەنگاو هەڵبێنێتەوە پێویستە سەرەتا لە گوێ لە مست بوونی مەجلیسی داهاتووی ئێران دڵنیا بێ و هەر لە ئێستاوە بیر لە دیاریکردنی میکانیزمێک بۆ چنینی مۆرەکانی مەجلیسی داهاتوو بکاتەوە و خۆی بۆ ئەم ململانێیە و ململانێکانی داهاتوو ئامادە بکا و ئەوە دەتوانێ ئاماژەیەک بێ بۆ ڕێڕەوی ململانێی سیاسی لە مانگەکانی داهاتووی ئێران‌دا. کەوابێ دەبێ چاوەڕوان بین بزانین لە ململانێی نێوان خامنەیی و ئەحمەدی‌نژاددا بۆ بەدەستەوە گرتنی مەجلیسی داهاتوو کێ و بە چ مکانیزمێک سەرکەوتن وەدەست دێنێ و چارەنووسی سیاسیی کۆماری ئیسلامی بە چ ئاقارێک‌دا دەڕوا.

## نامەی سەرئاوەڵای خوێندکارانی کرماشان بۆ خامنەیی

هاوکات لەگەڵ سەفەری خامنەیی ڕێبەری ڕژیمی ئێران بۆ کرماشان، کۆمەڵێک لە خوێندکارانی کرماشانی نامەیەکی سەرئاوەڵەیان بۆ خامنەی نووسیووە و تێیدا دەڵێن کە: ئێمەی خەڵکی کرماشان، نە شیعەی وەلی فەقیە، نە کوردی تەواوە و نە سەربازە عەڵقە لەگوێیەکانی ئێوەین.

خوێندکارانی کرماشانی لە سەرەتای نامەکەیان دا دەڵێن کە ئێمە کۆمەڵێک لە خوێندکارانی کرماشانی بە ئەرکی سەرشانی خۆمان دەزانین، کە سەبارەت بە سەفەری خامنەی بۆ پارێزگای کرماشان، نامەیەک بۆ ناوبراو بنووسین و بۆ ڕای گشتیش بڵاوی بکەینەوە، لە بەر ئەوەی ئەو نامەیە نەداخواز نامەیە، نە گلەیی و تەنانەت نە ڕەنج نامەیە. ئەو نامەیە لە سەر ڕاستیە تاڵەکانی کرماشانە کە سەرەڕای پرۆپاگەندی بەربڵاو، دانیشتوانی ئەم شارە هەموو ڕۆژێک لەگەڵ ئەو ڕاستیانەدا دەژین. جەنابی خامنەیی هۆی سەفەرەکەتان بۆ کرماشان و هەڵبژاردنی وەکوو یەکەم وێستگە لە ڕۆژئاوای ئێران، بۆ ئێمە ئاشکرایە. لەبەر چەند هۆ کرماشانتان بۆ سەفەر هەڵبژرادووە، یەکەم لە بەر ئەوەی بەشێکی زۆرێکی دانیشتوانی شێعەن و ئێوە ئەم پارێزگایەتان وەکوو شوێنێک بۆ بانگەشەکردنی ئیدەکانی ڕێژیمی شیعەی ویلایەتی فەقیە هەڵبژرادووە.

ئەو خوێندکارانە لە درێژەدا دەڵێن کە جەنابی خامنەیی ساڵانێکە کە ئێوە بە شێوەی جۆراوجۆر هەوڵدەدن، ئاژاوە لە نێو و ئایینە جوداکانی هەرێمەکەی ئێمەدا درووست بکەن و هەتا ڕادەیەکیش سەرکەوتوو بوون. ساڵانێکی زۆر ئێوە لەم پارێزگایەدا لە ژێر ناوی پاراستنی شیعە، دژایەتی مەزهەبی سوونیتان کرد و ئەوانتان خستە پەراوێزەوە. بەڵام بێجگە لە شەڕ، هەژاری، گیرۆدەبوون بە مادە هۆشبەرەکان و فەحشا شتێکی دیکەتان بۆ شیعەکانی ئەم پارێزگایە هێنا؟ پارێزگای کرماشان بەرزترین ڕێژەی هەژاری، بێکاری، خۆکوشتن و گیرۆدەبوون بە مادە هۆشبەرەکانی لە ئێران دا هەیە. لە ئاخرین قسەکانی خۆتان دا باستان لە هاوهەڵوێستی مامۆستایانی شێعە و سوونی کردووە، ئایا ئەوە فتوایەکی نوێ بۆ نانەوەی دووبەرێکی لە هەرێمەکی ئێمە نییە؟ لە دوای قسەکانتان هەندێ لە پیاوەکانی ئێوە جەختیان لە سەر ڕووبەڕوو بوونەوەی کەسانی پەیرەوی « ئایینی یارسانی» کردووە، ئایا ئەوە هێما نانەوەی ناکۆکی نوێ لە هەرێمەکەی ئێمە نییە؟ لەو هەوڵانەتان پاشگەز ببنەوە، ئەگینا ئێمەی خەڵکی کرماشان لە بەرامبەرتان دا هەڵوێست وەردەگرین.

خوێندکارانی کرماشانی لە درێژەی نامەکەیان دا دەڵێن: جەنابی خامنەی زۆر ئاشکرایە کە بە چ هۆیەکەوە ئێوە کرماشان بە زێدنی خۆتان دەزانن. ساڵانێکە کە هەوڵ بۆ دابراندنی ئێمە لە هاوزمانانمان دەدەن. ئێوە لە قسەکانتان دا تەنانەت جارێکیش باسی ناسنامەی نەتەوەی کوردی ئێمەتان نەکرد. ئەوە لە کاتێک دایە کە سیاسەتەکانی ڕژیمی ئێران لە مەڕ کێشەی گەلان و بە تایبەتی گەلی کورد بە بۆن بەست گەیشتووە. ساڵانێکە کە ئێوە هەوڵ دەدن کرماشان بکەن بە ناوەندی هەناردەکردنی سەرباز وهێزی نیزامی بۆ ناوچە کوردنشینەکانی ئێران.

ئایا ئەوە شتێکی بە هەڵکەوتە کە هەموو نیزامیە پلە خوار و مامناوەنجیەکانی ناوچە کوردنشینەکان خەڵکی کرماشانن؟

ئەو خوێندکارانە لە درێژەی نامەکەیاندا باس لە پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ لە پارێزگای کرماشان دەکەن و دەڵێن کە ئەگەر چی زیندانەکانی کرماشان ، وەکوو زیندانی ئیتلاعات، و زیندانی دیزڵ ئاوا، وەکوو زیندانەکانی تاران سەرنجی لایەنگرانی مافی مرۆڤ ڕاناکێشێ، بەڵام یەکێک لە ترسناکترین و تۆقێنەرترین زیندانەکانی ئێرانە.

هەر ئەوەندی کە ئێمە نووسەرانی ئەو نامەیە ناتوانین ناوی خۆمان ئاشکرا بکەین، هێمای هەبوونی کەشووهەوای سەرکووتکەرانە لە کرماشانە. ئێمەی کرماشانیەکان شیعەی ولایەتی فەقێ، کوردی تەواوە و سەربازی ئەڵقە لەگوێی ئێوە نابین. ناسنامەی ئێمە ئاشکرایە. ئێمەی خەڵکی کرماشان لەگەڵ هەموو باوەڕە جۆراجۆرەکانمان وەکوو شیعە، سونی و یارسانی شانازی بە ناسنامەی کوردی خۆمانەوە دەکەین و لەگەڵ پاراستنی هەموو نەریتە مرۆڤایەتیەکانمان، بە پاڵەوانی دەمێنینەوە

# کۆماری ئیسلامی، سزای ئێعدام و بەرهەمهێنانەوەی توندوتیژی

مەحموود شەریفی
و: تەها ڕەحیمی

لادانە کۆمەڵایەتییەکان بەردەوام ڕێگەخۆشکەری ڕوودانی تاوانەکانی کۆمەڵگە بوون و هەر لە مێژەوە حکوومەتەکان بۆ کەم کردنەوەی تاوان هەمیشە کۆمەڵە یاسا و ڕێسایەکان پەسند کردوە. لەم سەردەمەشدا لێکدانەوەی ڕێگەچارە و پەسندی ئەو یاسا و ڕێسایانەی ڕوودانی تاوانەکان کەم دەکەنەوە بووتە بە یەکێک لە کەڵکەڵەکانی زانستە مرۆییەکان و هێندێک لکی پسپۆری لێکەوتووەتەوە کە بە تایبەت وەک بەریانییە جۆراوجۆرەکانی حقووق و کۆمەڵناسی سزای لێهاتوە. لە دەیەکانی کۆتایی سەدەی بیستەم دا ئاکامی لێکۆڵینەوەکان لەم بوارەدا بە کارنەهاتوویی و ناکارامەیی و نامرۆییانەبوونی سزای ئێعدامیان سەلماند. وەک دەزانین ئێعدام کردن قەرەبووی بۆ نیە و تەنانەت لە سیستمێکی قەزایی زۆر بە ئینسافیشدا هەڵەیەکی دادوەری دەتوانێ ببێتە هۆی کوشتنی بێ تاوانێک چ بگا بە کۆماری ئیسلامی کە بە ئانقەست، دادوەری کردوە بە خودا، لە محاکمە و دادرەسی دا لانی کەمی پێوانەکان لە بەرچاو ناگرن. لەگەڵ پێکهاتنی ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی لە ساڵی ١٩٦١ زایینی دا، ئەو ڕێکخراوە جاڕنامەیەکی لە سەر قەدەخەی ئێعدامی زیندانییە سیاسی و ئەو کەسانەی جیابیرن بڵاو کردووە کە دواتر و بەرە بەرە چالاکی ئەم ڕێکخراوە دژی سزای ئێعدام پەرەی گرت. لێبووردنی نێونەتەوەیی، ئێعدام بە سزایەکی بێبەزەییانە، نامرۆیی و سووکایەتیپێکەر دەزانێ و لە هەر هەلومەرجێک دا بن ئەم لاویەولا دژی سزای ئێعدامە. لێبووردنی نێونەتەوەیی بە بێ لەبەرچاوگرتنی نێوەرۆک و چۆنییەتی تاوانی تاوانبار یا ئەو شێوازەی وڵاتان ئێعدامی پێ دەکەن، دژی ئێعدامە. لەگەڵ پێکهاتنی کەمپەینی جیهانی دژی ئێعدام لە لایەن ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی لە ساڵی ١٩٧٧دا و دیاری کردنی ڕۆژی دەی ئۆکتۆبەر وەک ڕۆژی جیهانی دژی «ئێعدام» تا ئێستا ١٣٩ وڵاتی جیهان بە کردەوەو بە قانوون ئێعدامیان هەڵگرتوەو تەنیا ژمارەیەکی کەم لە ٥٨ وڵاتەکەی دیکە هێشتاش سزای ئێعدامیان لە کاروباری قەزایی دا ماوە و بەڕێوەی دەبەن. لەم نێوەدا دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دوای چین ڕێکۆردی ئێعدامی جیهانی پێیە و لە ڕاستی دا لە ئێعدام وەک ئامرازێک بۆ چاوترسێن کردنی دژبەرانی کەڵکی لێوەردەگرێ و تەنیا بەشێکیان لە میدیاکانی خۆی دا بڵاو دەکاتەوە و زیاتریان بە نهێنی بەڕێوە دەبا. لە پێکهاتەی کۆماری ئیسلامی دا حوکمی ئێعدام لە محاکمەیەکی نادادپەروەرانە و زیاتر لە سەر بنەمای «دان پێدانانێ»ک دەردەکرێن کە بە زۆربەی ئەشکەنجە وەردەگیرێن و زۆربەی جارانیش پەتی سێدارە بە شێوەیەکی نەگونجاو بە بەشی هەژاران، کەمە نەتەوەیی و ئایینی و ئەندامانی هێندێک گرووپی ئۆپۆزیسیۆن دەبڕێن. بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی سزای ئێعدام لە ئێران بۆ تاوانە هێمنانە و دوور لە توندوتیژییەکان دەردەکرێن. ئەو تاوانانەی کە لە ڕیزی «جینایەتە کارەساتبارەکان»دا نین زیاتر تاوانە ئابووری، کفر کردن، قاچاخی بەنگەمەنییەکان، پێوەندیی جینسی نێوان دوو کەسی پێگەیشتوو و لە سەر ڕەزایەتی هەر دوو لایەن و بابەتگەلێکی لێڵی وەک شەڕی دژی خودا و هەستان دژی تەناهی نەتەوەیی دەگرنەوە. دەرکردنی بڕیاری ئێعدام بۆ ئەو تاوانانەی باسیان کرا لە حاڵێکدایە، کە دامەزراوەکانی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەککگرتوەکان بەردەوام دژایەتی خۆیان زۆر بە ڕوونی لە سەر سزای ئێعدام دربڕیوە. هەر بۆیە دادگای نێونەتەوەییش کە محاکمەی تاوانبارانی جینایەتی کارەساتباری (جینایەتی شەڕی، جینایەت دژی مرۆڤایەتیی و ژینۆساید) لە ئەستۆیە خۆی لە دەرکردنی بڕیاری سزای ئێعدام دەپارێزێ. یەکێک لەو پاساوانەی کۆماری ئیسلامی لە بابەت ئێعدامەوە دەیهێنێتەوە، ڕۆڵی بەرگری ئێعدام لە ڕوودانی تاوانە، کە بۆ پووچ کردنەوەی ئەو دوایانەی بنیاتی عەبدوالرەحمانی بروومەند لێکۆڵینەوەیەکی لە سەر ئێعدامی قاچاخچییەکانی بەنگەمەنییەکان کردوە. بە پێی ئەو لێکۆڵینەوەیە ژمارەی ئێعدامەکان لەم بارەوە لە ساڵی ١٣٥٨ لە ٦٠ ئێعدامەوە ساڵی ١٣٥٩ گەیشتۆتە ٤٠٠ بابەت و لە ساڵی ١٣٦٣دا ٦٠٠ بابەت زیادی کردوە. چالاکیی لێگدا لێگدا بۆ بنبڕی بەنگەمەنییەکان بوەتە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی ئێرانییەکان و ئێعدام کردنی بەپەلەی هەزاران کەس و دەستبەسەرکردن و مەحکووم کردنی سەدان هەزار کەسی لێکەوتۆتەوە و لە ماوەی ساڵەکانی ١٣٧٤ تا ١٣٨٤ نزیک بە ٥٠٠٠ کەس لە بەر قاچاخی بەنگەمەنییەکان ئێعدام کراون و، ئەگەرچی ئێستاش گەورەترین کێشەی کۆمەڵایەتی خەڵکی ئێران گیرۆدەبوون بە بەنگەمەنییەکانەوەیە، ڕێژەی ئەو کەسانەی لە سەر ئەمە گیراون لە ٥٪ بەر لە شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە دوای شۆڕش گەیشتۆتە ٥٠٪ و زیندانەکانی ئێران لیپاولیپن و لە ڕاستیدا نیوەی زیندانییەکانی وڵاتن. بەسەیر کردنی ئەم ئامارانە تێدەگەین سزای ئێعدام کردن لەسەر ئەم تاوانانەی پێوەندی دار بە قاچاخی بنگەمەنییەکان نەک هەر بەرگر نەبووە پاساو و بەڵگاندنی بەرپرسانی قەزایی ئێرانیشی کردۆتەوە هیچ.

سوور بوونی دەسەڵات لەسەر بەڕێوەبردنی سزای ئێعدام کردن بەشێوەیەکی بەرچاو کۆمەڵگەی ئێرانی بەرەو توندوتیژی بردوە و شات و شوتی میدیایی لەسەر ڕەوا بوونی سزای ئێعدام کردن لە ئێعدام کردنی ئەو کەسانە ڕازی و خۆشحاڵن. بەڕێوەبردنی توندوتیژی لە ڕێگەی بەڕێوەبردنی سزای ئێعدام کردن لە بەرچاوی گشتی ناشیرینی ئەو کردەوەیە دەشکێنێ و دەبێتە هۆی بەرهەمهاتنەوەی توندوتیژی بە جۆرێک هەموو دەزانین ئەو کەسانەی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان توندوتیژی بە کار دەهێنن زۆربەیان ترس و



بوەتە هۆی ئەوەیکە بەشێک لە جەماوەر بە بێ خەبەر لە ئاکام و دواهاتە کۆمەڵایەتییەکانی سزای ئێعدام لەمبارەوە بە جۆرێک لەگەڵ دەسەڵات بکەون کە لەم دواییانەدا بۆ سەیری ئێعدامکردنی مێرمنداڵێکی ١٧ ساڵان نزیک بە ١٥٠٠٠ هەزار کەس بەیانی کاتژمێر ٥ کۆ دەبنەوە. لە لایەکی دیکەشەوە ترس لە گیرۆدەبوون بە بەنگەمەنییەکان لە بنەماڵەدا ڕەوایی زیاتری بە ئێعدام کردنی سەرەڕۆیانەی قاچاخچییەکان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بەخشیوە و هێندێک خەڵک و لایەن دڵەڕاوکێی دەروونی قووڵیان هەیە.

وەک موریس مرلوپونتی دەڵێ: ‹›ئەو کاتەی مرۆڤ هەوڵ دەدات ترسی خۆی بڕەوێنێتەوە تێدەکۆشێ خەڵکی دیکە بترسێنێ. ‹› بە واتەیەکی دیکە سەرچاوەکانی توندوتیژی لە لاوازی و ترسەوەیە و دەسەڵاتی ئێرانیش هەرکات لە نێوخۆوە زانی کێشەی بۆ هاتۆتە پێش دەیەوێ بە سەپاندنی توندوتیژی ڕووت لە ڕێگە ئێعدام کردنەوە لە بەر چاوی گشتی پەرە بە ترس و تۆقاندن بدا. بە پێی ئامارەکانی بنیاتی عەبدەلڕەحمانی بروومەند ژمارەی ئەو ئێعدامانەی کە بە شێوەی نهێنی و فەرمی لە ساڵی ٢٠١٠ لە ئێران کراون، لانی کەم نزیک بە ٥٢٨ بابەت و تەنیا لە مانگی ژانویەی ساڵی ٢٠١١ دا، لانی کەم ٩٥ بابەت بووە. بە پێی سەرچاوەی باوەڕپێکراوی ڕێکخراوەی لێبوردنی نێونەتەوەیی ٣٠٠کەس لەو ئێعدامانەی باسیان کرا بە شێوەی نهێنی لە ماوەی چەند ڕۆژ لە زیندانی وەکیل ئابادی مەشەد بە دارەوە کراون و ژمارەیەکی زۆریش بە تاوانی شەڕ دەگەڵخودا ئێعدام کراون. زیندانییەکان بەر لە ئێعدام کردنیان ماوەیەکی زۆر لە زیندان دەسبەسەرن و لەم ماوەیە دا بە دەیان شێوە ئەشکەنجە و ئازار دەدرێن. زیندانییەسیاسییەکان زیاتر لە شوێنی نهێنی ڕادەگیرین. و محاکمەکان بە شێوەیەکی نادادپەروەرانە بەڕێوە دەچن و زیندانییەکان لەو ماوەیەدا بە پێی قانوون بۆیان نییە تا دوای لێکۆلینەوە و لێپێچینەوەکان کە چەندین مانگی پێدەچێ پارێزەر ببینن و ڕاوێژی پێ بکەن و زۆربەی محاکمەکانیش خێراو جاری وایە چەند خولەک زیاتری تێ ناچێ. ئەو توندوتیژییەی کە بەم شێوەیە دەهەناوی کۆمەڵگە دەکرێ زۆر ترسناکە بەتایبەت لە هەلوومەرجێک دا کە وڵات لە قەیرانی دەسەڵات بێتە ئاراو بەڕێوەچوونی قانوونی بۆشایی تێبکەوێ وەک تۆڵە ساندنەوە کوشت و بڕ بە شێوەیەکی بەرین و بەربڵاو دوور لە چاوەڕوانی نییە.

سەرچاوە:
« گزارش سازمان عفوبین الملل در خصوص احکام و مجازات های اعدام در سال ٢٠١١»
« مقالەی تأملی در مجازات مرگ و مبارزه ناکام با قاچاق مواد مخدر»
«بنیاد عبدالرحمن برومند»

# کۆماری ئیسلامی، خوڵقێنەری بەستێنی سەرهەڵدانی لادانە کۆمەڵایەتییەکان

سیروان مووساپوور

لەوانەیە جێگەی سەرسووڕمان و باوەڕنەکردن و لە هەمان کاتدا بیرکردنەوەش بێ ئەگەر بڵێین دەسەڵاتی سیاسیی لە وڵاتیکدا، هۆکاری سەرەکی لادانە کۆمەڵایەتییەکان و لە ڕاستیدا خوڵقێنەری بەستێنی سەرهەڵدان و تەشەنەسەندنی دەیان جۆر لادانی کۆمەڵایەتی بێ!؟ بەڵام هیچ گومان لەوەدا نییە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وەک دەسەڵاتی سیاسیی زاڵ بەسەر ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە ماوەی زیاتر لە سێ دەیە دەسەڵاتدارێتی ڕەشیی خۆیدا، خوڵقێنەری بەستێن و هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدان و پەرەئەستاندنی دەیان جۆر لادانی کۆمەڵایەتی لەم وڵاتەدایە.

ڕۆژانە زیاتر لە جارێک گوێبیستی وشەی لادان یان لادەر یان وشەگەلی لەم چەشنە لە ڕاگەیەنە گشتییەکانی کۆماری ئیسلامی دەبین و تەنانەت زۆر جار لە هەواڵەکاندا باسی ئەوە دەکرێ کە کەس یان کەسانێک بە هۆی لادان لە بەها و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان تووشی دەسبەسەربوون و سزای مەرگ دەبنەوە. بەڕاستی لادانی کۆمەڵایەتی چییە کە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا ڕۆژ نییە کەس یان کەسانێک بەم بیانووە ( بە هەموو جۆرەکانییەوە) تووشی سزای قورس و تەنانەت مەرگ نەبنەوە؟ داخۆ هەر ڕێژیم خۆی خولقێنەری بەستێنی لادانە کۆمەڵایەتییەکان نییە و لەم نێوەدا بە بەردێک دوو کێلان ناشکێنێ کە هەم بەستێنی لادانەکە بخوولقێنێ و هەم لە لایەکی دیکەوە ژیان لە خەڵک بستێنێ؟ تۆ بڵێی مرۆڤەکان هەر خۆیان حەزیان لە لادان لە بەها



و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان بێ یان کۆمەڵە هۆکارێکی دەرەکی دەست دەدەنە دەستی یەک و ئەو مرۆڤە تووشی لادان دەکەن؟ ئەوەی لێرەدا جێگەی سەرنج و لە هەمان کاتیشدا بابەتی ئەم نووسینەیە، ڕۆڵی کۆماری ئیسلامی وەک دەسەڵاتی سیاسیی زاڵ بەسەر ئێران و دام و دەزگاکانی سەر بەم ڕێژیمەیە کە تا چەند پاڵنەر و لەڕاستیدا تاکەکان تووشبوونی لادانە کۆمەڵایەتییەکان دەکا.

چەمک و زاراوە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر لە پێناسەیەکیان بۆ کراوە و بە شێوەی جۆراوجۆر لەسەریان نووسراوە و هەر زانا و بیرمەندەی بە شێوازی خۆی لەسەریان دواوە. بەڵام لە سادەترین پێناسەدا هەروەک مەنوچێهر موحسنی باسی کردووە، لادانیی کۆمەڵایەتی بریتییە لە: « هەر جۆرە ڕەفتارێکی تاکەکەسی یان گرووپی کە لەگەڵ چاوەڕانییەکانی کۆمەڵگە و نۆرم و بەها ڕاگەیاندراو یان پەسندکراوی کۆمەڵە خەڵکێکدا ناکۆکە و لە ئەنجامی کاریگەیی دەرکەوتنی ئەم ڕەفتارانەدا دژایەتی و ناکۆکییەک درووست دەبێت کە سەردەکێشێ بۆ تێڕوانینێکی دژکردەوەی وەک سزادان، گۆشەگیریی و تەنانەت لە سێدارەدانیشی لێ دەکەوێتەوە».

بە پێی ئەم پێناسەیە هەموو ئەو کەسانەی کە بە پێچەوانەی نۆرم و بەها پەسندکراوەکانی نێو کۆمەڵگە دەجووڵێنەوە، وەک لادەری کۆمەڵایەتی لە قەڵەم دەدرێن و سەیر دەکرێن. لەگەڵ ئەوەیکە سەرهەڵدانی هەر لادانێکی تاکەکەسیی یان گرووپیی لایەنێکی بایۆلۆجی، دەروونی، کۆمەڵایەتی، ئابووری لە پشتە و سەرهەڵدانی هیچ دیاردەیەک بێ هۆکار و لایەنی جیاواز نییە و تەنانەت ڕاڤە و شیتەڵکاریی

ل ٧

# بزووتنەوەی وال ستریت ئەزموونێکی نوێ لە بەشداریی سیاسی و کۆمەڵایەتی دا

ڕێبوار مەعرووف زادە

لە ١٧ی سپتامبەر لە پارکی ئازادی لە تەنیشت وال ستریت نزیک ٣٠٠ کەسێک هەوڵیان دا بیرۆکە و ئایدیای گرتنی وال ستریت بە شێوەیەکی سەمبۆلیک لە سەرەتادا لە ئاستی ئەمریکادا ئەنجام بدەن و دواجار ئەو ئایدیایە لە ئاستی جیهاندا بڵاو بکەنەوە. دیارە بزووتنەوەی وال ستریت توانی لە ئاستی کۆمەڵگەی ئەمریکادا سەرنج ڕابکێشێ و تەنانەت سەرۆک کۆماری ئەمریکا هاودەردیی لەگەڵ کردن و ئەو بزووتنەوەیەی بە بەرهەمی قین و تووڕەیی خەڵک لە دۆخی خراپی ئابووری لە قەڵەم دا.

هەر چەند کە لە کاتی ئێستادا بزووتنەوەی وال ستریت بە پێچەوانەی دروشمەکەی (ئێمە ٩٩ لە سەدی خەڵکین) نەیتوانیوە لە هەر یەک لە وڵاتەکان جەماوەرێکی بەرچاو لەگەڵ خۆی هاوهەنگاو بکا، بەڵام ئەو بزووتنەوەیە چەند قاتی ئەوەی لە ئەمریکا بەرجەستە بۆتەوە، لە نێو وڵاتانی جیهاندا پەرەی ئەستاندوە. بۆ نموونە بزووتنەوەی وال ستریت لە لەندەن، مادرید، سێئوول، ڕۆم و... هاوشێوەی پەیدا کردوە. دیارە هەر بزووتنەوەیەک بەرهەمی هەبوونی کەلێنێکی کۆمەڵایەتی، ئابووری و... یان شکڵگرتنی پێوەندییەکی نوێی ئابووری، کۆمەڵایەتی و... لە نێو کۆمەڵگە دایە. ئەو کەلێن یان پێوەندییە نوێیە فرەڕەهەندانەی کە بزووتنەوەی وال ئێستریتیان لە سەر بنیات نراوە بریتین لە:

١ـ نەگونجانی سیستمی دەوڵەت ـ نەتەوە و سیستمی بانکداریی جیهانی:

لە ڕەوتی قەیرانی ئابووریی ساڵی ٢٠٠٨دا بانکەکان بە هاوکاری و یارمەتیدانی دەوڵەتەکان لە (ئیفلیس) بوون دەرباز بوون. دەوڵەتەکان بەم سیاسەتە ئەسڵێکی گرینگ لە سیستمی سەرمایەدارییان پێشێل کرد، واتە دەوڵەت پابەند نەبوو بە سیستمی «بازاری ئازاد» و ڕکابەریی ئازاد لە نێوان بانکەکان دا. هەروەها سەرمایەدارەکان لە بانکەکان وەک شوێنی کۆبوونەوە یان دەزگایەک بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەی سەرمایەدارەکان کەڵکیان وەرگرتوە. ئەو سەرمایەدارانە پابەندی بەشداری لە ئاوەدانکردنەوە، بەرهەمهێنان و بە گشتی تەرخان کردنی سەرمایە لە بەشی دروست کردنی کار دا نین، بەڵکوو زۆرتر سەرقاڵی بەراورد کردنی بازار و ئاڵوگۆڕی دراون. لە حاڵێکدا کە دەوڵەتەکان بانکەکانیان لە ئیفلیس بوون دەرباز کرد، بەڵام بە پێچەوانەوە سەرمایەدارەکان ئامادە نین چوارچێوەدارتر کار بکەن و سەرمایەکانیان لە بەشی بەرهەمهێنانی کاردا بخەنەگەر. دیارە دەوڵەتەکان لە ساڵی ٢٠٠٨دا چارەیەکیان جگە لە یارمەتیکردنی بانکەکان نەبوو چونکە مەسەلەکە تەنیا ئیفلیس بوونی بانکێک یان دوو بانک نەبوو، بەڵکوو کێشەکە قەیرانی ئابووری بوو. بەم پێیە لە لایەک دەوڵەتەکان ناچار بوون تەنانەت بەو ماڵیاتەی کە لە خەڵکی وەردەگرن یارمەتیی بانکەکان بکەن، لە لایەکی دیکە بانکەکان ناچنە ژێر یاسا و چوارچێوەی دەوڵەت ـ نەتەوەکان و خۆیان بە هیچ دەوڵەت ـ نەتەوەیەک نابەستنەوە. بە واتایەکی دیکە دەوڵەت وەک نوێنەری کۆمەڵگە دەرەقەتی ئابووریی سەرمایەداری و بە تایبەتی سیستمی بانکداریی جیهانی نایەت. لێرەدا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە ئەگەر دەوڵەت ـ نەتەوە، دەرەقەتی سیستمی بانکداریی جیهانی نایەت ئایا هاووڵاتان لە ڕێگەی دیموکراسیی پارلمانییەوە دەتوانن یارمەتیی بەهێزتر بوونی دەوڵەت ـ نەتەوە بدەن و دۆخەکە چارەسەر بکەن؟ ئەو لاواز بوونەی دەوڵەت ـ نەتەوەکان لە بەرامبەر ئابووریی سەرمایەداری دا پێوەندیی بە ئامادەبوون یا بەشداربوونی هاووڵاتانەوە نییە بەڵکوو ئەو لاوازبوونە بەرهەمی پرۆسەی بە جیهانیبوونە. پرۆسەی بە جیهانیبوون لە دوو ڕێگەوە بۆتە هۆی لاوازبوونی دەوڵەت ـ نەتەوەکان. ئەو دوو ڕێگەیە بریتین لە:

١ـ بە جیهانیبوونی بەرهەمهێنان: ئەمڕۆکە بە هۆی گەشەی تەکنۆلۆژیی پێوەندییەکان و ئاڵوگۆڕی زانیاری، تەکنیکی دروست کردن و بەرهەمهێنانی شتومەک، سنووری هەر وڵاتێکی بەزاندوە و بە جیهانی بووە. بەم پێیە بەرفراوانبوونی تەکنۆلۆژیی پێوەندییەکان و ئاڵوگۆڕی زانیاری، وایکردوە کە جوغرافیای بەرهەمهێنان بە قەت جوغرافیای جیهان بەرفراوان ببێتەوە و سەرمایەدارەکان توانایی ئەوە پەیدا بکەن لە هەر شوێنێک کە ماڵیاتی کەمتر و بەهرەی زیاتر دەست بخەن، ئامادە بن.

٢ـ بە جیهانیبوونی دراو: لە سەردەمی ئێستادا بەشی بەرچاوی پارەو پووڵ لە ڕێگەی سیستمی کامپیوتێر و ئینترنێتەوە رادەگوازرێ و دەوڵەت ناتوانێ کۆنترۆل و چاودێریی بازاری دراو بکا. چونکە دەوڵەت ـ نەتەوەکان ناتوانن سیستمی کامپیوتێر و ئینتێرنێت کۆنترۆڵ بکەن. بەم پێیە بە جیهانیبوون لە ڕیگەی بە جیهانیکردنی بەرهەمهێنان و بە جیهانیکردنی دراو، دەوڵەت ـ نەتەوەی لاواز و ئابووریی سەرمایەداری و بە تایبەتی سیستمی بانکداریی جیهانی بەهێز کردوە. بۆ نموونە ئەگەر دەوڵەتی ئەمریکا فلانە بانک یا سەرمایەدار بخاتە ژێر گوشارەوە و هەوڵ بدا ماڵیاتێکی زیاتر لەو سەرمایەدارە یا بانکە بستێنێ، ئەوان دەچن بۆ شوێنێکی دیکە وەک ئوروووپا، چین، ئەفریقا و...

کەوایە هەر دەوڵەتێک لە جوغرافیای حوکمڕانیی خۆی دا دەتوانێ کاریگەریی لە سەر بازار و ئابووری هەبێ. بەڵام ئەو کاریگەرییە بە چەشنێک نییە کە بتوانێ پارێزگاری لە خزمەتگوزار بوون یا خۆشبژیوبوونی دەوڵەت بکا. بەم شێوەیە نەبوونی هاوپێوەندیی نێوان دەوڵەت ـ نەتەوەکان و ئابووریی سەرمایەداری بۆ کێشەی دەرەقەت نەهاتنی دیموکراسیی پارلمانی (دیموکراسی سنووردار لە باری جوغرافیاییەوە) لە بەرامبەر سیستمی بانکداریی جیهانی دا شۆڕ دەبێتەوە. دواجار دیموکراسیی پارلمانی بە هۆی بەجیهانیبوونی ئابووری و بە تایبەتی بە هۆی سیستمی بانکداریی جیهانی ناتوانێ پارێزگاری لە خۆشبژیویی هاووڵاتان بکا.

٢ـ گونجانی نوێی نێوان تیۆری و پراکتیک: هەنووکە بزووتنەوەی وال ستریت خوازیاری دادپەروەریی ئابوورییە، بەڵام ئەوە کە ئەو بزووتنەوەیە لە کام تیۆری سەرچاوەی گرتوە و بە پشت بەستن بە کام تیۆری داواکارییەکانی وەراست دەگەڕێنێ و دەیانکا بە واقع بابەتێکی نادیارە. هەر دوو تیۆریی کاپیتالیزم و کۆمۆنیزم بۆ ماوەیەکی زۆر لە فەزایەکی فیکری و تیۆریک دا ئامادە بوون، دواتر بزووتنەوەکان لەو تیۆرییانە کەڵکیان وەرگرت و هەرکام لەو تیۆرییانە لە مەیدانی کردەوە و واقع دا دەرکەوتن. ئایا هەنووکە لە سەردەمی بە جیهانیبوون دا هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان و بزووتنەوە کۆمەلایەتی، سیاسی وەکان وەپێش تیۆرییە کۆمەڵایەتی، سیاسی وەکان کەوتوون یان تیۆرییە فرەڕەهەندەکان بە شوێن هەڵسوکەوت و بزووتنەوە فرەڕەهەندەکان دا لە دایک دەبن؟

هەنووکە ئەوەی یارمەتیی بزووتنەوەی وال ستریت دەدا دەوڵەتەکان نین بەڵکوو تەکنۆلۆژیی سەردەمە. هەنووکە مرۆڤەکان لەگەڵ ئینتێرنێت، ماهوارە، فەیس بووک و... بە گشتی لەگەڵ تەکنولۆژیی سەردەم دەژین و بەرەوپێش دەڕۆن. تەکنۆلۆژیی نوێ وای کردوە کە مرۆڤەکان بتوانن ڕۆژانە یەکتر ببینن، گوێ لە یەکتر بگرن و لەگەڵ یەکتر قسە بکەن. بەم پێیە تەکنۆلۆژی نوێ، مکانیزمی دیالۆگی ڕۆژانە و بەردەوامی لە جیهاندا جێگیر کردوە. مکانیزمی دیالۆگی ڕۆژانە تەنیا لە پێوەندییەکی ئاسۆیی بەردەوام و ڕۆژانەی نێوان مرۆڤەکان دا دەتوانێ جێ بگرێ. ئەزموونی پێوەندیی ئاسۆیی بەردەوام لە نێو مرۆڤەکان لە ماوەیەکی درێژخایەندا گەشە دەکات و دەگاتە ئەو ئاستەی کە چالاکییە مرۆییەکان و بزووتنەوە مرۆییەکان پێویستیان بە ڕێبەر نەبێ، بە واتایەکی دیکە ئەنجامی درێژخایەن و بەردەوامی دیالۆگی ڕۆژانە شوێن و پێگەی بەشداریکردنی یەکسان بۆ هەموان دەستەبەر دەکا. لە ڕاستیدا مکانیزمی دیالۆگی سنووری نێوان تیۆری و پراکتیک، ڕێبەری فیکری و بەشداربوو کەمرەنگ دەکات. جێگیربوونی دیالۆگی ڕۆژانە لە نێو مرۆڤەکان دا وای کردوە فیکر و جوولە، تیۆری و پراکتیک لە پێوەندییەکی بەردەوامی ڕۆژانە لەگەڵ یەکتردا بن و بە شێوەیەکی بەردەوام و ڕۆژانە لە لێکنزیکبوونەوە و بەرهەمهێنانەوەی یەکتردا بەشداری بکەن.

بەم پێیە بزووتنەوەی وال ستریت بە هۆی کەڵکوەرگرتن لە دیالۆگی ڕۆژانە مەودای نێوان ڕێبەر و بەشداربووی پڕکردۆتەوە. لە ڕاستیدا بزووتنەوەی وال ستریت ئەزموونێکی نوێ لە بەشداریی سیاسی و کۆمەڵایەتییە. هەروەها ئەو بزووتنەوەیە بزووتنەوەیەکی بێ ڕێبەر نییە بەڵکوو بزووتنەوەیەکە کە هەزاران «ڕێبەر ـ بەشداربوو»ی هەیە.



درێژەی:

## کۆماری ئیسلامی، خوڵقێنەری بەستێنی سەرهەڵدانی لادانە کۆمەڵایەتییەکان

هۆکارەکانی تووشبوون بە لادان خەمی گەورەی بیرمەندان و توێژەرانی ئەم بووارەیە، بەڵام بێگومان دەتوانین بڵێین دسەڵاتی سیاسیی زاڵ بەسەر ئێراندا پاڵنەری سەرەکیی تاکەکانە بۆ لای لادانە کۆمەڵایەتییەکان چ لە ئێراندا بە شێوەیەکی گشتی و چ لە کوردستاندا بە شێوەیەکی تایبەتی.

ئەمڕۆکە مرۆڤ کوشتن، خۆکوژی، دزی، دەستدرێژی سێکسی، بەدڕەوشتی، گیرۆدەبوون بە مادده هۆشبەرەکان و دەیان جۆر لادانی کۆمەڵایەتی دیکە لەنێو کۆمەڵگەی ئێراندا دەبینرێن کە ڕۆژ نییە کەسانێکی زۆر بە هۆی تووشبوونیان، تووشی بەندیخانە و تەنانەت سزای مەرگ نەبنەوە. ئەگەر وەک نموونە دیاردەی گیرۆدەبوون بە ماددەسڕکەرەکان بخەینە بەرچاو کە لە هەمان کاتدا کە دیاردەیەکی جیهانی و گرفتێکی سەرەکی زۆرێک لە کۆمەڵگەکانە وەک لادانێکی کۆمەڵایەتیش سەیر دەکرێ، ڕۆڵی کۆماری ئیسلامی و دامودەزگاکانی سەر بەم ڕێژیمە لە هەرچی زیاتر تەشەنەسەندنی ئەم بەڵایە زیاتر دەردەکەوێ. کۆماری ئیسلامی و ڕێژیمی دەسەڵاتدار بەسەر ئێراندا بە هۆی دابین نەکردنی هەلی کار بۆ خەڵک بە تایبەت لاوان، ڕیگە نەگرتن لە ئاسان دەس کەوتنی ئەم ماددانە، هاوکاریی بازرگانان و فرۆشیارانی مادده هۆشبەرەکان، تەرخان نەکردنی بوودجەی پێویست و نەگرتنەبەری ڕێوشوێنی گونجاو بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەم پەتایە و.. وەک تاوانباری سەرەکی پەرەئەستاندنی ئەم دیاردەیە لە کوردستان و خوڵقاندنی بەستێنی سەرهەڵدانی چەشنێک لادانی کۆمەڵایەتی لەم کۆمەڵگایەدا دێتە ئەژمار.

لە زۆربەی حاڵەتەکانی دیکەشدا مەسەلەکە هەر بەم شێوەیەیە. بێکاری و هەژاری وەک دوو دیاردە کە باسی زۆر هەڵدەگرن و لە ڕاستیدا وەک ماکەی زۆربەی لادانە کۆمەڵایەتییەکان دوو دیاردەی جیهانیین و تەنیا پێوەندییان بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە نییە. بەڵام داخۆ دوای زیاتر لە سێ دەیە دەسەڵاتدارێتیی ئەم ڕێژیمە، تۆ بڵێی لە وڵاتێکی دەوڵەمەند و بە پیت و بەرەکەت و خاوەن سامانی وەک ئێراندا هەنگاوێکی جیددی بۆ بنبڕکردن یان لانیکەم کەم کردنەوەی قورسایی ئەم دوو دیاردەیە لە سەر شانی خەڵکی ئێران و بە تایبەتی خەڵکی کوردستان وەک نەتەوەیەکی بێبەش لە زۆربەی پێداویستییەکان هەلگیرابێ؟

خاڵێکی دیکە جێگەی سەرنج ئەوەیە هەمووومان دەزانین کە زۆربەی مرۆڤەکان لە ژیاندا بۆ جارێک یان پتر لە جارێک تووشی ئەنجامدانی ڕەفتاری لادەرانە دەبن. بەڵام پرسیار ئەوەیە کە ئایا ئەو کەسەی کە لە ژێر سێبەری دەسەلاتدارێتی وەها سیستمێکدا بە تاوانی ئەنجامدانی کارێکی لادەرانە تووشی گرتن و بەندیخانە دەبێتەوە، دەتوانێ دوای تێپەڕاندنی ماوەی حوکمەکەی درێژە بە ژیانێکی ئاسایی بدا؟ بەڕاستی کاریگەرییە نەرێنییەکانی ژیانی نێو گرتووخانە لە بەندیخانەکانی ئەم ڕێژیمەدا لە کاریگەرییە ئەرێنییەکانی زیاتر نین؟ ئەگەر سزاکە مەرگیش نەبێ، تۆ بڵێی دوای ئازادبوون لە زیندان ئەو تاکە جارێکی دیکە تووشی ڕەفتاری پێشووی نەبێتەوە؟ تۆ بڵێی لە کۆمەڵگەکەیدا بووارێکی نوێ و دەروویەکی ڕوونی بۆ بکرێتەوە و ئەو تاکە بتوانێ ژیانێکی نوێ و جیاواز لەوەی پێشووی درێژە پێبدا؟ وڵامی ئەم پرسیارانە بۆ هەر کەسێک کە تاڕادەیەکی هەرچەند کەمیش شارەزای سیاسەتی ڕێژیم و هەڵسوکەوتی کاربەدەستە گوێ، لە مستەکانی نێو دام و دەزگاکانی وەک ئیتلاعات و بەندیخانە و.. بێ، شتێکی ڕوون و ئاشکرایە و پێویستی بە هەودا و مەودا تێکەڵکردن نییە.

دەبێ بڵێین کە ئەگەرچی هۆکار و فاکتەری زۆر و جۆراوجۆر بۆ ڕاکێشانی تاکەکانی نێو کۆمەڵگە بۆ لای لادانە کۆمەڵایەتییەکان لە ئارا دان، بەڵام دەکرێ کۆماری ئیسلامی وەک پاڵنەری سەرەکی و خوڵقێنەری بەستێنی سەرهەڵدانی لادانە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێراندا لەقەڵەم بدەین کە لە ڕاستیدا خەڵقێنەری زۆربەی هۆکارەکانی دیکەشە.

# ئاشتیخوازیی ژنان، لاپەڕێکی زێڕینی مێژووی مرۆڤایەتی

**کوێستان فتووحی**

کومیتەی نۆبێل ئەمساڵ لە کاتی ڕاگەیاندنی ئاکامی خەڵاتی ئاشیتدا ڕایگەیاند: «ئێمە ناتوانین بە دێموکراسی و ئاشتیی یەکجاری لە جیهاندابگەین ، مەگەر ئەوەی کە ژنان مەجالی بەرابەر لەگەڵ پیاوان وەدەست بێنن و بتوانن کاریگەرییان سەر پێشکەوتن و پەرەسەندنەکان لە هەموو لایەنەکانی کۆمەڵایەتییەوە هەبێ. هەواڵی بەخشینی خەڵاتی نۆبێلی ٢٠١١ بە سێ ژن بە هۆی ڕۆڵ و نەخشیان لە پێناوی کار بۆ وەدیهاتنی ئاشتی ، دێمۆکراسی و یەکسانیی ڕەگەزی، جارێکی دیکە سرنجی جیهانیانی بۆلای خۆی ڕاکێشا.

ئەو سێ ژنە خەباتکارەکە بە هاوبەشی خەڵاتی ئاشیی نۆبێلی ٢٠١١یان بردەوە، بریتین لە: ئالێن جانسۆن سیرلیف یەکەمین سەرکۆماری ژن لە سەردەمی دوای سەربەخۆیی ئەفریقایە. لیما گوبوی لە وڵاتی لیبریا. هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو دوو ژنە لە لایەن کومیتەی ئاشتیی نۆبێلەوە بۆ ئەم خەڵاتە، نەخشی گرنگی ئەوان بووە لە پێناو کۆتایی هێنان بە شەڕی خوێناویی ناوخۆیی ١٣ ساڵەی لیبریا و تێکۆشانیان لە پێناوی ئاشتی و پشتیوانی لە مافەکانی ژنان بووە. تەوەکول کرمان، خەڵکی یەمەن هۆکاری هەڵبژاردنی ناوبراویش هەوڵەکانی بووە لە پێناوی وەدیهاتنی مافەکانی ژنان، دێمۆکراسی و ئازادی بووە. کرمان یەکێکە لە سیما ناسراوەکانی خۆپیشاندانە جەماوەرییەکانی خەڵکی یەمەنە، ناوبراو لە مانگەکانی رابردوودا لە زۆربەی حەرەکەتە نارەزایەتییەکانی شاری سەنعادا لە نێو ریزی ناڕازیاندا و زۆرجار لە ریزی پێشەوە حوزووری هەبووە و ژنانی هان داوە بۆ هاتنە مەیدان لە دژی دەسەڵاتی دیکتاتۆریی عەلی عەبدوڵلا ساڵح.

بڕیاری کومیتەی ئاشتیی نۆبێل، بۆ هەڵبژاردنی ئەو ژنانە، نیشانەی بایەخدانە بە خەباتی ئاشتیخوازانەی ژنان لە جیهاندا و هەروەها گرنگیدانە بە ڕۆڵ و نەخشی ژنان لە پێناو ئاشتی، دێمۆکراسی یەکسانیی ڕەگەزییە لە کۆمەڵگە پیاوسالارییەکان و ئەو کۆمەڵگایانەی ئازاریان دیوە لە دەست شەڕ و توندوتیژی. لەهەمان کاتیش دا ڕۆڵ و نەخشی ژنان لە پێناوی ئاشتی و چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤ لەو وڵاتانە نیشان دەدا.

### ژنانی براوەی خەڵاتی نۆبێل

*ساڵی ١٩٠١ کە یەکەم خەڵاتی ئاشیی نۆبێل دراوە، تائێستا ١١٠ کەس ئەم خەڵاتەیەن وەرگرتوە. لە نێو ئەو ١١٠ کەسەدا ناوی ١١ ژن دەبینرێ.ژنانێک کە تائێستا توانیویانە ئەم خەڵاتە بەناوبانگ و جیهانییە وەربگرن بریتیین لە: بارون بێرتافون زونتر لە ساڵی ١٩٠٥ بە هۆی هەوڵدان لە پێناوی سەرکەوتنی بزووتنەوە ئاشتیخوازانەکان، جێین ئادامز ساڵی ١٩٣١ بە هۆی هەوڵدان لە پێناوی ڕاوەستاندنی شەڕی یەکەمی جیهانی، ئیمەیلی گرین باڵچ ساڵی ١٩٤٦ بە هۆی دانی گەڵاڵە داهێنەرانەکانی بو دامەزراندنی ئاشتی لە جیهاندا، بتی ویلیامز ، مرید کاریگان ساڵی ١٩٧٦ بە هۆی کارە ئازایانەکانەکانیان لە پێناوراگرتنی توندوتیژی لە ئیرلەند، دایە ترێزا ساڵی ١٩٧٩ بە هۆی ڕێز گرتن لە گەورەیی ڕووحی بەرزی مرۆڤ، ئالوا میردال ساڵی ١٩٨٢ بە هۆی هەوڵەکانی لە پێناو چەک داماڵین، ئانگ سان سووکی ساڵی ١٩٩١ بە هۆی خەبات لە پێناوی ئاشتی و ئاشتیخوازی، ریگوبێرتامنچۆ ساڵی ١٩٩٢ بە هۆی خەبات لە پێناوی پاراستنی مافی مرۆڤ، بەتایبەتی مافی «بومی»یەکان، جودی ویلیامز ساڵی ١٩٩٧ بە هۆی خەبات لە پێناوی قەدەغەکردنی مین، شیرین عیبادی ساڵی ٢٠٠٣ بە هۆی هەوڵ و تێکۆشانە مرۆییەکانی، وانگاری ماتایی ساڵی ٢٠٠٤ وەک نموونەیهاوپێوەندی لێک گرێدراوی ئاشتیی جیهانی و ژینگەپارێزی. ئەمساڵیش ئەم خەڵاتە بەناوبانگە هەروەک لەسەرەوە باس کرا، بە هاوبەشی دراوە بە ئالێن جانسۆن سیرلیف، لیما گوبوی لە وڵاتی لیبریا. هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو ژنانە لە لایەن کومیتەی ئاشتیی نۆبێلەوە بۆ ئەم خەڵاتە، نەخشی گرنگی ئەوان بووە لە پێناو کۆتایی هێنان بە شەڕ، سەرخستنی ئاشتی و پشتیوانی لە مافەکانی ژنان.*

هەرکام لەو ١١ ژنە، ڕێگای پڕ لە هەوراز و نشێویان بڕیوە بۆ وەدیهاتنی ئاشتی و دادپەروەری لە جیهاندا. ئەو ١١ ژنە ڕاستە هەر یەکەیان لە توێژ و نەتەوە و ئایین و سەردەمی جۆراوجور بوون، بەڵام هەموویان ئامانجێکی هاوبەشیان هەبووە، ئەویش وەدیهێنانی ئاشتی، دێمۆکراسی و پاراستنی مافی مرۆڤ بووە لە وڵاتەکانیاندا. ئەم ئامانجە هاوبەشەیە، ژنان لە هەموو شوێنێکی جیهان دڵخۆش دەکا کە،ژنێک لە ئەفریقا، ئاسیا و..... خەڵاتی بەناوبانگی ئاشتیی نۆبێلی بە نسیب دەبێ.

هەوڵ و تێکۆشانی ژنان بۆ چەسپاندنی ئاشتیی لە جیهاندا لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمەوە دەستی پێکردوە و لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا پەرەی سەندوە. بۆیە ئەمرۆ دەبینین دەیان ژن لە گەڵ ئەوەی خەڵاتەکانی دیکەی ئەدەبی و زانستی و... وەردەگرن، خەڵاتی بەناوبانگی ئاشیيشیان بە نەسیب دەبێ .

«دایە ترێزا کەسێکە لە ماوەی تێکۆشانی ئاشتیخوازانەیدا سێسەد و حەفتا ناوەندی بۆ وەرگرتن و پەنادانی هەژاران و بێ سەرپەرستان دامەزراند.

ئالوا میردال لە ساڵەکانی ١٩٦٦ تا ١٩٧٣ وەزیری داماڵینی چەک بوو لە دەوڵەتی سوئێد و چەندساڵێکیش لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرپرسایەتی کۆمیسیۆنی چەک داماڵینی لەسەر شان بوو و بۆ یارمەتی بە وڵاتانی جیهانی سێهەم زۆر کاری بەنرخی کرد.

هێلن کلێر هەم نابینا بوو هەمیش کەڕ و لاڵ، مامۆستا و بەخێوکەرەکەی ژنێک بوو بە ناوی سالیون، ئەو کچە لەلایەن ئەو ژنەوە خوێندن و نووسین فێر بوو، تەنانەت قسەکردنیشی فێرکرد. سالیون تا کاتی مردنی (١٩٦٨) ژیانی تەرخان کرد بۆ پێڕاگەیشتن بە کەمئەندامان. هێلێن کلێریش بە نووسینەکانی خۆی تیشکی هیوای خستە دڵی هەموو ئەوانەی کەمئەندامن و لەباری جیسمییەوە تەواو نین.







جێین ئادامز ساڵی ١٣٣٠ ڕاگەیاندراوێکی لەلایەن ژنانەوە بە دیفاع لە ئاشتی بۆ دەسەڵاتدارانی هەموو جیهان نارد.

بتی ویلیامز و مێرید کوریگان دوو ژنی ئیرلەندی بوون سی هەزار ژنی کاتۆلیک و پرۆتستانیان بۆ خۆپیشاندانی ئاشتیخوازانە هێنایە سەرشەقام. ئەمانە نموونەیەکی کەمن لە خۆبەخشی و تێکۆشانە ئاشتیخوازانە و مرۆییەکان لە لایەن ژنانەوە.

نیوەی هەر کۆمەڵگەیەک ژن پێکی دێنێ، بێگومان پشتگوێ خستنی نیوەی کۆمەڵگە، پشتگوێ خستنی نیوەی هێزو تواناکانی کۆمەڵگەیە. نەخشی ژنان لە بەرەوپێشبردنی ئاشتی دێموکراسی لە هەر وڵاتێکدا ناکرێ بە هێند وەرنەگیرێ. تەنانەت دەتوانین بڵێین لەو بارەیەوە زۆر لە هی پیاوان گرنگترە. بەهۆی ئەوەی ژن لە پەروەردەکردنی نەوەی داهاتوودا زۆرترین ڕۆڵی هەیە، دەتوانێ لە سەر پیاویش کاریگەری هەبێ. دایکان کە منداڵەکەیان بە ڕۆحێکی ئاشتیخوازی و یەکسانیخوازی پەروەردە بکەن، بە دڵنیاییەوە کۆمەڵگە دوور دەبێ لە توندوتیژی و نادادپەروەری. هیچ دایکێک حەز بە شەڕ ناکات، چونکە دەزانێ پریشکی ئاگری شەڕ بەر منداڵەکەی ئەویش دەکەوێ.لە مێژووی پڕ لە شەڕ و کێشەی مرۆڤدا هەمیشە ژنان زۆرترین زیانیان دیوە.بۆیە ئەوان بێزارن لە توندوتیژیی و خوێنرێژی و ئینسانکوشتن، بەڵام چونکە ژن لە ناوندی دەسەڵاتدا حوزووری کەم بووە، نەیانتوانیوە ئامانجەکەیان وەدیبێنن، بۆیە دەبینین ئاگری شەڕ تائەمرۆش بەداخەوە لەهێندێک وڵاتدا هەربڵێسەی دێ.

ئاشتیی و دێموکراسی لە هەر وڵاتێکدا کاتێک وەدی دێت، کە ژن و پیاو مافی وەکیەکیان هەبێ و ژن وەک هاووڵاتی پلە دوو چاوی لێنەکرێ، ئاشتی و دێمۆکراسی کاتێک وەدی دێن کە تاکەکانی کۆمەڵگە ڕووبەڕووی توندوتیژی نەبنەوەو ژنانیش لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا نەخشی کاریگەریان هەبێ. درانی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل هاوکات بە سێ ژن لە وڵاتانی ئەفریقا و ئاسیا، نیشانەی درەوشاوەیی خەباتی ژنانە لە پێناو ئاشتی و دادپەروەری لەم وڵاتانەدا و پەرەسەندنی سرنجی جیهانیانە بۆ لای خەباتی ئاشتیخوازانەی ژنان.

بەو هیوایە هەوڵەکانی ژنان لە پێناوی ئاشتی و دادپەروەریدا ببێتە مایەی ئارامی و سڕینەوەی هەرچەشنە توندوتیژیی و شەڕ و ئاژاوەیەک لە جیهاندا.

سەرچاوە:

# بەهاری عەرەب، پاییزی ژنان؟!

**وەرگێڕان لە فارسییەوە: کوێستان**

بەشداری چالاکانەی ژنانی میسری لە مەیدانی «تحریر»ی قاهیرە هیوای زۆری بۆ بەشداری زیاتری ئەوان لە دەسەڵاتی تازەدا دروست کردبوو کە ئێستا خەریکە بەفیڕۆ دەڕوا. میسر لەجیاتی دەسەڵاتی دێموکرات، دەسەڵاتی ئیلاهی ئەزموون دەکا.

ئەوکاتە شۆڕش و سەرهەڵدانەکانی میسر دەستی پێکرد، ژنان بەشدارییەکی چالاکانەیان تێیدا هەبوو. سەرهەڵدانی شۆڕش لە مەیدانی تەحریر، ئاکامی تەبلیغاتی ژنێک بوو.

ڕاستییەکەی هەروا بوو. ئاسما مەحفووز، ٢٦ ساڵە، لە ١٨ی ژانویەی ٢٠١١ لە ژوورەکەی خۆیەوە لەپێش دووربینێک دادەنیشێ و داواکاری خۆی لە ٤ دەقیقەدا لە ڕێگەی ئینتێرنێتەوە بەگوێی هەمووان دەگەیەنێ:

«داوا لە هەموو میسرییەکان دەکەم کە لە ڕۆژی ٢٥ی ژانویەدا لە مەیدانی تەحریر کۆببنەوە و دۆست و ناسیاوانی خۆشیان لەگەڵ خۆیان بێنن. ئەگەر باوەڕتان وایە ژن نابێ لهو جۆرە خۆپێشاندانانەدا بەشداری بکا،چونکە لێی دەدرێ، بۆیە حەتمەن وەرن و ئاگاتان لەمن بێ».

هەموو هاتن. لە ماوەی چەند حەوتوودا مەیدانی تەحریر بوو بە شارێکی چادرنشین کە لەوێ دا هەموو پێداویستییەکانی خەڵک دابین دەبوون. لەڕێگەی چوونە ژوورەوەی گۆڕەپانەکە، چاوەدێری ئەوە دەکرا تاکوو ڕێگە لە موزاحیمەکان بگرێ و نەچنە ژوورەوە. خواردن و خواردنەوە، دوکتور و دەرمان و هەموو جۆرە پێداویستییەکانی دیکە لەوێدا دابین دەبوون. دایکەکان شیریان بە منداڵەکانیان دەدا. ژنان بۆ یەکەمجار هاواری گۆڕانیان بەرز کردەوە و لە پەنا پیاوانی نەناسیاو لە سەر زەوی دەخەوتن. خواستی گۆڕان لە سەرووی هەموو شتێکەوە بوو. ئەوان لە وڵاتێک دا کە باوک سالاری حاکم بوو داوای مافی بەرابەریان دەکرد. ئەو جۆرە داوایە لە میسر بە پێچەوانەی تونس و تەنانەت یەمەنیش، کە بەشداری ژنان لە (خۆپێشاندان) داواکانیان سەرسووڕهێنەر نیە، ڕووداوێکی دەگمەن بوو.



بە پێی ڕاپۆرتی ئەمنێستی، ٤٠ لەسەدی ژنانی میسر نەخوێندەوارن. سەرەڕای ئەوەش زۆر ژن هاوکات لەگەڵ کاری ماڵەوە، دەگەڕێن بەدوای کاردا، بەڵام کاتێک کە دەستیشیان دەکەوێ نزم و بە داهاتێکی زۆر کەم. بۆ نموونە: دەست فرۆشی لە شەقامەکان.

بەشداری ژنان لە بواری سیاسی دا زۆر کەمە. لە پاڕلمانی میسر لە ٥١٨ نوێنەر تەنیا ٦٤ کەسیان ژنن. واتە ١٢٪. تەنیا یەک ژن لە هەیئەتی وەزیرانی ٢٧ کەسی دایە و فەرماندارەکانیش هەموویان هەر پیاون. تەنانەت لە کومیتەیەک دا کە دوای ڕێژیمی موبارەک درووست بووە تاکوو قانوونی بنەڕەتی دارێژن، هیچ ژنێکی تێدا نیە.

دوای ئەو باسانەی کە ١٠ ساڵ لەمەوپێش لە مەجلیسی میسر دا لەبارەی ئاڵوگۆڕ لە گەڵاڵەی بنەماڵەدا کران، دەرکەوت کە هیچ ئاڵوگۆڕێک بۆ باشتر بوونی هەلومەرج و مافی ژیان لە میسر نیە. گەڵاڵەیەک کە بە پێی نەریت، ژنی بە «محجور» دەزانی- کەسێکی کە بەهۆی شێتی و کەم عەقڵی بێ بەش دەکرێ لە ماڵ و موڵکی خۆی-، تەنیا گۆڕانێکی کە تێی دا کرا ئەوە بوو کە لە کاتی لێک جیابوونەوە (تەڵاق) هەلومەرجەکە بۆ ژنان ئاسانتر

ل ٩

# درۆ و دەهۆی ئەحمەدی نژاد لە ئامار و ئامارسازی دا

**عەلی بداغی**

درۆ و بێبەڵینی یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەحمەدی نژاد وەک کەسێتیی خۆی و وەک پرەنسیپی دەوڵەتەکەیەتی. باس لە سەر ناڕاستییەکانی ئەحمەدی نژاد چیدی ڕەخنە و پلاری ئۆپۆزیسیۆن و نەیارانی کۆماری ئیسلامی نییە، بەڵکوو کار گەیوەتە جێیەک کە ئیدی ئەوە نوێنەرانی مەجلیس و مەلا دەسڕۆیشتووەکانی پشتی دەسەڵات و کاربەدەستانی پایەبەرزی کۆماری ئیسلامین کە پەیتا پەیتا ناوبراو سەبارەت بە هەڕوگیف و بلۆف و درۆکانی وریا دەکەنەوە.

زۆرترین وادە و بەڵێنییەکانی ئەحمەدی نژاد لە بواری ئابووریی وڵات دایە کە هەر لەجێدا بە مردوویی لە دایک بوون، ئەوەش وای کردوە کە ئەحمەدی نژاد لە کاتێکدا خۆی بۆ چوارەمین گەڕی سەفەرەکانی بۆ پارێزگاکانی وڵات ئامادە دەکا، لە لایەن نوێنەرانی مەجلیسەوە ڕەخنەی لێ بگیردرێ و لە لایەن نەیارانی سیاسیی خۆی، چ لە نێوخۆی وڵات و چ لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنە بکرێتە ئامانجی توانج.

جەلال مەحموودزادە، نوێنەری مەهاباد لە وتوێژێکیدا لەگەڵ ماڵپەڕی مەجلیس بە ئاشکرا و بە بەڵگەوە دەڵێ کە بە پێچەوانەی ئەوەی ئەحمەدی نژاد ئیدیعای دەکا[ درۆ دەکا] کە نیزیک بە تەواوی پەسندکراوەی سەفەرە پارێزگاییەکانی جێبەجێ کراون؛ لە ڕاستیدا زیاتر لە سەدا ٩٠ ی پەسەندکراوەکانی سەفەری سێهەم و سەدا ٧٥ ی پەسەندکراوەکانی سەفەری دووهەم و سەدا ٥٠ ی پەسەندکراوەکانی سەفەری یەکەمی ئەحمەدینژاد بۆ پارێزگای ورمێ و شاری مەهاباد جێبەجێ نەکراون و هەروا لە سەر کاغەز ماونەتەوە.

نوێنەری مەهاباد لە مەجلیس، وەرزشگای ٥ هەزار کەسیی مەهاباد بە نموونە دێنێتەوە کە ٦ ساڵ لەوە پێش و لە سەفەری یەکەمی ئەحمەدی نژاددا بەڵێنی دروست کردنی درا، بەڵام تا ئێستا تەنانەت زەوی و شوێنی سازکردنەکەشی یەکلا نەکراوەتەوە، چ بگا بەوەی کارەکە دەستی پێ کرابێ و نیوە چل مابێتەوە.

جێبەجێ نەکرانی وادە و بەڵێنەکانی دەوڵەت ئەو باوەڕەی لە لای خەڵکی دروست کردوە کە ئەحمەدینژاد هیچ پێویست ناکا گەڕێکی دیکە لە سەفەرەکانی خۆی بۆ کوردستان ڕێک بخا، چونکی بە دڵنیاییەوە خەڵکی نە پێشوازی لێ دەکەن و نە گوێ بە وادە و بەڵێنەکانی دەدەن، ئەگەر ئەوەی کە ئەویش وەکوو خامنەیی بیەوێ بە میلیارد تمەن پووڵ بۆ سەفەرێکی چەند ڕۆژە تەرخان بکا، تا وا پیشان بدا کە خەڵکی[ بەسیجی و مووچەخۆرە هێنراوەکان لە شارەکانی دیکەڕا] چەندە تامەزرۆی ئەو زیارەتەن!!

بەڵام لەو ماوەیەدا ئەوەی زەق و بەرچاو بوو، پەیتا پەیتا دووپاتکردنەوەیەی ئەو ئیدیعایەیە کە دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد لە کەمکردنەوە لە نرخی بێکاریدا سەرکەتوو بووە و گوایە ئەو هەمووە دەرفەتە کارییەی ناوبراو پێکی هێناوە، لەگەڵ دەوڵەتەکانی پێشوو بەراورد ناکرێ.

ئەحمەدینژاد هەر لەو ماوەیەدا ئیدیعای کردەوە کە ٥ میلیۆن هەلی کاریی دیکە بۆ بێکارانی وڵات دەستەبەر و تا کۆتایی ساڵی داهاتوو ئاسەواری بێکاری لە ئێران بنەبڕ دەکا.

ئەو قسانەی ئەحمەدینژاد سەبارەت بە قەڵاچۆ کردنی بێکاری و بەرنامەکانی دەوڵەت بۆ پێکهێنانی ٥ میلیون هەلی کاری تا کۆتایی ساڵی داهاتوو کاردانەوەی بەربڵاوی لێ کەوتەوە. زۆربەی کارناسانی ئابووری و کاربەدەستانی سیاسیی وڵات ئێستا ئیدی بە ئاشکرا دەڵێن کە ئامارەکانی دەوڵەت چیدی جێی متمانە نین و هەر هەموو دەسکرد و دوور لە ڕاستین.

ئەحمەدی نژاد کە ڕۆژی پێنجشەممە ١٤ی ڕەزبەر و لە دووهەمین ڕۆژی سەفەرەکەی بۆ پارێزگای هەمەدان قسەی دەکرد، وێڕای پێداگرتنەوە لە سەر قسە سواوەکانی پێشووی خۆی لە بواری سەرکەوتوویی دەوڵەتەکەی ئاماژەی بە ڕۆڵی لاوان لە بنەبڕ کرانی کێشەی بێکاری و سپاردنی کار و بەڕێوەبەرییەکان بە کەسانی لێزان کرد و گوتی کە بۆ گەیشتن بە ئامانجی قەڵاچۆی بێکاری دەبێ کارەکان بە لاوان بسپێردرێن و ئەوانەی پسپۆڕن دەبێ جڵەوی کارەکانیان لە دەست دابێ.



**باس لە سەر ناڕاستییەکانی ئەحمەدی نژاد چیدی ڕەخنە و پلاری ئۆپۆزیسیۆن و نەیارانی کۆماری ئیسلامی نییە، بەڵکوو کار گەیوەتە جێیەک کە ئیدی ئەوە نوێنەرانی مەجلیس و مەلا دەسڕۆیشتووەکانی پشتی دەسەڵات و کاربەدەستانی پایەبەرزی کۆماری ئیسلامین کە پەیتا پەیتا ناوبراو سەبارەت بە هەڕوگیف و بلۆف و درۆکانی وریا دەکەنەوە.**

ئەم قسانەی ناوبراو لە حاڵێک دایە کە کەمیی هەلی کاری یان باشتر وایە کە بگوترێ نەبوونی هەلی کاری بۆ پسپۆڕان و ئەو کەسانەی خوێندنیان تەواو کردوە، یەکێک لە هەرە کێشەو گیروگرفتەکانی جیدی ئەو کەسانە لە بازاڕی کار لە ئێرانە و بەپێی ئاماری ڕەسمیی کانوونی بەرزی ئەنجوومەنی سێنفی کرێکاری ڕێژەی بێکاری لە ئێران بۆ ئەو کەسانەی کە خوێندنی زانکۆیان تەواو کردوە، زیاتر لە سەدا ٤٠ و نرخی ڕەسمیی بێکاریش لە ئێران سەدا ١١ ڕاگەیەندراوە. کەواتە ئەگەر بێتوو بەپێی قسەی کارناسان نرخی ڕاستەقینەی بێکاری لە ئێران سەروو سەتا ٤٠ بێ، دەبێ نرخی بێکاری لە نێو توێژی دەرچووانی زانکۆ و لێزان و پسپۆڕانی وڵات چەندە بێ؟؟

دیارە لە پێوەندی لەگەڵ ڕاگەیاندنی نرخی بێکاریدا پێویستە روون بکرێتەوە کە ناوەندی ئاماری کۆماری ئیسلامی بۆ ئەو مەبەستە ئیستانداردە جیهانییەکان دەکار دەکا کە هەر کەس لە ماوەی حەوتوویەکدا چەند سەعات هەلی کاری هەبێ و بۆ ئەو چەند سەعاتە کە لە یەک تا سێ سەعات لە بەرچاو گیراوە، حەقدەست وەرگرێ، ئەم کەسە بە بێکار دانانرێ.

هەر بەو پێیە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئیدیعا دەکەن کە لە خراپترین حاڵەتدا نرخی بێکاری لە ئێران لە سەدا ١٤ تێناپەڕێ، لە حاڵێکدا زۆربەی خەڵکی ئێران بە زیاتر لە ٤٠ سەعات کار لە حەوتوودا هێشتا ناتوانن تێچووی بژیوی خۆیان دابین بکەن و کارناسانی ئابووری و ڕەخنەگرانی دەوڵەت دەڵێین کە بە خاوەنی کار دانانی ئەو کەسانەی کە لە حەوتوودا یەک کاتژمێر کار دەکەن، تەنیا ئامارسازی بە مەبەستی خۆڵ لەچاو کردنی خەڵک و خۆ دزینەوە لە بەرپرسایەتیی قەیرانەکانی.

ئەو ڕەخنانە نەک لە دەرەوەی بازنەی حاکمییەت، بەڵکوو لە نێو مەجلییش بەرەورووی ئەحمەدی نژاد کراوەتەوە.

شاپوور پولادی، ئەندامی کومیسیۆنی ئاوەدانکردنەوە لە مەجلیس دەوڵەت بەوە تاوانبار دەکا کە بەو ئامارسازییانە وای کردوە کە لە کۆماری ئیسلامیدا چیدی باوەڕ بە ئامارەکان نەکرێن و ئەوەش بۆ خۆی ببێتە قەیرانێکی دیکە.

ئەم نوێنەرەی مەجلیس کە بۆ خۆی سەر بە باڵی ئوسولگەرای ڕێژیمیشە دەڵێ کە بۆ نموونە دەوڵەت ئەم کەسانەی بە خاوەنی کار داناوە کە لە پرۆپڕۆژەی «مەسکەنی مێهر» سەرقاڵی کار بوون، لە حاڵێکدا ئەم پرۆژانە تەواو بوون و ئەم کەسانە ئێستا بێکارن.

سەیر ئەوەیە کە محەممەدرەزا ڕەحیمی، جێگری یەکەمی ئەحمەدینژاد لە وتوێژ لەگەڵ ڕۆژنامەیەکدا ئیدیعا دەکا کە دەوڵەت لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵدا زیاتر لە یەک میلیون دەرفەتی کاری پێک هێناوە و ڕۆژی دواتر شەکوور ئەکبەرنژاد، ئەندامی کومیسیۆنی ئابووری مەجلیس ڕاست ئامارەکانی ڕەحیمی و ئەحمەدینژادی بە درۆ ناو دەبا و دەڵێ کە نەک ئەو ساڵ دەوڵەت نەیتوانیوە هیچ هەلێکی کاریی نوێ پێک بێنێ، بەڵکوو تەنانەت زۆر هەلی کارییشمان لە دەست داوە و لە سۆنگەی داخرانی کارگە و کارخانەکانی وڵات و، ئابووریی شپرێوی ئێستای ئێران حەشیمەتی بێکارانی وڵات چەند قات چۆتە سەرێ.

ئەو نوێنەرەی مەجلیس دەڵێ کە لە ئێستادا هەر کارخانە و کارگە یان هەر بۆنگایەکی ئابووری کە دەچی ئەگەر دانەخرابێ، یان هێزی کاری لێ کەم کراوەتەوە یان خۆ ئەگەر بێتوو کەسانێک بۆ ماوەی مانگێک یان ٤٥ ڕۆژ گرێبەست لەگەڵ شیرکەتێک یان شوێنێک بۆ کار کردن ببەستن، ئەوانە بە دەرفەتی کاری و شوغڵ و پیشە داناندرێن.

سەیر لەوە دایە کە لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا نە دەوڵەت و کەسی یەکەمی واتە ئەحمەدی نژاد لە روو دەچێ و نە مەجلیس و ناوەندەکانی دیکە کە نەک هەر ماف، بەڵکوو ئەرکی لێپرسینەوە و لێکۆڵینەوە و بردنە ژێر پرسیاری بەڕێوەبەریی دەوڵەتیان هەیە، خۆ لە قەرەی ئەو بەرپرسایەتییە دەدەن و لەو نێوەدا ئەوە خەڵکی ئێرانن کە قورسایی و فشاری هەموو ئەو قەیرانانەیان کەوتۆتە ئەستۆ.

---

**درێژەی:**

# بەهاری عەرەب، پاییزی ژنان؟!

بێ لە رابردوو. ژنان ئیدی ناچار نەبوون بیسەلمێنن کە مێردەکانیان ڕەفتاری خراپیان لەگەڵ کردوون. هەروەها بۆ ئەوەی ئەم گەلاڵەیە هەستی بەشێک لە محافزەکار و بناژۆخوازەکان لە وڵات دا بریندار نەکا، نەریتێکی ئیسلامی بە ناوی «ال- خەلا»یان لەو گەلاڵەیە دا گونجاند کە بە پێی ئەو نەریتە هەرکات ژن ویستی لە مێردەکەی جیا بێتەوە، دەتوانێ خۆی بکڕێتەوە و بەم شێوەیە خۆی ڕزگار بکا. لە ڕاستی دا ئەو مەبلەغە پووڵەی کە پیاو کاتی زەماوەند وەک شیربایی بە بنەماڵەی ژنەکەی داوە لە کاتی تەڵاق دا ژن دەبێ بیداتەوە بە پیاوەکە. هەروەها کاتێک منداڵ دەدرێ بە پیاو، ژن لە لایەن مێردەوە هیچ یارمەتییەکی ماڵی پێناکرێ. کارێک کە لە میسر زۆر ڕوودەدا.

میسر وڵاتێکە کە لەوێدا خەتەنەی کچان کە ٩٠ لەسەدی کچان و ژنان لە تەمەنی ١٥ تا ٤٩ ساڵە «خەتەنە« دەکرێن. ئەمە لە کاتێک دایە کە ئەم کردەوەیە لە ساڵی ٢٠٠٧ دا قەدەغە بوو.

سەرسووڕهێنەر ئەوەیە لە کۆمەڵگەی میسردا، نەتەنیا پیاوان، بەڵکوو زۆربەی ژنانیش پەیڕەوی لەم نەریتە دەکەن. ئەم نەریتە تەنیا سووکایەتییەک نیە لە میسر بە ژنان دەکرێ، بەڵکوو ئازار و ئەزیەت و زۆر سوئیستفادەی جینسی دیکە بە دژی ژنان بەڕێوەدەچێ.

لە لێکۆڵینەوەیەک دا کە ساڵی ٢٠٠٨ کراوە، دەرکەوتوە لەو ٢٨٠٠ ژنەی پرسیاریان لێکراوە، نیوەیان ڕۆژانە چ لە شەقام و هاتوچۆکان و چ لە شوێنی کار لەگەڵ ئازار و سوئیستفادەی جینسی ڕووبەڕو بوونەتەوە. لەسەر نەخشەیەکی شاری قاهیرە بە خاڵی چووک و گەورەی سوور دیاری کراون کە چ شەقام و کۆڵانێک بۆ ژنان ترسناکن.

ئەو هەلومەرجەی کە لە ڕۆژەکانی شۆڕش و سەرهەڵدان لە گۆڕەپانی تەحریر هاتە پێش، بەلای ژنانەوە سەرسووڕهێنەر بوو کە چۆن شان بە شانی پیاوان بەڕێ دا دەڕۆن، دیسانیش لە ڕاپۆرتەکان دا هاتبوو کە ڕۆژی ١١ی فێوریە کە موبارەک بۆ «شەرم الشیخ» پاشەکشەی کرد، هەواڵنێرێکی ژنی ئەمریکایی- لە کەناڵی «سی ان ان»، لە لایەن چەند پیاوەوە دەسرێژی کرایەسەر.

هەروەها ئەمنستی لە ڕاپۆرتێک دا ڕایگەیاند کە لە ڕێکەوتی ٩ی مارس زۆربەی ژنانی میسری کە پێوەندی بنەماڵەییان بە ئەڕتەشی میسرەوە هەبوو، دەستگیر کراون و لە زیندان تاقیکاری کچێنی (باکرە) یی یان بۆ ڕاوە، هەڕەشەیان لێکراوە وەک لەشفرۆش سزا درێن.

یەکیەتیی ژنانی میسر

نەوال سەعداوی کە ئێستا تەمەنی ٦٠ ساڵە و بە پێشڕەوی جووڵانەوەی ژنانی میسری دەناسرێ، ڕێکخستنی یەکیەتیی ژنانی میسری کە پێشتر قەدەغە بوو، دامەزراند. ناوبراو خوازیاری سڕینەوەی هەڵاواردنی جینسی یە لە سەر ژنان و نارەزایەتی خۆی لە بەندی ٢ی قانوونی بنەڕەتی دەربڕیوە کە بە پێی ئەو بەندە ئیسلام مەزهەبی ڕەسمی وڵات بە حیساب دێ و یاساکانی شەریعەت مافەکانی میسرییەکان دیاری دەکا. بەڵام کومیتەیەک کە قانوونی بنەڕەتییان نووسیوە، سەرنجیان نەداوەتە ئەو نارەزایەتییە و بەندی ٢ی قانوونی بنەڕەتی جگە لە دوژمنایەتی لەگەڵ ژنان هیچی تر نیە، دوای ڕێفراندۆمی مارسی ٢٠١١ هەروەها لەجێگەی خۆی دا ماوەتەوە. جگە لە نەوال، ژمارەیەکی کەم لە ژنان نارەزایەتی خۆیان لەم بەندە دەربڕیوە. مەسەلە ئەوەیە بە سەرنجدان بەوەی لەنێو کۆمەڵگەدا لەو بارەیەوە باسێک لە گۆڕێ دا نیە، چۆن هەلومەرجی ژنانی میسری لە داهاتوودا باش دەبێ؟

هەروەها هەماهەنگی لەنێو ژنانی چالاکی میسری دا زۆر لاوازە. هێندێک لەسەر ئەو بڕوایەن، ئەگەر خەبات بۆ مافی ژنان بکەن، هەستی کۆمەڵگە بریندار دەکرێ و جێ بۆ توندڕەوەکانی لایەنی بەرامبەر دەکرێتەوە.

هەندێکی دیکە لەسەر ئەو باوەڕەن کە وەزعییەتی ژنان خود بە خود لەگەڵ باش بوونی وەزعی ئابووری باشتر دەبێ. بە شێوەیەکی دیکە تا ئێستاش ئیرادەیەکی بەهێز بۆ خەبات لەپێناوی دەستەبەر کردنی مافەکانی ژنان لە میسر بەرچاو ناکەوێ. کەسێک کە لە ڕەوتی خەباتی ژنان بۆ بە دەستهێنانی مافەکانیان لە دنیای عەرەب دەکۆڵێتەوە، حەق وابوو نیگەرانی هەنگاوی پیاوانەی ژنان لە میسر بە مەبەستی سڕینەوەی هەڵاواردنی جینسی بێ.

# دەبێ شانازی بە هەڵوێستی حیزبەکەمانەوە بکەین

**مستەفا شڵماشی**

بەدوای بڵاو بونەوەی بەیانیەی زۆر بەجێی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان سەبارەت بەمافی ڕەوای گەلی کورد بۆ داوای یارمەتی لە هێز و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان، بەشێکی زۆر لە ئێرانییەکانی هەموخواز کەوتنە خۆ و حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیان خستەبەر هێرشی خۆیان. هەر وا بزانە حەوت مێشیان لە دارێک دا دیوەتەوەو ئێستا دەتوانن بە بەڵگەوە بیسەلمێنن کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان جیاوازیخوازەو هەڵدەگرێ لەڕاستەوە بۆ چەپ بەرەیەکی بەرینی دژایەتی لە بەرامبەر دا دروست بکرێ. هەر بۆیە لە کۆماری ئیسلامییەوە تا دەگاتە میللی گەراکان و تەنانەت چەپەکانی کە ئیددیعا دەکەن لایەنگری مافی گەلانن، تیغی تیژی هێرشی خۆیان ئاراستەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کرد.

ئەوەی کە شۆوێنیستەکانی پاوانخواز چ لە ڕژیمەکانی پێشودا و چ لەڕژیمی جینایەتکار و کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی دا هەر داوایەکی کوردیان بە بیانوی دیفاع لە یەکیەتیی خاکی ئێران بە ئاورو ئاسن وەڵام داوەتەوە، جێگای سەرسوڕمان نیەو لە ماهییەتی ئەو هێزانە دایە. بەڵام جێگای سەر سوڕمان ئەوەیە کە هێندێک کەسایەتی و حیزب و ڕێکخراوی دەرەوەی وڵات کە ئیددیعای دیموکراتبون دەکەن، هێرشیان کردوەتە سەر حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، تەنیا لەبەر ئەوەی کە حیزب لەبە یانیەیەک دا ڕایگەیاندووە کە کورد مافی خۆیەتی داوای یارمەتی نێونەتەوەیی بکا لە بەرامبەر هێرشی نارەوای دوژمنەکانی دا. لەوەش سەیرتر هەڵوێستی یەکیەتی فیداییەکانی گەلی ئێرانە کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی لەسەر کورسی ئیتتیهام داناوەو محاکەمەی دەکا و پێی وایە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەبێ وەڵامی ئەو خەتا گەورەیە!!! بداتەوە. یەکیەتیی فیداییانی خەڵکی ئێران لەخۆی ناپرسێ کە ئەگەر باوەڕی بە مافی دیاریکردنی چارەنوس بۆ هەموو نەتەوەیەک هەبێ، چۆن دەکرێ دژی ئەوە بێ کە نەتەوەیەک بۆ پاراستنی خۆی لە قڕکردن و ژینۆساید، پەنا بەرێتە بەر کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و داوای یارمەتی بکا. بەچ حەقێک داوا لە حیزبی دیموکراتی کوردستان دەکا وەڵام بداتەوەو بێ تاوانی خۆی بسەلمێنێ؟

لەڕاستی دا حیزبی دیموکراتی کوردستان کارێکی نەکردوە جگە لەوەی کە هەڵوێستێکی نەتەوەیی گرتووە لە بەرامبەر هێرشێکی نارەوای دوو هێزی دژە کورد دا کە بە شێوەیەکی بەردەوام لە ناوچە سنورییەکانی باشوری کوردستان هێرش دەکەنە سەر خەڵکی بێتاوان و لەپێناوی درێژەدان بە دەسەڵاتی نارەوای خۆیان بەسەر کوردستان دا، جینایەتی دژی مرۆڤایەتی دەخوڵقێنن. لەناوبردنی بنەماڵەیەکی ٧ کەسی لە هێرشێکی هەوایی لە لایەن دەوڵەتی تورکیەوە یەکێک لەوێنە هەرەشەرماوییەکانی ئەو پەلامارە بوو.

مەسەلەیەکی دیکە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان وروژاندویەتی و ڕەنگە زگی دوژمنانی کوردی زۆر وەژان هێنابێ، ئەوەیە کە بەراست دوای ئەو هەموو جینایەتەی کە دژی کورد کراوە، حەقی ئەو نەتەوەیە نییە مەسەلەکەی بگەیەنێتە لای ڕێکخراوەو دام و دەزگا نێونەتەوەییە قەزاییەکان؟ ئایا گەلێک کە کارەساتی هەڵەبجە، ئەنفاڵ، سەردەشت، قارنێ، قەڵاتان، سنە، زەردە، ئیعدامی ٥٩ لاوی مهاباد لەیەک ڕۆژ دا، وسوکەند، چەقەڵ مستەفا، سۆفیان، ئێندرقاش، قەڵاتان، نەغەدە، قەڵادزێ، شیرناخ، جەزیرە، ناوچەی گەوەڕ، قامیشلی و قەندیل و دەیان جێگای دیکەی تەحەممول کردبێ، مافی ئەوەی نییە داوا لەکۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکانی جیهان بکا بەهانایەوە بێن؟!

ئایا نەتەوەیەک کە تیرۆری دەوڵەتیی بێ چاوەڕوانەی وەک کارەساتی وییەن و بێرلینی دیبێ و لە ماوەیەکی کورت دا سەدان کەسی لە باشوری کوردستان تیرۆری دەوڵەتی کرابن، مافی دەنگ بەرزکردنەوەی نییە؟! جێگای سەرسوڕمانە کە ڕووناکبیرانی ئێرانی و بەتایبەت ڕووناکبیرانی فارس کە ئیددیعای فەرهەنگی شەش هەزارساڵە دەکەن و لەکۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان دا لافی لایەنگری لە مافی مرۆڤ و پێشکەوتنخوازی لێ دەدەن، ناتوانن ئەوە تەحەممول بکەن کە کورد بەشێوەیەکی سەربەخۆ، دیفاع لە بوونی خۆی بکاو داوای ئیجرا کردنی عەدالەتی نێونەتەوەیی بکا، لە مەسەلەی مافی ڕەوای پاراستنی خۆی دا؟! من تێناگەم کە بۆچی ڕووناکبیری فارس زمان، ناتوانێ لەو مافە ڕەوایەی کورد تێبگا. بۆچی هەمان ماف بۆ گەلی فەلەستین، باشووری سودان، کۆسۆڤۆ، تیمۆری ڕۆژهەڵات و هەمو گۆشەو کەنارەکانی دنیا تێدەگا و تەنانەت دیفاعی لێدەکا و پڕوپاگەندەی بۆدەکا، بەڵام کە دەگاتە سەر پرسی کورد، بەتایبەتی لە ئێران دا، ڕووی لێ وەردەگێڕێ و بەشێوەیەکی دیکەی دەبینێ و دژی ڕادەوەستێ. ئەو شارستانییە شەش هەزار ساڵەی ئیدیعای دەکا چی بەسەر دێ؟! من تێناگەم بۆچی لە ئێران دا ئیسماعیل بێشکچییەک دروست نابێ و نازم حیکمەتێک لە دایک نابێ.

بەڵام ئەوان هەر چۆنێک بیر دەکەنەوە با بیکەنەوە. من شانازی بە حیزبەکەمەوە دەکەم کە لەگەڵ خەتی نەتەوەیی خۆی ڕاستگۆیەو بڕیارەکانی کۆنگرەی چاردەو بە دوای ئەودا پەسندکراوەکانی کۆنگرەی پازدە بە هێند دەگرێ و کاریان پێ دەکا. دەرکردنی ئەو بەیانییە شتێک نییە جگە لە کارکردن بە پەسندکراوەکانی کۆنگرەو بێگومان هەڵوێستێکی زۆر بچوکی نەتەوەییە. ئێمە زۆر لەوە زیاتر ئەرکمان لەسەر شانەو پێویستە زۆر لەوە زیاتر لە نەتەوەکەمان بە خاوەن دەرکەوین. بۆیە هیچ بەپێویست نازانم بکەوینە مەوزعی بەرگری کردنەوەو پێموایە جێگای ئێمە لە لوتکەی بەهێزی هێرشبردن دایە بۆ سەر هەموو ئەوانەی دەیانهەوێ مافی ئینسانی ئێمە ئینکار بکەن و بە گژی دا بچنەوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو مەسەلەیەدا نەک تەنیا لە کورسی ئیتتیهام دا نییە، بەڵکو هەڵوێستەکەی جێگای شانازیە. ئەرکی سەر شانی هەر ئەندامێکی حیزبە، هەر لایەنگرێک و تەنانەت هەر بێ لایەنێکە بەرگری لەو هەڵوێستە بویرانەیە بکا. حیزبی دێموکراتی کوردستان مەسەلەیەکی وروژاندووە کە دەبوایە چەند ساڵ لەمەوبەر، وروژێندرابایە. ئێستا ڕاست کاتی هێنانە گۆڕی ئەو مەسەلەیە. حیزبەکەمان لەو مەسەلەیەدا جێگای پاراستن و پشتیوانی کردنە. ئەرکی سەرشانی هەر کوردێکە لێرەدا پشتیوانی لە هەڵوێستیی نەتەوەیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بکا. کات کاتی هێنانەگۆڕی ئەو مەسەلە گرنگەیە. دەبێ بە هەموومان هەوڵ بدەین مەسەلەی کورد بگاتە نێو ڕاوێژکردنەکانی میللەتانی دیاریکەر.

جێگای خۆیەتی ڕوناکبیرانی گەلەکەمان لەسەر ئەو مەسەلەیە هەڵوێست بگرن و بەر پەرچی ئیددیعاکانی تەواوخوازان لە ئێران بدەنەوە کە تەنانەت مافی ئەوەش بۆ کورد قایل نین کە بتوانێ بەرگری لە خۆی بکا، یا ئەگەر بۆ خۆی نەیتوانی و ئامرازی ئەوەی بەدەستەوە نەبوو کە بەرپەرچی پەلاماردەران بداتەوە، پەنا بۆ کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان بەرێ. لە بەیانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا تەنیا ئەوەندە گوتراوە کە کوردیش دەتوانێ داوا بکا کە نێوەرۆکی بڕیاری ژمارە ١٩٧٣ی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پاراستنی ئەویش بەکار بهێنرێ. لەو بڕیارنامەیەدا هاتووە کە بۆ پاراستنی گیانی مرۆڤە مەدەنی و بێ دەسەڵاتەکان، کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دەتوانێ دەخالەت بکا. باشە بۆ کورد ناتوانێ لە حاڵەتێک دا کە بە بۆمباران و تۆپبارانی ئێران و تورکییە دەیان کەسی مەدەنیی بێتاوانی لێ دەکوژرێ، داوای ئەو یارمەتییە بکا. ئایا کوژرانی ڕۆژانە دەیان کەس کۆڵبەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەر سنوورەکان و بە دەستی جینایەتکارانی ئیسلامی ئێران، کە تەنیا تاوانیان ئەوەیە مەجبورن بە زەحمەت و کارێکی زۆر دژوار قوتی منداڵەکانیان دابین بکەن، بۆ ئەوە نابێ هاواری نێودەوڵەتیی بۆ بکرێ.

دەستدرێژی لەوە گەورەتر دەبێ چ بێ کە ڕۆژ نیە کاسبکارێکی زەحمەتکێش بە ڕەگباری هێزە چەکدارەکانی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی نەکوژرێ، کە لە ڕاستی دا بەرپرسە لەوەی کە لە جیاتی کوشتنیان کار و نانیان بۆ دابین بکا. کورد لە هەموو لایەکەوە و بە شێوەی جۆراوجۆر دەکوژرێ و مافی ئەوەشی نەبێ هاوار بکا؟! ئەوە چ مەنتیقێکی ئینسانییە؟! ئەو داوایە چ پەیوەندییەکی بە دابەشبوون یا نەبوونی ئێرانەوە هەیە؟!

# ئامانجەکان لە تیرۆری مەشعەل تەمۆ و ئاکامەکانی

**مەسعوود فەتحی**

ڕۆژی پێنجشەممە ٧ی ئۆکتۆبر، مەشعەل تەمو، وتەبێژی «ڕەوتی پاشەڕۆژی کورد» لە سوریە تیرۆر کرا. ناوبراو سیاسەتوانێکی ٥٣ ساڵەی کورد و یەک لە کەسایەتییە ناسراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئەو وڵاتە و ئەندامی شووڕای میللیی سووریە بوو.

ئەمە لە حاڵێکدایە کە نارەزایەتییەکانی خەڵکی وەزاڵە هاتووی سووریە بە دژی دەسەڵاتی دیکتاتۆری ڕێژیمی بەعسی ئەو وڵاتە بە حەوتەمین مانگی خۆیدا تێدەپەڕێ و ڕۆژانە هاووڵاتیانی سووریە لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ئەو وڵاتەوە دەدرێنە بەر دەستڕێژو لەم پێوەندییەدا تا ئێستا هەزاران کەس کوژراون و بریندار بوون. تیرۆری مەشعەل تەمۆ سەرەڕای ئەوەی کە دەنگدانەوەیەکی بەرچاوی لە ڕاگەیاندنە کوردی و جیهانییەکاندا بوو هاوکات گەلی کوردیش لە باشووری ڕۆژ ئاوای کوردستان (سووریە) هێنایە سەر شەقام و لە ئاکامی نارەزایەتیی کوردان لە بەر ئەو کردەوە نامرۆڤانەیە دەیان کەس لە هاووڵاتیانی کورد کوژران و بریندار بوون. ئەمە لە کاتێکدایە کە لەو ماوەی ڕابردوو دا کوردانی ئەو وڵاتە بە شێوەی پێویست بەشداری نارەزایەتییەکانی دژ بە دەسەڵاتی ئەسەد نەبوون. هەروەها لە چەند دەیەی ڕابردووشدا گەلی کورد لە وڵاتی سووریە لە ئاست پرسی نەتەوایەتیی خۆیان کەمترین کاریگەرییان کردۆتە سەر دەسەڵاتی ئەو وڵاتە. ئەمە لەحاڵێکدایە کە بۆ وێنە زمانی کوردی سووریە نەک هەر بە فەرمی نەناسراوە بەڵکوو بە پێی یاسای بنەڕەتیی وڵات قەدەغە کراوە و بەم پێیەش کوردانی ئەم وڵاتە بۆیان نیە لە زمانی زگماکیی خۆیان بە گشتی لە شوێنە گشتییەکان و بەتایبەت لە دام و دەزگا دەوڵەتییەکان کەڵک وەربگرن. تەنانەت نیزیک بە ٣٠٠ هەزار کورد لە سووریە بێ ناسنامە دەژین. بەشێک لە هۆکارەکانی لاواز بوونی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لە سووریە بریتین لە

١_ کورد لە سووریە یەک لە سەدی حەشیمەتی وڵات پێک دێنێ

٢_ باشووری ڕۆژئاوای کوردستان (سووریە) لە بواری جوغرافیاییەوە لە چەند پارچە پێک دێ.

٣_ کەمایەتیی کورد لە سووریە ئۆپۆزیسیۆنێکی پرش و بڵاوی هەیە. واتە پتر لە ١٢ حیزبی کوردی لەو وڵاتە بوونیان هەیە کە بەهۆی هەبوونی کێشە و ململانێ لە گەڵ یەکدی بەردەوام لە یەک دابڕاون. دابڕانی کوردەکان لە سووریە لەسەر بنەمای فیکری و ئیدئۆلۆژی نەبووە بەڵکوو زۆرتر بەهۆی کێشە تاکەکەسییەکانەوە بووە

٤_ ڕۆژئاوای کوردستان (سووریە) چ لە بواری جوغرافیایی و چ لە بواری حەشیمەتەوە. بچوکترین بەشی کوردستانە و بەم هۆیەش لە لایەن بزوتنەوەی کوردەوە بایەخێکی کەمی پێدراوە.

٥_ ڕێژیمی بەعسی سووریە وەک دەوڵەتە



داگیرکەرەکانی دیکەی کوردستان ئۆپۆزیسیۆنی کوردی بە جیاییخوازی تاوانبار کردوە و ئەمەش بێ متمانەییەکی زۆری خستووەتە نێوان ئۆپۆزیسیۆنی کورد و ئۆپۆزیسیۆنی عەرەبی ئەو وڵاتە. بەم پێیە کوردەکانی ڕۆژئاوای کوردستان نە لە نێو بزوتنەوەی کورددا وەک هاووڵاتییەکی کوردستانی تەماشاو وێنا کراون نە لە نێو وڵاتی سووریە دا وەک هاووڵاتێکی پلە یەک بایەخیان پێداوە.

مەشعەل تەمۆ لە کەتێکدا تیرۆر کرا کە ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە ماوەی ئەو چەند مانگەی ڕابردوودا کە وڵاتی سووریە لەگەڵ نارەزایەتی نێوخۆیی بەرەوروو بووەتەوە چەندین جار دانیشتنیان کردەوە. لەم پێوەندییەشدا ١١ حیزبی کوردستانی ئەو وڵاتە بەرەیەکی یەکگرتوویان پێک هێناوە و خەریکی پتەو کردنی پێوەندی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی سووریە بوون. مەشعەل تەمۆ وەک یەکێک لە ڕێبەرانی کورد و کەسایەتییەکی ناسراوی ئۆپۆزیسیۆنی سووریە. لەم ڕاستییەدا ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە کەوابوو تیرۆری مەشعەل تەمۆ دەچێتە خانەی تیرۆری کەسایەتییە سەرەکییەکان کە بە ئامانجگەلی دیاریکراو ئەنجام دەدرێن. لە ئامانجەکانی ئەو تیرۆرە سیاسییە بریتین لە:

١_ دروستکردنی ترس و دڵەراوکێ لە لای شۆڕشگێرانی کورد و بە تایبەت ڕێبەرانی حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکان.

٢_ دروستکردنی کێشە لە بەردەم یەکگرتوویی ڕێکخراوە کوردییەکان

٣_ پێشگیری کردن لە نیزیک بوونەوەی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی و ئۆپۆزیسیۆنی عەرەبی سووریە.

بە گشتی تیرۆری مەشعەل تەمۆ جارێکی دیکە مەزلوومیەتی گەلی کوردی وەک گەلێکی مافخۆراو لە وڵاتی سووریە سەلماند و هاوکات دەرفەتی بە گەلی کورد دا هەتا داخوازییە نەتەوایەتییەکانی ڕاشکاوتر دەربڕێ هەرچەندە کە پێدەچێ کۆماری ئیسلامی ئێران وەک هاوپەیمانی ستراتیژی ڕێژیمی سووریە ئەو تیرۆرەی ئەنجام دابێ. جێی وەبیر هێنانەوەیە کە ڕێژیمی ئێران دەستێکی باڵای لە تیرۆری دژبەرانی خۆیەوە بەتایبەت ڕێبەرانی بزوتنەوەی کورد دا هەیە.

ئەوەی لێرەدا پێویستە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان (سووریە) ڕەچاوی بکا هەتا بتوانێ بەشێکی دانەبڕاو لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد بێت ئەوەیە کە سەرەتا یەکگرتووییەکی نەتەوەیی لە نێوان لایەنە کوردییەکاندا دروست بکەن . هەتا بتوانن کۆمەڵگەی کورد لە سووریە و لەم بەر داواکارییە نەتەوایەتی _ دێموکراتیکەکان بە ڕێکخستن بکەن و هاوکات و بەشێکی جیددی لە پانتایی سیاسی وڵاتی سووریە بێت بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی عەرەب پێوەندییەکانی پتەو بکا تا بتوانن قورسایی خۆیان لە هاوکێشە سیاسییەکانی وڵاتی سووریە دا هەبێ.

# سێداره و ژیان

من هەناسەی نیوه مردووی ئەوکی ژێر دارو پە تم
بۆچی دەگرین بۆ ژیانم من کە ژینی میللە تم
پێشی وێکنان دەفری چاوم پڕ دەکاتن ژانی خاک
یەک بە یەک دەڕوانمە زامی دایک و باب و خوشک و کاک
لێ گەڕێن با دواهەناسەم بچتە سینگی نیشتیمان
تا ببێتە دەنگی ناڵەی شیوەنی بێ پشتیوان
نیمە تاوان جیا لە داوای ماف و ئازادیی گە لم
دوژمنی ئازادیی خاکم داویە حوکمی پەل پەلم
لەم ولاتە دەنگی گریان بۆ وەتەن بۆتە خەتا
هەر بگریەی کپ ئەکەن دەنگت لە زنجیرو پەتا
سوێند بە ئاڵا، سوێند بە خاکم من نەترساوم لەوان
چون ئەترسێم گەر بترسێم شادی بێتە ناخی وان
من لە شوێنی بانگی قازی،ڕۆژێ پێنج جار ئەچمە وێ
ڕوو بە سێداره دەڵێم من مەرگی کوردانەم دەوێ
پێشەوای زانای گەلم فەرموویە کورد نابڕێتەوە
هەر لە بن دارێ وەکوو دار سەرلەنوێ دەڕوێتەوە
ناگریم من بۆ وڵاتێ خەنجەری لێ خامە بێ
لێ گەڕێن با نووکی خامە مەڵحەمی ئە م زامە بێ
بسکی کیژی زێدەکەی من وا دەخنکێنێ ئە وان
من لەبۆ فەرزاد و شیرین گڕ ئەدەم ڕووحی شەوان
باش ئەزانن من بە مردن ڕیشە داوێمە زەوی
چون بەڵێنم داوە بمرم قەت نەکەم گەردن نەوی
تاکە هیوای دوژمنم هەر مەرگ و فەوتانی منە
بۆیە دەبمە نووکی خەنجەر بۆ دڵی ئەو دوژمنە

**ئاسۆ خە بات**

---

# ئەنگوستە چاو

سامانی من دڵێکە وەك نیشتمانم
خڕگەی مەینەتی تەنیایی
زامخانە گشت ئاسەواری ناسراوەتین...
قاچەکانم ڕێچکەبردووی خۆشخەیاڵین
نەگەیشتووتر لە هەردەم
دەمبەنەوە
بە دوێنێدا...
خەڵاتی من مەدالیای تانەی دوو کەسین
مەدالیای تانەی کۆکەسین
ئابۆڕای زەردی بێکەسین...
دەستەکانم سەردی متمانەن و لەرزۆك
بڕن لە ترسی بەیانی
بڕن لە خۆفی نیوەشەو...
ژیانی من دەلاقەیەکی هەڵپێکراو...
چاوەکانم کارمامزی تازە لەداو هەڵاتوون و
لە خوانی بێکەنینیشدا
دواڕۆژی گریان دەبینن...
ــداروبەردی ئەم ژیانە لێوانلێوی داوی بزۆك چنی خەڵکانی
ئەم لە خۆشویستن قاقڕییەن
بیرم ناچێ بیرەوەری هەر کرانەوەم ئازارێ...
ڕۆژگاری من شەوگارێکە
خۆم بە خۆمدا دەداتەوە

**تەنیا**

# کووچە

تۆ نەبووی، مانگە شەوێ چوومەوە بەو کووچەیە دا
هەموو گیانم بووە چاو و، لەوێ بۆ تۆ دەگەڕا
لە حەز و تاسە وەها پڕ بوو دڵم ، لێی دەڕژا
سەری هەڵدایەوە ئەو عیشقە کە جاران
لە کەژ و کێوی دەدا
لە هەموو چۆڵی دەروونم گوڵی یادت دەڕوا،
دەمی سەد بیرەوەری پێدەکەنی،
عەتری سەد بیرەوەری بوو دەگەڕا.

هاتە بیرم کە شەوێ
پێکەوە لەو کووچەیە بووین
بە پەڕوباڵی ئەوین
کوێیە کە دڵگر بوو، دەچووین.

لەسەر ئەو جۆگەیە ساتێ بە وچان دانیشتین.
تۆ هەموو ڕازی جیهان مەیبوو لە نێو چاوی ڕەشت
من توابوومەوە بەو تینی نیگای گەرم و گەشت.
شین و ساماڵ بوو شەو و،
هێمن و مەند و ئارام،
بەختی گەش پێدەکەنی و،
دەوری زەمان ئەسپی ڕام.

مانگەشەو هێندە نەوی،
هێشووە گزنگی لە دەراو هەڵدێنا
دار هەموو دەستی لق و پۆپی بەرەو
مانگی تەواو هەڵدێنا.

شەو و، کۆڵان و، گوڵ و، دەشت و پەرێز
هەموو گوێی دابووە ئاوازی مەلی شەوئاوێز.

دێتە بیرم کە وتت: "واز لە ئەوینم بێنە!
"وەرە بڕوانە لە ئاو، تۆ لە خورەی ڕامێنە
"وەکوو عیشق تێدەپەڕێ، سەیری کە ئەم ئاوێنە!
"گەر بە عیشقی منە ئەمڕۆ دڵی تۆ دێتە سوێ
"چ دەزانی کە سبەی چیدەوێ، دەتباتە کوێ؟
"تا فەرامۆشی بکەی تۆ کە گرفتاری منی،
"بڕۆ لەم شارە مەمێنە، بڕۆ جێگایەکی دی!"

من وتم: "کوانێ دەتوانم لە ئەوینت لادەم؟
"چۆن بڕۆم؟ خۆ لە نەهاتی سەفەری وا نادەم.
"ڕۆژی ئەووەڵ کە دڵم باڵ و پەڕی گرت بە هەوات
"وەکوو کۆتر دەفڕی دەنگی شەقەی باڵی دەهات،
"هاتە گوێسوانەیی تۆ و ئیدی نەڕۆی، نیشتەوە لات.
" نەڕەوی لێت، نەفڕی ئەو بە هەموو بەردی جەفات."
ئەوەشم وت کە: "وەرە! جوانێ ئەگەر ڕاوچی تۆی،
"ئەوەتا ئاسکی دڵم کەوتە هەواری ڕاوت
"دەر و دەشتان دەگەڕێ
تا بکەوێتە داوت.
"ئەوە داوا مەکە لێم، خۆ لە ئەوینت لادەم
"پێم لە گەڵ نایە بڕۆم، قەت سەفەری وا ناکەم"

لە لقی دارەکەوە، قەترەیێ ئەسرین باری
مەلی شەو ناڵەیەکی کرد لە دڵی زاماری
تەڕ ببوو چاوەکەت و دیم کە نمی تێزابوو
مانگەشەو پێدەکەنی هێندە سەری سوڕمابوو.
دێتە بیرم کە خەمۆش بووی و چ دەنگت نەدەهات
دڵی من مایەوە بۆ حەسرەت و بۆ دەرد و بەڵات
دڵ هەر ئەو کۆتری جاران بوو کە هەڵنەفڕی لە لات.

بە غەم و ناڵە بەسەرچوو شەوەکە و،
بە خەفەت زۆری تریش هاتەوە شەوگاری وا؛
نەبوو جارێ کە بپرسی لە دڵێ لێت ڕەنجا
نەبوو جارێ بە گوزەر بێیەوە بەو ژوانگەیەدا ،

من بەڵام ...
چۆن؟ بە چ حاڵێک
بە تەنێ چوومەوە بەو کووچەیە دا!

**فەرەیدوون موشیری** **و :ناسر حیسامی**

# خاتوونی بەفر

ئەگەر هاتن
بێتوو بۆنی لێوتان
ماچێکی سارد لە سەفەری تابووتێکمدا وەخەبەر بێنێ
لە زاری هیچ گۆڕێکدا دووریتان نادرکێندرێ!

ئەگەر هاتن هەموو بەڕیز
رازی لێبوردەیی ئەستێرە بلێنەوە.
ئەوەی زووش هات،
هەتا دەگاتە تەعبیری ونبووی نەهاتنەوەی تۆ
چەترێک لە تامی دەریا هەڵدا
با خەونەکانی بێ وەی بێ!!

بەخێربێن بۆ پرسەی بزەیەکی بێ نسێ و
گفتوگۆی جوانەرمەرگی نیوەڕێی ئاو..

ئێستا هەموو پێکەوە
لەژێر کفنی هیلاکی «ئیسماعیل»
جلەکانتان لە ٣٢ ماچ هەڵکێشن
بە نەرمایی بزەیەکی چاو لەدووردا تێپەڕبن!
بێ هیچ کۆسپێ
لەسەر قسنەبەردی رۆژباشی ٣٢ ساڵان
تووشی «خاتوونی بەفر» دێن، بەو نیشانە:

[ بەدوو شەتڵی باران
بە چەترێکی پەنا گفتوگۆیەکی تەنیا]

هەموو پێکەوە،
بە دەنگێکی بێ گرێوە بڵێن:

– بەخێر بێی–

لەبیرتان بێ
دەستی لەسەر دڵی پیکەنین دادەنێ و
لێوەکانی تەنیاییەکی بێ پاسپۆرت ئاوالا دەبێ.
ئێوە هەموو..
بێ ئێرەیی بردن،
لە تامی با– بدوێن هەتا..
دەگەنە حەدیسی ئاوێنە و
هەنگاوە بێ جووتەکانی گەرانەوەی نسێ،
هەتا دەگەنە نامە نەنووسراوەکانی ئاو..

لەبیرتان بێ «خاتوونی بەفر»
بە ئەسپایی نووسینەوەی ئەم پیتە غەمگینانە تەمرین دەکا:
ئ
ی
س
م
ا
ع
ی
و – ل
پێبەپێی سەمفۆنیای باران
لە خەونی ئاسماندا خانەنشین دەبێ...

**ئیسماعیل ئیسماعیل زادە**

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
NO: 568 22 okt 2011

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، رۆژنامەی «کوردستان»، رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp:Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 MHz 11604
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC

## بەهمەن قوبادی بە سەرۆکی لێژنەی نێوبژیوانی فیستیڤاڵی فیلمی ئەبوزەبی دیاری کرا

بەهمەن قوبادی، سینەماکاری بەناوبانگی کوردی رۆژهەڵات وەکوو سەرۆکی لێژنەی نێوبژیوانی بەشی پێشبڕکێی «ئافاقی نوێ» لە پێنجەمین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی ئەبووزەبی لە ئیمارات دیاری کرا.

بەهمەن قوبادی، سینەماکاری بەئەزموونی کورد کە سەرۆکایەتیی لێژنەی نێوبژیوانی فستیڤاڵی فیلمی ئەبووزەبیی لە ئەستۆ گرتوە، وێڕای ئەندامانی دیکەی ئەو لێژنەیە ١٢ فیلمی سینەمایی پێشبڕکێی «ئافاقی نوێ» هەڵسەنگاند کە لە وڵاتانی ئەمریکا، هێندوستان، میسر، رۆمانی، مەغریب، ئیمارات، سوئێد، برێزیل، ئیسپانیا، لوبنان، بولغارستان و نۆرویژەوە بۆ ئەو فستیڤاڵە بەرێ کراون.



شایانی باسە کە لەو فستیڤاڵەدا کە لە چەند بەشی جیاوازدا بەرێوە چوو، ١٧٩ فیلم لە سینەماکارانی ٤٢ وڵاتی جیهان پیشان دران.

## پیشاندرانی ژێنۆسایدی کورد لە مۆزەخانەیەکی بریتانیا



مۆزەخانەی شەڕی ئیمپێریاڵ لە بریتانیا سیمینارێکی بۆ باس لە سەر کاریگەریی دیمەنەکان و فیلمەکانی تایبەت بە ژێنۆساید لە وەدەستهێنانی دادپەروەری لە حاڵەتەکانی تاوانەکانی شەڕ و ژێنۆسایدی کورد بەرێوە برد.

لەو سیمینارە کە مۆزەخانەی ئیمپریال بە هاوکاری لەگەڵ گرووپی توێژینەوەی تاوانەکانی شەڕ و کۆلێژی شاهەنشاهی لەندەن پێکی هێنابوو، تاوانەکانی شەڕ، ژێنۆساید، دادگاییکردن و دیمەن و وێنەکانی لە کوردستان پێشان دران.

بەیان سامی عەبدولرەحمان نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بریتانیا لەبارەی ئەو سیمینارەوە خۆشحاڵیی خۆی بەوە دەربڕی کە ئەو مۆزەخانەیە لە نیزیکەوە کار لەسەر ژێنۆسایدی کورد دەکا.

لەو سمینارەدا کۆمەڵێک کورتە فیلم لەسەر ئەنفالی بارزانییەکان لە ساڵی ١٩٨٣ و بۆمبارانکردنی هەڵەبجە بە چەکی شیمیایی و قۆناخەکانی یەکەمی ئەنفال پیشان دران.

پرۆفیسۆر برایەن بریڤاتی، یەکێک لە کارگێڕانی ئەو سمینارە رایگەیاند کە جیهانی دەرەوە و بگرە لە نێو عیراقیش ئاگایان لەوە نەبوو کە لە سەردەمی سەدامدا چی بە سەر کورد هات،. بەڵام ئەوەی رووی دا ئەوە بوو کە کورد لە دەیەی ٨٠ ی زاییینیدا ژێنۆساید کرا.

## کرانەوەی کۆلیژێک بە زمانی کوردی لە یەکێک لە زانکۆکانی تورکیە

بۆ یەکەمین جار لە مێژووی تورکیەدا کۆلیژێک بە زمانی کوردی لە یەکێک لە زانکۆکانی ئەو وڵاتە دا دەکرێتەوە.

بە گوێرەی هەواڵی هەواڵدەرییەکانی تورکیە ئەو کۆلیژە تایبەت دەبێ بە کارناسی و لێکۆڵینەوە لە زمانی کوردی و هەموو وانەکان تێیدا بە زمانی کوردی دەگوترێنەوە.

ئەو کۆلیژە لە زانکۆی «ئارث ئوکلو» ی شاری ماردین و سەرەتا بە ٢٠ خوێندکار دەست بە کارەکانی دەکا و لە هەنگاوەکانی داهاتوو دا ژمارەی کورسییەکانی زیاد دەکرێن.




شایانی باسە کە ئەو هەنگاوانەی حکوومەتی تورکیە لە ژێر ئەو فشارە نێودەوڵەتییانە دایە کە بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانی گەلی کورد لە باکووری کوردستان و نیزیکبوونەوە لە ئەندامەتیی یەکیەتیی ئورووپا خراوەتە سەر ئەو حکوومەتە.

## بەرێوەچوونی فیستیڤاڵێک بۆ یادی هونەرمەندی ناودار تاهیر تۆفیق

رێکەوتی ٢٠ئۆکتۆبر بە بەشداری هونەرمەندی گۆرانیبێژ عەدنان کەریم و چەند گرووپی موسیقای دیکە فێستیڤاڵێک بۆ یادی تاهیر تۆفیق هونەرمەندی بەرزی گەلەکەمان بەرێوە چوو.

ئەم فیستیڤاڵە کە لە لەیەن تیپی موسیقای باواجی کۆیەوە ئامادەکاریی بۆ کرابوو بە بەشداری هەر یەک لە گرووپەکانی کێژانی سلێمانی، تیپی میوزیکی دهۆک، تیپی میوزیکی کەرکووک زیاتر رازایەوە.. لە بەرنامەکانی فێستیڤاڵدا چەندین گۆرانی و لێکۆڵینەوە لە سەر هۆنەری تاهیر تۆفیق پێشکەش کرا.



تایەر تۆفیق، رۆژی ١٩٨٧/١٠/٢٠ بەنەخۆشیی کۆچی دوایی‌کردووەو نازناوی (هونەرمەندی گەل)ی پێدراوە. جگە لەگۆرانی ئەویندارییی، چەندین گۆرانیشی بۆ وڵاتپارێزی و خۆراگری نەتەوەیی گوتووە بەنێوبانگترینیان (شیرین بەهارە)یە کە شیعری سیاسەتوان و رۆماننووس وشاعیر (ئیبراهیم ئەحمەد)ە

## بەبۆنەی رۆژی وەرزش کۆبوونەوە و رێپێوانی خێزانی لە مەهاباد، شنۆ و سەرپێڵی زەهاو

رۆژی هەینی، ٢٩ی رەزبەر بە بۆنەی حەوتووی « تەربییەت بەدەنی» و رۆژی وەرزش»، کۆبوونەوەی شاخەوانی لە مەهاباد و کۆبوونەوەیەکی رێپێوانی بنەماڵەیی لە شنۆ و سەرپێڵ بەرێوەچوو.

کۆبوونەوەی شاخەوانی شاری مەهاباد، کاتژمێر ٦ی بەیانی رۆژی هەینی بە بەشداری زیاتر لە ٤٠٠ کەس لە پارکی میللەتی ئەو شارەوە دەستی پێ کرد و تا ئاوایی «سێ کانیان» درێژەی کێشا.

لە کۆبوونەوەکەی رێپێوانی شاری شنۆ بەشداران مەودای ٥ کیلۆمیتریی نێوان مەیدانی «گێلاس» تاکوو مەیدانی چیمەنی وەرزشی شنۆیان بە پێ بڕی.

شایانی باسە کە رێپێوانی بنەماڵەیی لە سەرپێڵی زەهاویش بەرێوەچوو.



لەو کۆبوونەوەیەدا، زیاتر لە ٣٠٠٠ کەس لە بەشداران،ژن، پیاو، منداڵان و مێرمنداڵان و کەسانی تەمەن مامناوەند و بەساڵاچووان، مەودای سێ کیلۆمیتریی نێوان مەیدانی بە ناو خومەینی تا پارکی جەنگەڵیی ئەو شارەیان بە شێوەیەکی رێک و پێک بڕی.




بەر لە ماڵاوایی

## سەرۆکایەتی یا پارلەمانی؟!
## (لە پەراوێزی سەفەری خامنەیی بۆ کرماشان)

وریا رەحمانی

یەکێک لە گرینگترین رووداوە سیاسییەکانی ئەو ماوەیەی رابردووی نێوخۆی ئێران سەفەری خامنەیی بوو بۆ ئۆستانی کرماشان، کە لە چەندین رەهەندی جۆراوجۆرەوە دەکرێ هەڵوێستەی لە سەر بکرێ و بخوێندرێتەوە. ئەوەی کە بۆچی لەو هەلومەرجە تایبەتەدا خودی خامنەیی وەک رێبەری ئایینی و سیاسیی نیزام بۆ ناوچەیەکی وەک کرماشان کە بارودۆخی تایبەتیی خۆی هەیە دەچێ و کۆمەڵێک باس و پرسی گرینگی گشتی و وردی سیاسی دەورووژێنێ، تایبەتمەندییەکی سەرنجراکێشی پێدەبەخشێ. وەک دیارە و نەریتی کۆماری ئیسلامی‌یە هەموو جارێک لە بەرەبەری هەڵبژاردنەکان دا دەسەڵات بۆ گەرم کردنی تەندووری هەڵبژاردن و رکابەرییەکانی هەڵبژاردن لە کۆمەڵێک فاکتۆر و گەمەی سیاسی کەڵک وەردەگرێ و بەم شێوەیە لە هەوڵی کڕینەوەی چەشنێک لە مەشرووعییەتی زیمنی بۆ خۆی دەگەڕێ. ئەوە لە حاڵێکدایە کە لەم چەند ساڵەی رابردوودا و بە تایبەت دوای هەڵبژاردنی دەیەمی سەرۆک کۆمارییەوە ئەحزاب و رێکخراو و هەڵوێستە سیاسییەکانی کوردی ئاراستەیەکی گرینگ و تایبەتیان بە ناوچەگەلێکی وەک کرماشان و ئیلام، کە زاراوە و مەزهەبی تایبەتیی خۆیان بە نیسبەت ناوچەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستان هەیە، بەخشیوە.

دیارە هەڵوێستی کوردی لە هەوڵی کەمڕەنگ کردنەوەی جیاوازییەکان (بەتایبەت مەزهەب) و بەرجەستە کردنەوەی وێکچوونیەکان دایە و ئەگەرچی درەنگ بەڵام بە گشتی ئاوڕێکی شایانی لەم بەشە گرینگ و کاریگەرەی کوردستان داوەتەوە. پڕدیارە کە پاتەکی رێژیم لەم پێوەندییەدا رێک بە دژی هەڵوێستی کوردی‌یە و بە پێچەوانەوە بوونی خۆی لە نرخاندن و گەشەی هەستی مەزهەبیی تایبەتی ئەو ناوچەیەدا دەبینێتەوە. رێک لێرەدایە کە دەورو پێگەی سیاسی و مەزهەبیی خامنەیی وەک رێبەری نیزام شوێنی خۆی دەدۆزێتەوە و بۆ بەرپەرچدانەوەی هەرچی زیاتری هەڵوێستی کوردی وەگەڕ دەکەوێ. هەوڵی سەرەکیی خامنەیی ئەوەیە کە وەک رێبەرێکی ئایینیی شیعیی فەرانەتەوەیی سەرنجی دووبارەی خەڵکی ئەو ناوچەیە بەرەو خۆی و حکوومەتە ئیسلامییە شیعییەکەی رابکێشێتەوە و لەم پانتاییە مێتافیزیکی‌یەدا لەگەڵ وەرگرتنەوەی بەیعەتێکی دووبارە لەو کاناڵە تایبەتەوە بە سەر هەست و ئیرادەی نەتەوەیی خەڵک دا زاڵ بێتەوە و هەوڵەکانی ئەحزاب و هەڵوێستی نەتەوەیی کوردی لەم بەستێنەدا مایەپووچ بکاتەوە.

بەشێکی دیکەی سەفەرەکەی خامنەیی و ئەو وتار و لێدوانانەی کە لەوێ پێشکەشی کردن رووی لە کێشە و گرفتێکی سەرتاسەریتری نیزام بوو کە پاش هاتنە سەرکاری ئەحمەدی‌نژاد و دارودەستەکەی وەک سەرۆک کۆمار بە شێوەیەکی مۆتەناوێب و لە شکڵی جۆراوجۆردا بەربینگی نیزامی گرتۆتەوە. ئەحمەدینژاد و دەوروبەرییەکانی و بەتایبەت رەحیم ماشایی ماوەیەکە باس لە روانینێکی نوێ بۆ سیستمی دەسەڵاتداریتی و جیهان‌بینییەکی تایبەتی ئیدیۆلۆژیک دەکەن کە نەتەنیا هاوتەریبی رەوتی گشتیی فەلسەفی و پێکهاتەییی تا ئێستای کۆماری ئیسلامی نیە بەڵکوو بە پێچەوانەوە لە هەندێک بواری هەستیار و گرینگی تایبەتدا رێک لە بەرامبەری دا دەوەستێتەوە. ئەگەر خامنەیی و رێژیمی ویلایەتە فەقیهییەکەی لەگەڵ سەرۆک کۆمارەکانی پێشووی وەک رەفسەنجانی و خاتەمیش دا رەنگە زۆر کۆک نەبووبن ئەوە بەمشێوەیەی ئێستا نەبووە و کێشەکە ئەم ئاقارەی نەپێواوە.

کێشەی رەفسەنجانی و خاتەمی لەگەڵ ئیرادەی ویلایەتی فەقیهـ زیاتر کێشەیەکی کرداری بووە و خوێندنەوەی جیاواز و چۆنێتیی بەرێوەبردنی وڵات و میکانیزمی دابەشکردنی دەسەڵاتی لە نێو توێژە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵات دا دەگرتەوە. کەچی گرفتی ئەم جارە کێشەیەکی ماهییەتی‌یە و باس لە جیهان‌بینیی جیاوازی تاقمی ئەحمەدینژاد و مەشایی لەگەڵ کاربەدەستان و تیۆریسییەنانی تا ئێستای کۆماری ئیسلامی دەکا.

دید و نرخاندنی جیاواز و پێچەوانەی ئەو تاقمە بە نیسبەت دوو چەمکی سەرەکیی ئێرانی بوون و ئیسلامی بوونەوە لە بەرامبەر تاقمی دەسەڵاتدارتری ویلایەتی فەقیهـ کێشەیەکی دەروونی و دژبەرانەتری لە پێکهاتەی کۆماری ئیسلامی دا پێک هێناوە کە خۆی لە ئاراستەی جیاوازی ئیسلامی ئێرانی لە بەرامبەر ئێرانی ئیسلامی دا دەدۆزێتەوە. لەم هەڵوێست و جیهان بینییە نوێیەدا ناوەندێتیی سەرنج لە ئیسلامیگەرییەوە بەرەو ئێرانیگەری دەگوازرێتەوە و ئێران دەبێتە ئەو بەستێنەی کە ئیسلامی تێدا پێناسە دەکرێتەوە. لەم گۆڕەپانەشدا فەرهەنگ و شارستانییەتی ئێرانی میحوەرییەتێکی دووبارە پەیدا دەکاتەوە و ئاستی کەڵکداربوونی ئیسلامێکی خوازراوی ئەم بیرۆکەیە لەم بازنەیەدا پێناسە دەکرێتەوە. لێرەدا ئیتر ویلایەتی فەقیهـ و رووحانییەتی شیعی ئەو کارکرد و پێگەیەی خۆی نامێنێتەوە و مەرکەزییەتەکەی لە دەست دەدا و لە چوارچێوەیەکی ئەبزاری و کاربوردی‌تر دا دەمێنێتەوە.

بە لەبەرچاوگرتنی کاردانەوە و بەرفراوانیی شەپۆلەکانی ئەمجۆرە بیرۆکەیە و خۆتەیارکردنی باڵی ئەحمەدینژاد و مەشایی بۆ پاوان و قۆرخکرنی هەرچی زیاتری دەسەڵات و مەترسییە حاشاهەڵنەگرەکانی ئەو رەوتە بە نیسبەت باڵی ویلایەتی فەقیهـ و رووحانییەتی سوننەتیی شیعەوە، خامنەیی لە تازەترین لێدوانی سیاسیی خۆیدا لە ئۆستانی کرماشان باس لە ئەگەری گۆڕینی سیستمی بەرێوەبەرایەتیی نیزام لە سەرۆکایەتیەوە بۆ پارلەمانی دەکات. خامنەیی زۆر راشکاوانە ویلایەتی فەقیهـ و دەسەڵاتی رووحانییەتی شیعەی وەک ئەسڵێکی نەگۆڕ لە سیستمی کۆماری ئیسلامی دا باس کرد و سیگناڵێکی پڕ لە تووڕەیی و هەڕەشەی بۆ ئەحمەدینژاد و باڵەکەی (رەوتی چەواشە) نارد و هەوڵی دا کە وەک رێبەرێکی بەهێز و خاوەن هەڵوێست دەربکەوێ کە توانایی ئەوەی هەیە لە هەلومەرجە جیاوازەکان دا بە پێی خواست و چوارچێوەکانی خۆی نیزام کۆ بکاتەوە. دیارە کە بە پێی عورفی سیاسیی ئێران سەرۆک وەزیر کە لە ئاکامی سیستمی پارلەمانی دا بەرپرسایەتیی بەرێوەبردنی وڵاتی لە ئەستۆدا دەبێ، ئەو دەسەڵات و بواری مانۆڕەی نیە کە سەرۆک کۆمارێک هەیەتی. ئەویش یەکی وەک ئەحمەدینژاد کە لە دنیایەکی جیاوازەوە سەیری وڵات و سیاسەت دەکات.

ئایا خامنەیی ئەم هەڕەشەیەی بە ئەنجام دەگەیێنێ و سیستمی بەرێوەبەرایەتیی سیاسیی وڵات لە سەرۆکایەتیەوە دەبێتە پارلەمانی؟

ئایا ئەحمەدینژاد و باڵەکەی کۆڵ دەدەن و پاشەکشە دەکەن یا پێ‌قایمتر جیهان‌بینی و ئەندێشەکانی خۆیان دەسەپێنن؟

لە ئەگەری پاشەکشە یا نەکشانەوەی یەکێک یا هەردووی ئەم رەوتانە لە فەزای سیاسیی ئێستا و داهاتووی ئێران دا چی روو دەدا و پاشهاتە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ئەم بەربەرەکانییە چی دەبن؟